

# ئاشنابوون بە
# یۆرگن هابرماس


سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a.bazgr@gmail.com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان ڕەئوف
lukmanraoof@yahoo.com
07701369792
تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

## بیبلۆگرافیای پ. د. یورگن هابرماس

ئا: لوقمان رەئوف

– لە 1929/6/18 لەشارد (دوسلدورف)ی پایتەختی ویلایەتی باکوری راین و وستفالیا لە ئەڵمانیا لەدایکبووەو لە خێزانێکی پرۆتستانی پەروەردە بووەو یەکێکە لە رابەرانی گوتاری فەلسەفی رەخنەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوچەرخ .

– قۆناغەکانی خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواوکردووە.

– 1949 1955– وانەی لە زانکۆکانی گوتنجین، زیوریخ، بۆن، وتوەتەوە.

– 1954بڕوانامەی لە فەلسەفەدا لە زانکۆی بۆن بەدەستهێناوەو تێزەکەی بە ناونیشانی (ناونیشانی رەهاو مێژوو لەبارەی دژیەتی لە بیری شلینگ دا) و لە لیژنەی گفتوگۆشدا (ئەریک روزاکیر، ئۆسکار بیکر) ئەندام بوون.

– 1956 وانەی فەلسەفەو زانستی کۆمەڵناسی لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە سەرپەرشتی تیۆرسینەکانی وەک ماکس هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ وتوەتەوە.

– 1956 وەک یاریدەدەری لێکۆڵینەوەکان لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە فرانکفۆرت کاریکردووە.

– دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە (ماگدبۆرگ) بە سەرپەرشتی (فولفگانک) و هانس گیورگ گادامەر داوایلێکرد لە زانکۆی (هایدلبیرگ) کاری لەگەڵدا بکات.

1961– بوو بە مامۆستا لە زانکۆی بورج.

– 1964 گەڕایەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت، چونکە ئادۆرنۆ داوای لێکردبوو، بۆئەوەی کورسیەکەی هۆرکهایمەر لە بواری فەلسەفەو زانستی

کۆمەڵناسیدا پڕبکاتەوە.

– 1964 بوو بە پرۆفیسۆر لەبواری فەلسەفەو کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی فرانکفۆرت.

– 1971 – 1980 بوو بە بەڕێوەبەری پەیمانگەی ماکس بلانک لە (ستیرنبیرج) نزیک میونخ بۆ لێکۆڵینەوەی باری ژیانی جیهانی و زانستی و تەکنیکی لە (ستارنبیرگ).

– 1980 وەرگرتنی خەڵاتی (ئادۆرنۆ) لەبارەی پرۆسەی (مۆدێرنەی تەواونەکراو).

– 1984 گەڕایەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت و بوو بە بەڕێوەبەری پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی.

– 1993 لە قوتابخانەی فرانکفۆرت خانەنشین کرا.

– 2004 بەهۆی ئەوەی ماوەیەک پەیوەندی بە رێکخراوی لاوانی حربی نازییەوە کردووە، رووبەڕووی رەخنە بوویەوە.

– 2007 رۆژنامەی ئیگناتیۆس گفتوگۆیەکی نێوان هابرماس و پاپای ڤاتیکان (بنیدیکتی شانزە بەناوی (مشتومڕی سکولاریزم) بڵاودەکردەوە، گرنگی و دەنگێکی باشی هەبوو.

– تا ساڵی 2007 خاوەنی (27) کتێبی سەرەکی و گرنگە.

– 2012/6/18 تەمەنی بوو بە 83 ساڵ و تا ئێستاش لە ئەڵمانیا دەژی.

## یۆرگن هابرماس
## رووکردنە تیۆریی رەخنەیی

نیکۆلاس دەیڤی
وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد

یۆرگن هابرماس، لە ساڵی (1929) هاتوەتە دنیاوە ، یەکێکە لە کاریگەرترین و سەربەخۆترین هزرڤانی فێرگەی فەلسەفەیی فرانکفۆرت. ئەو هەوڵیدا گۆڕان لە سیستمی مارکسیزمدا بکات و رووەو رەخنەی کلتوری و ئایدیۆلۆژیی ئاراستەی بکات. لە ساڵی (1956) لە زانکۆی فرانکفورت پەیوەندی لەتەک ئادۆرنۆدا گرت و لە ساڵی (1964)، کورسی فەلسەفەی لەو زانکۆیە وەرگرت. بەدرێژایی بیست ساڵی کۆتایی، توێژینەوەکانی لەبارەی هزرینی مارکسیستی–وەکو رەخنەیەکی ئایدیۆلۆژیی–پەرەپێدا و لەتەک لێکۆڵینەوەی ئەو هۆکارە کلتوری و سیاسییانە کەوتە خەریکگەرییەوە، کە دەبوونە هۆی لادان و دابڕانی کۆمەنیکاسیۆنی (پەیوەندی) مرۆیی. دیارترین کاریگەری ئەو لە فەلسەفەی هاوچەرخی ئەوروپاییدا توێژینەوەکانییەتی لەم بوارەدا. ئەو لە توێژینەوەکانیدا هەوڵیداوە ئەوە بخاتەڕوو، کە پێکهاتە تەواوخوازەکانی ئاوەزگەرایی لەتەک ئەو روانگە زۆرانەی رووەو حەقیقەت ئاراستە دەگرن، هەموویان لە نێو خاوەندارێتی ئێمەدا هەن. ئەوانە هیچیان نە پەیوەندییان بە راستەقینەیەکی دەرەکییەوە هەیە و نە رەنگدانەوەیەکیشن لەو راستەقینەیە، بەڵکو لە گوتارە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوە دەگرن، کە «ژینجیهان» پێکدەهێنن. نیشاندانی ئەم پنتە زۆر گرنگە، کە زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەو فۆرمی مشتومڕیان هەیە، و ئەمەشی لەتەک فەیلەسوفانی هاوچەرخی خۆی ئەنجامی داون. چەندین نموونەی ئەم مشتومڕیان لەبەشەکانی دواتری ئەم نوسینەدا باس دەکەین.

## پێشگوتن: زەمینەیەکی رەخنەکاری

بەهۆی ئەوەی هابرماس باوەڕیی وابوو ناحەقیقەت ، چ کەسەکی بێت، یاخود سیاسیی، هاوواتای چەپاندنە، ئەوا ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەم وەکو یەکێک لە مەزنترین جەنگاوەرانی فەلسەفەیی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دەربکەوێت. ئەو دەجەنگی، هەروەها بۆ چەندین جەنگی گەورەش بانگکراوە و لە زۆرینەی گفتوگۆ و دانوسنانە کاریگەرە فەلسەفەییەکانی هاوسەردەم بەشداریدەکرد. لە هەوڵەکانی ئەودا دەردەکەوێت هەر لە «تیۆریی رەخنەیی»یەوە تا دەگاتە ئازادکردنی هزرینی مارکسیستی لە لێکدانەوەی ستالینی و رووبەڕووبوونەوەی دژ بە کەموکورتیی نیهیلیستیانە لەبارەی لێهزرینی دیکۆنستراکسیۆن ، کە ئەو فەیلەسوفێکی کاریگەر بووە و هەوڵیداوە ئەم بابەتانە بەرەو بەها رزگارکەرەکانی حەقیقەت و ئایدیالیی کۆمەنیکاسیۆنێکی لانەدراو، ئاراستە بکات. ئەوەی لێرەدا پێویستە، ئەمەیە کە خوێنەرانی ئەنگلۆ-ساکسۆن، لەکاتی خوێندنەوەی هزرەکانی هابرماس، چاوەڕوانییەکانی خۆیان کەمێک گۆڕان پێبدەن. روون و ئاشکرایە بوارە بەربڵاوە فەلسەفەییەکەی ئەو رەنگدانەوەیەکی جدییە بۆ بەشداریکردن لە دیالۆگە فەلسەفەییە گشتییەکان لە ئاڵمانیای سەدەی بیستەمدا. لە هەمووی گرنگتر، ئەم بوارە گشتگیرە نیشاندەری دژبەریی هابرماسە لەتەک سیستمی لێهزرینی ریدۆکسیۆنانە ، کە هەمیشە پەیوەست کراوە بە فەلسەفەی ئاڵمانییەوە. هابرماس قبوڵی ئەوە دەکات، کە بە سەختی کەوتۆتە ژێر کاریگەری لێهزرینی سۆکراتییەوە لەبارەی فەلسەفە. سۆکرات فەلسەفەی بە گوتارێکی کراوە دەزانی و هزرەکانی هابرماس بەبێ چاوەڕوانی گفتوگۆ، کارەکانی هەڵگری چەندین گۆڕانی دلێرانەن. ئەو بەدوای گفتوگۆدا دەگەڕێت و گوتارە کراوەکەیشی نیشاندەری ئەم شێوازە هزرینەی ئەوە، کە پارادۆکسی هۆشمەندانەی پڕ لە کێشمەکێش و دژبێژی، دەگۆڕێن بۆ چەندین رەهەندی پۆتەنسیەلیانەی پێشبینینەکراو لە نێو مشتومڕکردنێکی درێژدا. هابرماس پێشوازی لەم پارادۆکسانە دەکات بەهۆی باوەڕبوونی بە توانستی هێنانەئارای ئاوەزگەراییەکی ئازاد.

لە بەشەکانی دواتردا، ئێمە لەتەک بنەما جۆراوجۆرە هزرییەکانی هابرماس خەریک دەبین، بەڵام ئەم دڵنیایی و ئاسودەییەی بەهۆی راڤەکردنی هابرماسەوە

دەستەبەر دەبن، نابێت لەتەک ریالیتیدا تێکەڵی بکەین. هزرینەکانی ئەو بەو ئەندازەیەی چەندین کرۆکی وابەستەی یەکتریان هەیە، رەوت و گۆڕانێکی روون و ئاشکرا نیشان نادەن و هاوکات بوونی ئەم کرۆکانەیە، کە دەبنە هۆی کۆمەنیکاسیۆن و پەیوەندییەکی تەواوی کێشمەکێشمەکانی ئەو. ئەم کرۆکانە بەرگرییەکن لە بەرانبەر هەوڵە زانستی و سیاسیی و فەلسەفەییەکان بۆ قۆرخکردنی زانین و حەقیقەت، و ئەمانە بۆچوونی هابرماس سەبارەت بە کۆمەنیکاسیۆنی کراوە و لانەدراو نیشاندەدەن، کە بە نۆڕینی ئەو بە ئامرازێک ئەژمار دەکرێن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. ئەم کرۆکانە، هەروەها نیشاندەری بۆچوونەکانی ئەوە سەبارەت بەم پرسە، کە رەخنەگرتنێکی هۆشیارانە لە ناحەقیقەت، تاکە رێگەی شیاوە بۆ گەیشتن بە چڤاتێک لە روانگەی هزرییەوە کراوە و لە روانگەی سیاسییەوە ناچەپێنەر و ناسەرکوتکەر بێت.

چارەنووس، نادادپەروەرانە و ناباو نییە، ئەویش ئەگەر لایەنگرانی مۆدێرنیتی سەرەنجام وەکو ترادیسیۆنالیستەکان رادیکالیانە دەرکەوتبن (و لەم شێوەیەدایە مۆدێرنیتی بریتییە لەو فێرگەیەی، کە دوای سەدەی هەژدەهەم هاتە ئارا و بە زەرورەت دابڕانێکی جدی بوو لە رابوردوو بۆ ئەوەی بتوانێت سروشتی پەرەسەندنی مێژوو، زانین و حەقیقەت بەرەوپێش بەرێت). ئەگەرچی پەیوەندی هابرماس لەتەک تیۆریی رەخنەیی مارکسیزم لە ساڵەکانی سەرەتادا، ئەوی خستە نێو ئاراستەی چەپی دێباتی خوێندکارانی دەیەی (1960)، بەڵام لە روانگەی زۆرێک لە فەیلەسوفان (بەتایبەت وەکو هابرماس)، «تیۆریی رەخنەیی» پەیوەندیی لەتەک ترادیسیۆنیی کلتوریی و فەلسەفەیی ئاڵمان هەبوو لە سەدەی نۆزدەهەمدا–ئەو ترادیسیۆنەی بزووتنەوەی نازیزم، بە توندی پەیوەندی لەتەکیدا پچڕاندبوو. هزرینە مێژووییەکانی ئەم هابرماسە «رادیکالە»، تاڕادەیەک بووە هۆی ئەوەی هزرینەکانی شێلینگ (1775–1854) و فیختە (1762–1814) بێنەوە نێو دانوستانی فەلسەفەیی ئاڵمانی. سەرباری ئەمە، پەیوەندی لەتەک «تیۆریی رەخنەیی» و هەروەها رەتکردنەوەی ئاشکرای بۆچوونەکانی هایدێگەر لەلایەن ئەوەوە، بە هەڵە ئەم روانگەیەی هێناوەتە ئاراوە، کە دابڕان و درزێک لەنێو رەخنەی هابرماس و پێگەی زانستی هێرمیونیتیکی فەلسەفەیی هێناوەتەئارا. کاتێک

ئەو بابەتانەی جێ ناکۆکین-کە لەبارەیانەوە هەڵەتێگەیشتن دێنەپێشێ- وەکو لێدوان دەربکەون، ئەوا هەندێک تایبەتمەندی هاوشێوە خۆیان زیندەکەنەوە. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی پێتی هاوبەش لە نێوان هایدێگەر و هابرماسدا: هەردووکیان نیگەرانی هەژموونی بڵاوبوونەوەی ئاوەزگەرایی تەکنیکین. ئەوان خوازیاری گەیشتن بە کراوەیی سەبارەت بە حەقیقەت. هابرماس ئەمە بە فۆنکسیۆنی(ئەرکی) گوتار دادەنێت، لەکاتێکدا هایدێگەر ئەوە بە مەرجێکی بوون دەبینێت. لەوانەیە ئێمە تا ئەو ئاستە لەم ناکۆکییە نزیک ببینەوە، کە نەتوانین ئەم توانستە پەسەند بکەین، کە هزرینەکانی هابرماس و هایدێگەر، هەردووکیان لە ترادیسیۆنیی فەلسەفەی ئاڵمانیدا، پەیوەندییەکی هەمەلایەنیان لەتەک یەکتریدا هەیە.

**حەقیقەتی نەدۆزراوە: هابرماس و «تیۆریی رەخنەیی»**

ئەگەرچی هابرماس هۆشداریمان پێدەدات پشت بەست نەبین بە پەیوەندییە هزرییەکانی ئەو لەتەک ئادۆرنۆدا، بەڵام بێ هیچ گومانێک، «تیۆریی رەخنەیی» بووەتە هۆی بەرەوپێشچوونی هزری هابرماس لەبارەی دەستەڵاتە رزگاریبەخشەکانی ئاوەزگەرایی. تیۆریی رەخنەیی (کە بە فێرگەی فرانکفورت ناسراوە)، دوو قۆناغی مێژوویی هەبوو. یەکەمین هەنگاو لەتەک دامەزراندنی «پەیمانگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی» لە زانکۆی فرانکفورت دەستپێکرد لە ساڵی (1928)، ئەندامانی ئەم پەیمانگایە بریتی بوون لە هۆرکهایمەر ، فرۆم ، لۆیڤێنتال و مارکوزە ، پاشان ئادۆرنۆش هاتە نێو پەیمانگاکەوە. هەموو ئەندامانی پەیمانگا بە پۆتانسیەلێکی مارکسیستی باو لەم فێرگەیەدا، زێتر وەکو ئامرازێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی لەم بوارەیان دەڕوانی نەک وەکو ئامرازێک بۆ بەرگریکردن لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. دەرکەوتنی هیتلەر، بووە هۆی بەربڵاوبوونی ئەم پەیمانگایە و لە میانەی ئاوارەییان لە ئەمەریکا، ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر بە نوسینی تێکستی سەرەتایی «تیۆریی رەخنەیی» خەریکبوون و سەرەنجامی ئەم نوسینەش کتێبێک بوو بە ناوی «دیالەکتیکی رۆشنگەری» (1947)، کە بۆ هەمیشە کاریگەریی لەسەر بەرهەمەکانی هابرماس بەجێهێشت.

مارکسیزم لقێکی دیکەیە لە فەلسەفەی ئایدێنتیتی هێگل: سەبژێکت

(چەشنی مرۆڤ) پێویستە لەخۆی نامۆ بێت، بۆ ئەوەی خۆی بناسێت. چێوەی تەکنۆلۆژیی مارکس بە تێگەیەکی کۆنکرێتی لە چەشنی مرۆڤ دەستپێدەکات و ئەمەش دانانی مرۆڤە وەکو «توانست»ێک، ئەو توانستەی لە نێو خۆیدا پۆتانسیەلێکی داهێنەرانەی نەناسراوی هەیە و تەنها بە پرۆسیسی نامۆکردنی کارەوە ئەگەری دەرکەوتنی هەیە. بەرهەمهێنانی میکانیزمە زەرووریەکان بۆ مانەوە، تاکەکان ناچار دەکات وەکو کارخانەی کاڵاکان لە کاری خۆیان بڕوانن نەک وەکو میکانیزمێک بۆ «بنەڕەتی خۆ»یان، کە دەبێتە هۆکاری هەرچەند زێتر نامۆبوونی ئەوان. تەنها بەهۆی بڕیاردان لەبارەی کێشمەکێشمە باوەکان لە بازاڕی کاڵا و سەروەربوون بەسەریاندایە، کە تاکەکان دەتوانن دووبارە ببنە خاوەنی بەرهەمی کاری خۆیان – ئەو بەرهەمانەی دیاردەیەکی ئۆبژێکتی و دەرەکین لە پۆتانسیەلی داهێنەرانەی ئەوان. ئەگەرچی شکستی بزووتنەوەی کاری ئەمەریکا و لادانی ستالین لە شۆڕشی رووسیا، ئەو باوەڕەی لای ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر دورستکرد، کە سیاسەتی باو لە پرەنسیپە هزرییەکانی مارکسیزمدا، سیاسەتێکی ناکارایە، بەڵام ئەوان تێگەیشتنی مارکسیستیان بۆ حەقیقەت پاراست. باس لە تێگەیشتنی مارکسیزم بۆ حەقیقەت دەکەن وەکو «پێگەیەکی مێژوویی، کە هێشتا نەناسراوە»، ئەو پێگەیەی تێیدا مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ شتێک، کە بە راستی هەیە. ئەم پێگەیە، پێوەرێکی ئایدیالی دەئافرێنێت و دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ لادان لە نۆرمەکان و لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەکارانەی فاکتەرە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان – ئەو فاکتەرانەی ماسکیان بە حەقیقەتەوە لکاندووە. بەهۆی ئەوەی توانستی تاک بۆ دیاریکردنی پۆتانسیەلی داهێنەرانەی لێرەبوونی خۆی، پەیوەندی بە پێوەری ئازادی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ئەوا رەخنەی ئایدیالیستی ناتوانێت جودا بێت لە رەخنەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی. هەلومەرجە ئایدیالییە وەسفکراوەکان لە بەرهەمەکانی هابرماسدا لەبارەی کۆمەنیکاسیۆنە لانەدراوە باوەکان لە توانستە ئازادیی و رەخنەییەکاندا، دەرەنجامی بوونی رەگ و ریشە مارکسیستییەکانە لەم بەرهەمانەیدا.

ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر، لە کتێبی «دیالەکتیکی رۆشنگەری»دا، سەرنجی خۆیان لە رەخنەکردنی مارکسیستی بۆ کارەوە دەگوازنەوە بۆ [رەخنەکردنی

ئاوەزگەرایی مرۆیی. سەرکوتکردن تەنها یەک فاکتەری سیاسیی نییە، بەڵکو نیشانەکانی نەخۆشیی چەشنێک ئاوەزگەراییە. دەرەنجامی سروشتی دەستەڵاتی زانستی بەسەر سروشتدا لەگەڵ کۆمەککردنی لەلایەن ئاوەزگەرایی خۆرئاواییەوە، لە راستیدا بریتییە لە سەرکوتکردنی تاک. دیاردانی ئەو چڤاتەی لەسەر بنەمای تەکنۆلۆژیی دیسپلینکراو بنیاد نرابێت، پێویستی بە پەیڕەوی و گوێڕایەڵی تاکەکان هەیە. «دیالەکتیکی رۆشنگەری» وێنەیەکی کائۆسی لە چڤاتی کەپیتالیستی پەرەسەندوو نیشان دەدات، کە ئاوەزگەرایی زانستی، شێتانە دێتەپێشێ و تێیدا بوونی مرۆڤەکان، تاکگەرایی ئەوان و ژیانی رازاوەی ئامازۆن و بەلوچستان پێشێل دەکات. یەکێک لە دەستکەوتەکانی هابرماس بریتییە لە دوورکەوتنەوە لەم رەشبینییانە و پێشنیارکردنی ئەم بابەتەی، کە گوتاری ئاوەزگەرایی دەتوانێت ببێتە هۆی بەمرۆییبوونی گشتێتی داخوازییە ئاوەزگەراییەکان - واتا لە نێوان خەڵکیدا، وەها ئاوەزگەراییەکی کۆنترۆڵنەکراو جێکەوت بکرێت.

دیالەکتیکی رۆشنگەری لە دەیەی (1960)دا، پێگەی کتێبێکی بەرجەستە و کلاسیکی وەرگرت، نە تەنها هەواڵی گەڕانەوەی نووسەرەکانی بۆ ئاڵمان دەدا، بەڵکو نیشانەی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی زانکۆیی ئاڵمانیش بوو، ئەو بزووتنەوەیەی توورەبوو لەوەی چۆن «پەرچووی ئابووری ئاڵمانی» سوودی لێوەرگیرابوو بۆ ئەوەی رەخنەگرتن لە رابوردووی نازیزم بێدەنگ بکرێت. ئەم کتێبە بە نموونەیەک لە هەژموونێکی شاراوە ئەژمار دەکرێت لە رەخنەکردنی پۆزەتیڤیزمی زانستیدا، هەروەها دەتوانین ئەم کتێبە پەیوەست بە ئاستێکی دوورو درێژی تێکستی ئەژمار بکەین، کە تەرخانکراوە بۆ لێتوێژینەوە لەبارەی ناکۆکییە مێتۆدۆلۆژییەکان لەبارەی زانستەکان، و هەروەها لە نێوانیاندا، زانستە سروشتی و مرۆییەکان. هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ جەختیان لەسەر دامەزراندنی مێتۆدۆلۆژییەکی سەربەخۆ نەدەکردەوە لە هێرمیونیتیکدا، بەڵام بڕیاریاندا بەرگری لە هێرمیونێتیک بکەن دژ بە لێهزرینی تەکنۆلۆژیی. ئەم لێهزرینانە هەوڵی بەجیهانیکردنی خۆیان دەدا وەکو تەنها فۆرمێکی ئاوەزگەرایی شیاو. هوسەرل، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرهەمە سەرەتاییەکانی ئادۆرنۆ هەبوو، لە کتێبی «قەیرانی زانستە ئەوروپاییەکان» دا (1937) لێکۆڵینەوەی لەم کرۆکە هاوشێوەییانە کردبوو.

لە ساڵی 1956دا، هابرماس لە فرانکفورت پەیوەندی بە ئادۆرنۆوە کرد و هەر زوو سەربەخۆیی تێڕوانینی خۆی لەتەک بنەمای ئەم بۆچوونە دەربڕی، کە رەشبینی کلتوری ئادۆرنۆ خۆی بریتییە لە نیشانەی نامۆبوون. ئەو باوەڕیی وەها بوو ئەم رەشبینییە بەهۆی دەسەڵاتی کلتوریی لێهزرینی تەکنیکییەوە هاتۆتەئارا. سەرباری ئەمە، بێگومان «تیۆریی رەخنەیی» چێوەیەکی دەستەبەری بۆ شێوازی فەلسەفەیی خودی هابرماس دێنێتەپێشێ. ئەو لەم تیۆرییە رەخنەییەدا یەکسانی ئاوەز و ئازادی لای هێگل و تێگەی رزگارییبەخشی گوتاری مرۆیی وەکو فاکتەرێکی رزگاریکەر دەدۆزێتەوە، هەروەها تێگەیشتنی رەهای تایبەتمەندییە مێژووییەکان و چەشنێک رەخنەی ئیدیۆلۆژیی-ئاماژەکردنە بە رەخنەی هێگل- بریتی بوون لە فاکتەرە باوەکانی دیکە لە «تیۆریی رەخنەیی»دا، کە هابرماس سوودی لێوەرگرتن. وتارەکەی ئەو بەناوی «لە نێوان فەلسەفە و زانستدا: مارکسیزم وەکو رەخنە» شتێکی روون و ئاشکرایە هەم بۆ نیشاندانی ئاراستەگرتنی ئەو بۆ تیۆریی رەخنەیی و هەم هەوڵدانی ئەوە بۆ پێشگرتن لێی. ئەو لەم وتارەدا وەها خەریک دەبێت، کە پێویستە بۆ دووبارە ئافراندنەوەی تیۆریی ئابووریی مارکس (وەکو تیۆرییەکی رەخنەیی لەبارەی مێژوو)، «ئێمە سەرەتا مارکس و بۆچوونەکانی باشتر لەخۆی بناسین». (تیۆریی و پراکسیس، ل212). ئەمە دەشێت پێشبینی بەرەوپێشچوونی مرۆڤ بکات رووەو ئازادی.

## پۆزەتیڤیزم و بەئاوەزیکردنی حەقیقەت

یەکێک لە پرسیارە بێ وەڵامەکانی فەلسەفەی ئەوروپای سەدەی بیستەم بە روون و ئاشکرایی ئەمەیە، کە بۆچی فێرگەی فرانکفورت تا ئەو ئاستە بە دوژمنییەوە دەڕوانێتە پۆزەتیڤیزمی لۆگیکی بازنەی ڤییەنا، کە زۆرینەی ئاخێوەرە سەرەکییەکانی فێرگەکە بۆچوونێکی زۆر نزیکیان لەتەک سۆسیالیزمدا هەبوو. پێدەچێت هۆکاری ئەمە لێرەدا بێت، کە پۆزەتیڤیزمی لۆگیکی بە توندی بەرگری لە ماتەریالیزمی ریدوکسیۆنانە دەکرد، کە هەڵگری جۆرێک لە ئاوەزمەندێتی تەکنیکی بوو و بە شێوەیەکی چەپێنەر و سەرکوتکەرانە هەوڵی بەجیهانیکردنی خۆی دەدا. بە نۆڕینی هابرماس، پۆزەتیڤیزم گۆڕانی بەسەردا هاتبوو بۆ

چەشنێک ئاراستەی فەلسەفەیی رووەو دەستەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەوڵی «بەئاوەزیکردن»ی خۆیان دەدا. لە کتێبی «زانین و بەرژەوەندی مرۆیی» دا ئەو وەها دەێنە ئاخافتن، کە:

«پۆزەتیڤیزم لەسەر پرەنسیپەکانی زانستگەرایی دامەزراوە و هەر بەهۆی ئەم پرەنسیپانەوە دادەڕمێت...– واتای زانین بەو جۆرە پێناسە دەکات، کە زانست ئەنجامی دەدات و بەم هۆیەوە دەتوانێت بەڕێی شرۆڤە مێتۆدۆلۆژییە باوەکانەوە لە پرۆسیسە زانستییەکاندا راڤە بکرێت. هەر جۆرە ئێپستیمۆلۆژییەک، کە لەودیوی چوارچێوەی وەها مێتۆدۆلۆژییەک کار بکات، وەکو زێدەگۆیی و بێ واتا دەردەکەوێت، کە رۆژگارێک لەبارەی مێتافیزیک دەرکەوتووە». (زانین و بەرژەوەندیی مرۆیی، ل67)

لەو سەمینارەی لە ساڵی 1961 لە زانکۆی توبینگن پێشکەشی کرد، هابرماس هزرینەکانی هانس ئالبەرت لەبارەی بەئاوەزیکردنی زانست دەخاتە تەنگژەوە. ئەو باوەڕیی وەهابوو، کە ئالبەرت ئاوەزگەرایی بەتاکە مۆدێلی شیاو دەزانی بۆ تەواوی ئاوەزگەرایەتییەکان. پرسیارە سەرەکییەکە ئەمە بوو، کە: ئایا ئاوەز دەتوانێت پەیوەست بێت بە پرسیارە داڕێژراوەکان لەبارەی ئازادی سیاسیی و کۆمەڵایەتی؟ لە وتارەکانی «تیۆریی شرۆڤەیی زانست و دیالەکتیک» (1963) و «ئاوەزگەرایی دووبەشی لە روانگەی پۆزەتیڤیستیانەوە» (1964) هابرماس بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە تایبەتمەندی دیاری پۆزەتیڤیزم، بریتییە لە یەکێتییە مێتۆدۆلۆژییەکەی و تێیدا زانست پرۆپاگەندەی ئەوە دەکات پێوەری ئێپیستیمۆلۆژییانەی دۆزیوەتەوە بۆ تەواوی رێسا نازانستییەکان و ئەم پێوەرەش نە تەنها بەرگری لە «فاکتەکان» دەکات، بەڵکو لێکدانەوەی گشتی و باو رووەو دراوە بێ هەڵە و پیرۆزەکان گۆڕان پێدەدات. وەڵامە کاریگەرەکانی ئەو شیاوی باسکردنن. ئەو وەکو فەیرابەند و کوهن بوونی مێتۆدێکی زانستی رەها رەتدەکاتەوە و وەکو ئەمان دژی ئەم گریمانەیە دەوەستێتەوە، کە نموونەی ئاوەزمەندێتی زانستی دەتوانێت تاکە مۆدێل بێت بۆ تەواوی پرسیار و وەڵامەکان:

«ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە ژیانی زانستییەوە، چ لە نێو چێوەی پەسەندکردنی رێساکاندا بن، یان هەڵبژاردنی پرۆژەیەکی گشتی مێژووی ژیان،

یاخود لەبەرەی دوژمن بوەستن، هیچیان هەرگیز ناتوانن بەڕێی ئەندازەی زانستی بە تەنها ببنە جێگرەوە، یاخود ئاوەزمەندێتی». (ئادی و فریسبی: ناکۆکی پۆزەتیڤیستی لە سۆسیۆلۆژیی ئاڵمانیدا، ل146)

لابردنی پرسیارە مۆراڵییەکان لەنێو هزرینە زانستییەکاندا، دەگۆڕێت بۆ جیهانێکی تەکنیکی و بەدەر لەهەرجۆرە هزرینێکی ئامانجدار، بەهادار و وانادار. هابرماس بە گواستنەوە لە شرۆڤەکانی هوسەرل و هایدێگەر لەبارەی پێشداوەرییەکانی توانستی پێرسەپتکردن (ئەو دەستە لە پێش دەرککردنە ناڕاستەوخۆیانەی، کە فۆرم بە شێوازی زانینەکان دەدەن)، وەها بەڵگە دەهێنێتەوە، کە رەوایەتی کۆمەڵایەتی زانست پەیوەندی بە وەرگێڕانی زانستەوە هەیە بەو زمانانەی جیاوازن لە زمانەکە خۆی:

«پێشکەوتنی زانستەکان تا ئاستێکی زۆر لەسەر بنەمای وەرگێڕانی پرسیارە نەریتییە (زانستییەکان) بۆ زمانێکی مۆدێرن دامەزراوە. ئەم زمانە مۆدێرنە هەمان زمانی رۆژانەی جیهانە». (ناکۆکی پۆزەتیڤیستی لە سۆسیۆلۆژیی ئاڵمانیدا، ل224)

پرۆسیسە راڤەکارەکان و ستانداردە زانستییەکان، بریتی نین لە دراوە پیرۆز و بێ خەوشەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە دیالۆگی رەخنەکاری بەڕوویاندا کراوەیە. هابرماس پێشنیاری ئەوە دەکات، کە کرانەوەیی لە بەرانبەر ستانداردە باوەکان لە کارە زانستییەکاندا نە تەنها دەگۆڕێن بۆ پێشکەوتن و چاکسازیکردن لەم شێوازە کارانەدا، بەڵکو دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی رێککەوتنی ئاوەزیی ئەوانیش، بەڵام تا ئەو رۆژگارەی زانست بە پۆزەتیڤیستی بمێنێتەوە، بەڕەهاییزانینی یاسا زانستییەکان بەهۆی خۆیەوە، ئەگەری پەرەسەندنی ئاوەزگەرایی لاواز دەبێت و گەیشتن بە کۆمەنیکاسیۆنەکانی دیکە سنووردار دەکات. لەم شێوەیەدا دەگۆڕێت بۆ سیستمێکی داخراو و هاوکات لەم دۆخە دایە، کە گوتاری رەخنەیی، گوتارێکی بەربڵاو و فراوانە. سەرباری ئەمە، هەر بەو چەشنەی دەبینین، هابرماس بە سوودوەرگرتن لە روانگە هێرمیونێتیکییەکان، رێکەوتبوونی فۆنکسیۆنە زانستییەکان نیشاندەدات، هەروەها ئەو ئامادەیی ئەوەی هەیە تا هێرمیونێتیک بەهۆی بەکارهێنانی مێژوویی لە شرۆڤەی یەکلایەنەی زانیندا، بخاتە ژێر رەخنەوە.

رۆڵی ترادیسیۆنیی کلتوریی لە لادانی حەقیقەتدا: رەخنەی هێرمیونێتیک

هابرماس جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نە تەنها گوتاری زانستی، بەڵکو هەموو گوتارێکی کلتوری و مێژوویی لە نێو خۆیدا، بەهۆی رێککەوتنە تیۆرییەکانەوە دەنووسرێت. وەکو «بەرژەوەندی» باس لەم رێککەوتنانە دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات ئەرکی رەخنە روونکردنەوەی ئەوانەیە. هابرماس لە هەوڵی ئەوەدایە، بۆ ئەوەی پێوەری دەرگیربوونی ناڕاستەوخۆی ئێمە(وەکو خاوەنی پێرسەپنکردن) ئاشکرا بکات لە فۆرمولەکردنی چوارچێوەی زانیندا. «حەقیقەت»، «ریالیتی» و «فاکت» چەندین دراوی پرسیارنەکردەنی نین، بەڵکو لە راستیدا چەندین پێکهاتەی مرۆیی و بەرهەمی بەرژەوەندییە جیاوازەکان و گوتارە جیاوازەکانن. پەرچەکرداری نێگەتیڤی هابرماس سەبارەت بە پەنابردنە بەر گادامەر لە دەستەڵاتدارێتی ترادیسیۆندا، شتێکی ناچارەکیانە بوو.

کاتێک گادامەر، لە ساڵی 1960، کتێبی «حەقیقەت و مێتۆد» ی خۆی چاپ و بڵاوکردەوە، بانگهێشتی هابرماسی کرد، بۆ ئەوەی بە کارەکەی ئەودا بچێتەوە، دەرەنجامی ئەو مامەڵە و رەتکردنەوە و گۆڕینی وتارەکان، بریتی بوو لە مشتومڕێکی توندی فەلسەفەیی، کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبوو. بە زیندووکردنەوەی دووبارەی راستییە فەلسەفەییە ترادیسیۆنییەکان، گادامەر هەوڵیدەدا ئەمە لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی بزووتنەوەی رۆشنگەری لەنێو ئایدیاکانی سەدەی بیستەم دابنێت و ئەم بابەتەش تەواو دژ بە هابرماس بوو، کە ئاراستەگرتنی ئەو رووەو رۆشنگەری بۆ هەمووان زانراو بوو. ئەگەرچی هابرماس و ئەوانیدی کەوتوونەتە رەخنەگرتن لە دەمارگیرییەکانی ئاوەزگەرایی بەرانبەر بە سێنسێتی لە ترادیسیۆنیی پۆستدێکارتی دا، بەڵام ئەوان بە قوڵی قەرزباری باوەڕییەکانی بزووتنەوەی رۆشنگەری بوون، کە خوداوەند یان سروشت دەستەڵاتێکی ئاوەزمەندێتییان بە تەواوی مرۆڤایەتی بەخشیوە. بەمجۆرە ئەو پرسیارە خۆی زیندەکاتەوە بۆچی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی ئاشکرا تا ئێستا نەیتوانیوە سوود لەم بەخششە وەربگرێت؟ بە نۆڕینی کانت، ترادیسیۆنە مێژووییەکان، ئاین و خورافاتە کلتورییەکان بوونەتە رێگرێکی گەورە لەبەردەم هاتنەئارای «ئاشتی هەمیشەیی» لەنێوان ئەو مرۆڤانەی لەتەک یەکتریدا دەژین. بزووتنەوەی رۆشنگەری، دەستکەوتێکی بۆ تیۆریی رەخنەیی لەتەک خۆیدا هێناوە، ئەوەش

کۆبوونەوەی ئازادی بوونەوەرە ئاوەزمەندەکان بووە، کە دەیانتوانی وەکو پێوەرە بەهادارەکان لە رەخنەکردنی ئایدیۆلۆژیی و مێژوویدا بەکاریبهێنن، کەواتە هەرجۆرە بەرگریکردنێک لە سەروەری ترادیسیۆن، بە تێڕوانینی هابرماس دەبێتە هۆکاری پچڕانی ریشەکانی مۆدێرن و رووکردنە ئایەندە.

هابرماس و گادامەر هەردووکیان هاوبۆچوونن لەسەر ئەو بابەتەی هیچ جۆرە حەقیقەت یان راستییەک بوونی نییە، کە لە دەرەوەی هەلومەرجە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکان بووبێت، یان بتوانێت بە شێوەیەکی دەرەکی توانستی یاسامەندکردنی رەهەندەکانی دەرککردنە جیاوازەکانی ئێمە دیاریبکات. یاسامەندکردنی رەهەندەکانی دەرککردنی ئێمە بەهۆی «فڕدێراوی» یەوە دێنەئارا، واتا جێکەوتکردنی ئێمە لە کەشێک «یان ئاسۆیەکی» کلتوری-زمانی تایبەتیدا. گۆڕاوە (بارۆمەتره) بۆماوەییەکان لە پێگەی کلتوری ئێمەدا دیاریکەری ئەو شتە نییە، کە ئەنجامی دەدەین، بەڵکو دەستەبەری هەلومەرج و رەوشێکی یاریدەدەرە بۆ کارە مەترسیدارەکانی ئێمە. ئەوەی هابرماس نیگەران دەکات، ئامادەیی گادامەرە بۆ وەرگرتنی هەر جۆرە هەلومەرجێک، کە ترادیسیۆن ئەنجامی دەدات، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوە لە شکستی گادامەر دەکات لە خستنەڕووی ئەو رەخنەیەی لەمیانەیدا گادامەر چەندین رێگە نیشان دەدات، کە بەڕێیانەوە ترادیسیۆن دەتوانێت پێوەرەکانی خۆی سنووردار یاخود لابدات. لەهەندێک تیبینیدا، جیاوازییەکانی نێوان دوو هزرڤان لە ئاستێکدا جێکەوت کراون، چونکە هەردووکیان بەرگری لە ئاوەزگەرایی خودی دەکەن لە گوتارە کلتوریی و مێژووییەکاندا و دژی هەرجۆرە قۆرخکارییەکی ئاوەزگەرایی تەکنیکین لە زانیندا. ئەو شتەی بە تایبەتی هۆشی گادامەری بەخۆیەوە مژوول کردووە، بریتییە لەوەی دەسەڵاتداربوونی ئاوەزمەندێتی زانستی دەبێتە هۆی سازشی بەها بینراوەکان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان-ئەو بینینانەی هەمیشە بەدرێژایی مێژوو گواستراونەتەوە، هەروەها ئاوەزمەندێتی زانستی لە راستێتی بونیادە مۆراڵی و یاساییە کلتورییەکان کەمدەکاتەوە. هابرماس دژ بەم بۆچوونە نییە، بەڵام باوەڕی وەهایە پێویستە بەشێوەیەک لەتەک ئەم کاتیگۆرییەدا خەریک بین، کە زێتر بەرگری لە ئاوەزە ترادیسیۆنییەکان بکەین دژ بە کاریگەرییەکانی ئاوەزمەندێتی

تەکنیکی. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر بانگەشە ترادیسیۆنییەکان دژ بە پێوەرێکی حەقیقەت بەکاربهێنرێت، ئەوا لەم شێوەیەدا ئێمە دەتوانین ئاوەزمەندانە جەخت لەسەر ترادیسیۆن بکەینەوە و پەرەیپێبدەین.

جەختکردنەوەی گادامەر لەسەر ئەم پرسەی، کە حەقیقەتی بانگەشەبۆکراو لەلایەن ترادیسیۆنەوە ناتوانێت بەهۆی هێزێکی دەرەکییەوە رەوایەتی پەیدا بکات، ئەوا فەلسەفە ئەو دەخاتە بەردەم ئەم تۆمەتەی، کە وەها هزرێک ناتوانێت لە نێوان ئەو ترادیسیۆنانەی لە روانگەی ئیدیۆلۆژییەوە تووشی لادان هاتوون و ترادیسیۆنە رەسەنەکان جیاوازیی دابنێت. هابرماس ئاگامەند لەوەی فەلسەفەی ئاڵمانی لەلایەن نازییەکانەوە گەندەڵا دەکرێت، دەکەوێتە گومانکردنەوە سەبارەت بەوەی بەدرێژایی مێژوو گواستراوەتەوە. بەم هۆیەوە وەها دەبێژێت:

«شێوازی تێگەیشتنی واتا لە [ترادیسیۆندا] لەو ئایدیایەی حەقیقەت بەدەستەوە دەدات، ناکاریگەر نییە، کەواتە ئێمە پێویستە بتوانین پێشبینی تێگەی هەر جۆرە حەقیقەتێک بکەین، کە دەکەوێتە هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر بنەمای رێککەوتنەکان–ئەو هەڵسەنگاندنەی لە پەیوەندییەکی ناسنووردار و ئازاد و بەدەر لە هەرجۆرە فشارێک دەستەبەر دەبێت». (بانگەشەی گشتێتی هێرمیونیتیک ، ل206)

ئەو وەها نارەزایەتی دەردەبڕێت، کە «حەقیقەت برێتییە لە هەمان فشار بۆ تێگەیشتنێکی جیهانی ئازاد، لە کاتێکدا ئەم فشارە لەتەک شێوەیەکی ژیان تێکەڵ بووە، کە بوونی رێککەوتنە جیهانی و ئازادەکان شیاو دەکات». (بانگەشەی گشتێتی هێرمیونیتیک، ل207) لێرەدا هابرماس رووەو ئەو شتە ئاراستە دەگرێت، کە دەبێتە یەکێک لە بەهێزترین پێشنیارەکان: لە روانگەی ئۆنتۆلۆژیی یان مێژووییەوە ئەوەی رەوایەتی بە پرۆسیس و کرۆکی گوتارێک دەبەخشێت، شتێک نییە جیاواز بێت لە گوتار و راستییەکەی لەنێو ئەوەوە دەردەکەوێت. بەمجۆرە کاتێک ئەو پرسیارانەی پەیوەست بە بانگەشەکانی ترادیسیۆن لەبارەی حەقیقەتەوە دەخرێنەڕوو، کەسەکانی نێو ئەو ترادیسیۆنە، هەڵچووانە خۆیان ناخەنە نێو ئەو دەستەڵاتەی بەسەر ئەواندا پراکتیزە دەکرێت، بەڵکو بانگ دەکرێن بە سوودوەرگرتن لە ئاوەز دووبارە دەستەڵاتی خۆیان بگرنەوە دەست و بە

رەخنەکردنی بانگەشەکانی ئەوان، خەریکی پەرەپێدانی بن، کەواتە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە رێککەوتنی جیهانی دەگۆڕێت بۆ ئامرازێک، کە بەرێیەوە ترادیسیۆنیی کلتوری خۆی لە لادانە ئیدیۆلۆژییەکان دەپارێزێت و ژیانی خۆی دووبارە بەدەست دەهێنێتەوە.

لە مشتومڕی نێوان گادامەر و هابرماسدا، ئەو پنتە سەرەکییەی پێدەچێت هابرماسی پەرێشان کردبێت بریتییە لەوەی، کە ئەگەرچی زانستی هێرمیونیتیکی گادامەر لەسەر بنەمای مۆدێلێکی تێگەیشتنی دیالۆگی دامەزراوە، بەڵام بە نۆڕینی گادامەر، سەربارى تەواوی پێشمەرجە ئۆبژێکتیڤییەکان، دەرکەوتنی واتا، بە زەرورەت وەکو ئەزموونێکی تاکەکەسی دەمێنێتەوە. هابرماس زێتر رووەدەکاتە رەوایەتیدان و برەوپێدانی دووبارەی ئەزموونە تاکەکەسییەکان بە پێوەرە کۆمەڵایەتی-گوتارییەکان. تەنها لەم شێوەیەدایە، کە بەکارهێنەرانی گوتارێک دەتوانن ئاوەزمەندانە تێبگەن چ شتێک بووەتە هۆی لادانی رێککەوتنەکانی ئەوان.

حەقیقەت، زانین و بەرژەوەندی مرۆیی

کتێبی «زانین و بەرژەوەندی مرۆیی» (1968) نیشاندانێکی گشتگیری کرۆکە بنەڕەتییەکانە، هەم لە رەخنەکردنی پۆزەتیڤیزم و هەم لە رەخنەکردنی زانستی هێرمیونیتیکدا. ئەم کتێبە، هەوڵی ئەوە دەدات لێکدانەوەیەکی تەواوی مێژوویی و شرۆڤەی رەوتە شاراوە و شێوە پۆزەتیڤیستییەکان بکات لە فەلسەفەی ئەوروپایی دوای رۆشنگەری و پاشان پێشنیاری وەرگرتنی هەڵوێستێکی دژ و رزگارکەر بکات.

لە کتێبەکەیدا، هابرماس هەوڵی لاوازکردنی فەلسەفەی «ئاگامەندی» دەدات، کە لە فێرگەی پۆست-دێکارتیدا هێنراوەتە ئـاراوە. ئەو هەوڵیداوە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە چ شتێک دەکەوێتە نێو کایەی سەبژێکتی زانست، هەروەها بەنیازی ئەوەیە لێکدانەوەی کانت بۆ جیهانی زانراو بخاتەڕوو، کە لە چالاکییەکانی سەبژێکتێکی ترانسێندێنتالی هاتووەتە پێش. هابرماس بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو بۆچوونە، ئەم رستەیە دەردەبڕێت: «دەستکەوتەکانی سەبژێکتی ترانسێندێنتالی ریشەی لە نێو مێژووی سروشتی جۆرەکانی مرۆڤایەتیدا هەیە». (زانین و بـەرژەوەنـدی مرۆیی، ل312) چوارچێوەی زانین بەهۆی

لێهاتوویيەکی گشتییەوە، کە تەنها مۆڵەت بە ئێمە بدات بە مێتۆدێکی تایبەتی بهزرێین، نەهاتۆتە ئارا، بەڵکو لە هەلومەرجە ئۆبژێکتی و هەستپێکراوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرباری ئەمە، هابرماس فەلسەفەکەی خۆی پەیوەست ناکات بە دیتێرمینیزمێکی سادە و سروشتییەوە، ئەم دیتێرمینیزمە باوەڕیی وەهایە ئەو فۆرمەی زانینی ئێمە لەخۆدەگرێت بریتییە لە چەشنێک میکانیزمی مانەوەیی و «ئەو شتەی لەوانەیە وەکو مانەوەیەکی تەواو دەربکەوێت، هەمیشە لە ریشەکانیدا بریتییە لە فێنۆمێنێکی مێژوویی... و شوێنکەوتووی ئەو شتەی کۆمەڵگایە، کە مەبەستی گەیشتن بە ژیانێکی باشە». ئەمە نەتەنها واتای ئەوە دەبەخشێت، کە زانین سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵکو تایبەتمەندی گۆڕانی فەلسەفەی هابرماس نیشان دەدات: هاتنە نێوەوەی تێگەی «میانگیری کۆمەڵایەتی» بە بەردەوامی نیشانەی ئەم بابەتەیە، کە ئەگەری بوونی گوتاری ئاوەزمەندێتی بە نۆرەی خۆی دەرفەت بە بەکارهێنەرانی ئەم گوتارە دەدات بۆ ئەوەی پێوەر و گریمانەکانی هەر رێککەوتنێک هەڵبسەنگێننەوە. ئەگەر گفتوگۆ لەبارەی گریمانە پەسەندکراوەکانی زانین شیاو بێت، ئەوا لێرەدا پێشبینیکردنی گریمانە سەرتاپاگیرترەکانیش بوونی دەبێت. بەمجۆرە بە تێڕوانینی هابرماس پێشبینییەکەی ئەو چەندین بنەڕەتی کراوەتر و شیاوتر لەخۆدەگرێت لەبارەی رەخنەکردنی ئاوەزگەرایی. وەها رەخنەیەک لۆژیکێکی گوتاری و کرۆکی هەیە، کە رووەو شوێنێکی کراوە و رۆشنتر ئاراستەی دەکات.

ناوەڕۆکێکی دیکەی ئەم کتێبە بریتییە لـەوەی زانین لە خزمەتی بەرژەوەندییەکی تایبەتی دایە، کە سەرنج دەخاتە سەر مانەوەی خۆیی. (زانین و بەرژەوەندی مرۆیی، ل313) سێ جۆر بەرژەوەندی خراونەتەڕوو. یەکەم، هابرماس دەنووسێت:

«ئەو زانستانەی بە شێوەی ئەزموونی شرۆڤە دەکرێن، داکەوت تا ئەو ئاستە ئاشکرا دەکەن، کە لە نێو پانتایی سیستمی رەفتاری کردارەکانەوە شیاوی بینینەوەیە... لەم زانستانەدا بەهۆی کۆنترۆڵەکانی تەکنیکەوە داکەوت دەرک دەکرێت». (هەمان سەرچاوە، ل195)

دووەم، هابرماس پێشنیاری ئەوە دەکات لەتەک ئەوەی، کە ئاوەزمەندێتی

زانستی بەهۆی دەسنەڵاتی پەیوەندییەکەوە ئاراستە دەکرێت، بەڵام تویژینەوە کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکان بە پێچەوانەوە، بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەنیکاسیۆنەوە کۆنترۆل دەکرێن. ئەم پەیوەندییە، کە هابرماس پێیدەڵێت «پەیوەندی پراکتیکی»، نەک لەبارەی کۆنترۆڵا، بەڵکو لەبارەی شێوازی بەردەوامی کردەیەکی کلتورییەوە دەکەوێتە خەریککەرییەوە.

«لەتەک ئەوەی ئامانجی مێتۆدە شرۆڤەیی-ئەزموونییەکان، بە تەواوی ئاشکراکردن و دەرککردنی داکەوتی شاراوەی نێو فێنۆمێنی کۆنترۆڵە، بەڵام مێتۆدەکانی هێرمیونیتیک بەنیازی هێشتنەوەی تێگەیشتنی دوولایـەنـە و ئینتەرسەبژێکتیڤیتین». (زانین و بەرژەوەندی مرۆیی، ل174)

لێرەدا دوو گریمانە هەن: یەکێکیان بریتییە لەوەی تویژینەوە کلتورییەکان لەتەک ئاڵوگۆڕەکانی ئێگزیستێنسیالیستی توانستەکانی ژیاندا خەریک دەبن و ئەویدیکەیان بریتییە لە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی وەها ئامانجێک-واتا مانەوەی رێککەوتنێکی بەسەردانەسەپێنراو و سەبژێکتێکی ئازاد، کە تێیدا رێککەوتنی ئازاد و بێ ناچارکردن لە نێو پەیوەندییە کلتورییەکاندا شیاوی بینینەوەیە. ئەوەی شیاوی جەخت لەسەرکردنەوەیە، بریتییە لەوەی هەم کەناڵەکانی کۆمەنیکاسیۆن و پەیوەندی لەهەرجۆرە لادانێک بەدوور بن و هەم ئازادی کار لە هەڵبژاردنی ئاگامەندانە و ئاوەزمەندانە لەئارادا بێت.

سێیەم، پەیوەندی بە «خۆ-پەرچاندن» ـەوە هەیە. ئەم هۆکارە، کە دەبێتە هۆی ئازادبوونی سەبژێکت لە هەر جۆرە وابەستەبوونێک بە دەسنەڵاتە بەرگریلێکراوەکان، ئـەوا بەهۆی پەیوەندی دەرککردنی رزگارییبەخشەوە دیاریدەکرێت، تویژینەوە کلتورییەکان لە وەها پەیوەندییەکدا لەتەک فەلسەفەدا بەشداری دەکەن. «خۆ-پەرچاندن» گەرەنتی تێگەیشتنی پرۆسەی خۆدروسنکردن دەکات، کە بە تێڕوانینی هابرماس، لە تێگەیشتنی پرۆسەی شێوەگرتنی کۆمەڵ (یان کۆمیونیتی) جیانابێتەوە. کەواتە هابرماس بەو دەرەنجامە دەگات، کە تێگەیشتن لە «خۆدروسنکردن» بریتییە لە هەمان تێگەیشتن و پەرەسەندنی ئۆتۆنۆمی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی. ئەمە کردەی کۆمەڵایەتی ئێمەیە، کە فۆرم بە ئێمە دەبەخشێت. سەرباری ئەمە، هابرماس بۆچوونی وەهایە، کە تا ئەو کاتەی

ئێمە، «مرۆڤانێکی-نێو-کۆمەڵگە-ین»، بەرپرسیارین سەبارەت بە گەشەسەندنی ئایەندەی ئەو پرۆسانەی لە رابوردوودا فۆرمیان بەئێمە بەخشیوە. ئەم چەشنە زانینە رزگارکەرە، نەتەنها یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بۆ خۆمان بگەڕێینەوە، بەڵکو یارمەتیمان دەدات ئەم کارە لە شێوەی ئارەزوویەکدا ئەنجام بدەین، کە تەواو پەیوەستە بەخۆمانەوە.

بەمجۆرە هابرماس لەبارەی بەرژەوەندی مرۆیی سێ بانگەشە دەخاتەڕوو، کە لەتەک یەکتریدا زانین دەهێننە ئاراوە و ئەگەر هەموویان لەتەک یەکتریدا سەرنجیان بخرێتەسەر، ئەوا دەبنە خاوەن هێزێکی بەربڵاو. بەپێچەوانەی پۆزەتیڤیزم، ئەم پێگەیە جەخت لەسەر فرە رەهەندێتی زانینی مرۆیی دەکاتەوە. وەکو تەواوی لێهزرینە هێرمیونیتیکییەکان، هەوڵی هابرماس بۆ ئەوە بووە نەهێڵێت یەکێک لەم بەرژەوەندییانە ببێتە هۆی چەپاندن و بێدەنگکردنی بەرژەوەندییەکانی دیکە. «زانین و بەرژەوەندی مرۆیی» ئەم چەشنە هزرینەی هابرماس پیشان دەدات، کە بەرژەوەندییە باوەکان لە نێو ئاوەزگەرایی تەکنیکیدا، دەسەڵات بەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەنوێنن، مەگەر تەنها ئەو کاتەی تەکنۆلۆژیی بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لەبارەی واتا و ئامانجەوە دەکرێن. ئاوەگەرایی گوتاریی، هێزێکی گەردوونی هەیە و سەرباری ئەمە، هەر گوتارێک، پەیوەندییە ئایدیالە لانەدراو و ئازادەکان وەکو پێشگریمانەیەک دادەنێت. «حەقیقەت... دیاریکردنێکی جیهانی و ئازادە، کە وەکو پێگەیەکی ئایدیالی گوتاری دادەنرێت، واتا وەکو چەشنێک ژیان، کە رێککەوتنی گشتی و بێ ناچارەکیانە دەهێننە پێشێ». (زانین و بەرژەوەندی مرۆیی، ل206)

رووکردنە حەقیقەتێکی لانەدراو، بۆ هابرماس پێوەرێک دەهێنێنە پێشێ، کە وەکو تایبەتمەندییەکانی «تیۆریی رەخنەیی» دادەنرێت. ئەم بانگەشەیەی، کە رێککەوتنی ناسنووردار شتێکی شیاوی دەستەبەرییە، ئەوا ئەگەری هاتنەئارای پەیوەندییەکی تێگەیشتنی نادەمارگیرانە دەهێنێنە گۆڕێ، کە بۆ پێوەرێک دەگۆڕێت، تێیدا بانگەشە پێشنیارکراوەکانی دیکە لەبارەی حەقیقەت بەدژی ئەمەوە کردار دەنوێنن. سەرباری ئەمە، ئەم ئارەزووە کە بە هەمان ئەندازە نزیکە لە بۆچوونەکانی کانت، ئەوا لەتەک «تیۆریی رەخنەیی»یشدا پەیوەندییەکی

ئامادەیی هەیە. هەر بەو جۆرەی کانت باوەڕیی وەهابوو بەشداریکردن لە بڕیارە ئێستێتیکییەکاندا لە سنوورێکی بێ لایەندا دەبێتە هۆی ئاگایی زێتری مرۆڤ سەبارەت بە بەشداری ویژدانی ناهەستپێکراو، هابرماسیش هیوای وایە بەشداریکردن لە گوتاری ئاوەزگەراییانەدا، رێککەوتنێکی جیهانی بهێنێتە پێشێ، کە لەسەر بنەمای تێگەیشتن دامەزراوە.

**حەقیقەتی ناخەکی: پەیوەندییە ئاشکراکەرەکان**

لەزۆر لایەنەوە، «زانین و بەرژەوەندی مرۆیی» دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ کتێبی «تیۆریی کردەی پەیوەندی» . ئەم کتێبەی دواییان رووبەڕووبوونەوەیە کە لەتەک ئەو رەخنە جۆراوجۆرانەی دژ بە کتێبی یەکەم» زانین و بەرژەوەندی مرۆیی» گیراون.

لەنێوان ئەو کێشانەی لەتەکیاندا کەوتوەتە خەریکگەرییەوە، یەکێکیان ئەو دۆخە ترانسێندێنتالیانەن، کە پەیوەست دەکرێن بە بەرژەوەندی تێگەیشتنەوە و ئەویدیکەیشیان «ئایا روانگەی هابرماس بۆ گوتارێکی رزگارکەر، شتێکی زێتر لە ئایدیایەکی دەستەڵاتخوازە ، کە نیشانی بدات چ شتێک وەکو حەقیقەت سەیر بکرێت؟». ئەو بە دەستەڵاتەوە دەکەوێتە بەرگریکردن لەبەرانبەر ئەم تۆمەتانە و بۆ ئەم کارەش سوود لە تیۆریی کردەی پەیوەندی وەردەگرێت. ئەم تیۆرییە بەندە لەسەر لێکۆڵینەوەی بەرژەوەندییەکانی زانین لە تێگەیشتنی کلتوری و تا ئەندازەیەکیش بەندە لەسەر هزرەکانی ئەو لەبارەی پێشگریمانەکانی حەقیقەتی ناوەکی فۆنکسیۆنە (ئەرکە) زمانناسییەکان.

کتێبی «تیۆریی کردەی پەیوەندی» نیشاندەری چەشنێک ئاراستەگرتنی هابرماسە رووەو زمان. سەرباری ئەمە، لەبری گەڕانەوە بۆ هایدێگەر و گادامەر لەبارەی ئەوەی دەڵێن زمان «فەزا»یە، کە «بوونی خۆی بەم رێیەوە ئاشکرا دەکات»، ئەوا هابرماس تێگەی کردەی پەیڤین(Speech Act) لە فەلسەفەی ئەنگلۆ-ئەمەریکاییدا دەهێنێتەگۆڕێ. ئەگەرچی ئەو بەشێوەیەکی پسپۆڕیانە لەبارەی پێوەری «دەستەڵاتی زمانناسییەوە» خەریک دەبێت، کە فۆنکسیۆنەکانی زمانناسی بوونەتە هۆی دەرکەوتنەکەی، بەڵام بزوێنەرە ناڕاستەوخۆکانی ئەو جیاواز

نین لە بزوێنەرەکانی گادامەر. هۆشقاڵی ئەو تەنها برێتی نییە لە فۆنکسیۆنیی پراکسیسیانەی زماناسی، بەڵکو ئەو دەرگیری شتێک بووە، کە بەهۆی کردە شیاوەکەیەوە، وەها فۆنکسیۆنێک ئاسان دەکات-بە تێڕوانینی هابرماس ئەم شتە برێتییە لە هەمان دەرکەوتنی فۆرمی لانەدراوی پەیوەندییەکان. لەم شێوەیەدا وەرچەرخان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە چاوی بەرهەمێکی ئابووری-سیاسیی لێنەڕوانرێت، بەڵکو وەکو پۆتانسیەلێکی سەلماندن لێیدەڕوانرێت، کە دەتوانێت بەهۆی سروشتی زماناسیی مرۆییەوە چالاک بکرێت. ئەم ئاراستە زماناسییە ئیمتیازی فەلسەفەیی جیاوازیشی هەیە.

لێکۆڵینەوەی کردەیی زماناسی ئەوە ئاشکرا دەکات، کە بەرژەوەندی زانین (لە واتا کانتییەکەیدا)، برێتی نییە لە پێشمەرجە ترانسێندێنتالەکان، بەڵکو ئەو دۆخانەن، کە ئێمە-لە پلەی بەکارهێنەرانی زماندا-پێشووتر لەتەکیدا ئاشنا بووین. بە گوتنێکی دیکە، ئێمە «بەرژەوەندی پێشتیۆریی»مان هەیە، کە ئەو زمانەی قسەی پێدەکەین، ئەوەی بەدیهێناوە و پەسەندی کردووە. سەرباری ئەمە، ئاراستەی زماناسی و دەرگیربوونێکی ناچارەکیانە لەتەک ئەو ئاراستە کۆمەڵایەتییانەدا وەڵامێکی راشکاوانەیە بۆ ئەو گروپانەی رەخنە لە هابرماس دەگـرن، کە پرۆگرام و پرۆژەکەی ئەو بە سەبژێکتیانە و دەستەڵاتخوازانە دادەنێن،چونکە لێکدانەوەی ئەو لە پرۆسەیەکی دروست بە شێوەیەکی کۆیی جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە لە میانەی چەشنەکانی بەڵگەکاری پەیوەندییەوە هاتۆتەئارا، لە راستیدا ئەمە بەشێکە لە هەوڵدانی ئەو بۆ دەرچوون لە ترادیسیۆنیی سەبژێکتیڤیزمی فەلسەفەی ئەوروپایی، ئەو ترادیسیۆنەی خۆی سەروەرکردبوو بەسەر فەلسەفەی ئەوروپاییدا هەر لە رۆژگاری دێکارتەوە تا نیچە و دوای ئەویش. هابرماس رووناکاتە دیکۆنستراکسیۆنیی مێتافیزیک-کە وەکو رێگەیەکی هزرینی ئارەزوومەند و پووچی جیهانی دیکە باسی دەکات- بەڵام دەکەوێتە بەرگریکردن لە بەرانبەر دەرەنجامە نیهیلیستییەکانی هزرینی پۆستنیچەیی. ئەگەرچی تیۆریی «ویست بۆ دەسەڵات» لە بۆچوونەکانی نیچەدا بەهۆی بڕیاردانە سەلمێنراوەکانی خۆیەوە سنووردار دەبێت،- بۆ نموونە کاتێک نیچە باس لەوە دەکات تەواوی ئەو بانگەشانەی لەبارەی حەقیقەتەوە کراون، شتێک نین جگە لە راگەیاندنی

دەمارگرژیانەی رووکارەکان، بەڵام هابرماس جەخت لەوە دەکاتەوە کاتێک بانگەشە جیهانییەکانی ئاوەزگەرایی تا ئاستی سەبژێکتیڤیزم نزم دەبنەوە، ئەوا بارۆمەترە تازە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی حەقیقەتە ئینتەرسەبژێکتیڤێتییەکاندا خۆیان زیندەکەنەوە. بە تێڕوانینی نیچە دۆزینەوەی بەرژەوەندییە سەبژێکتیڤێتییەکان دەبنە هۆی لەناوچوونی زانینی ئۆبژێکتیڤێتی، بەڵام بە تێڕوانینی هابرماس هەمان دۆزینەوە دەبێتە هۆی هاتنەئارای زانینی ریفلێکسیڤ (پەرچێنراو) و ئۆبژێکتیڤێتی، ئەم دۆزینەوەیە برینییە لە هەمان گەیشتن بەم دیاریکردنەی، کە زانینی هێرمیونیتیک و تەکنیکی تەنها لەسەر بنەمای هەمان ئەو بەرژەوەندییە شیاوی هاتنەئارایە. نیچە باوەڕیی وەهایە حەقیقەت لە راستیدا لێکچوون و پەیوەندییگرتنە لەتەک داکەوت و ریالیتیدا و کەواتە، وەها گریمانە دەکات، کە لە حاڵەتی نەبوونی وەها لێکچوونێکدا، زانین شتێک نییە جگە لە بەرجەستەبوونی حەز و ویست بۆ دەسەڵات. لە لایەکی دیکەوە بە تێڕوانینی هابرماس، حەقیقەت شتێکی دەرەکی نییە، کە کەوتبێتە ژێر توێژینەوە و بەڵگەکارییەوە، بەڵکو لە نێو رەوتی توێژینەوەکان و بەڵگەکارییەکاندا پەیدا دەبێت، کەواتە ئەو لە شێوەی نەبوونی هەرجۆرە لێکچوونێک، دووچاری ئاڵۆزی و پاشاگەردانی نایەت.

ئاراستەی زمانناسی هابرماس سوود و گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە: لەبەر ئەوەی هابرماس مامەڵە زمانناسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەهێنێتە نێو سەنتەری زانینەوە، کەواتە بە ساناهی دەتوانێت خۆی بپارێزێت لە تۆمەتی سەبژێکتیڤیزم و دەرەنجامی نیهیلیستانەی هزرینی نیچە. بوونی بنەمای زمانناسی لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکانی ئەودا، دەبێتە هۆی ئەوەی هابرماس بەڕێی ئەم هزرینەی، کە ویست بۆ حەقیقەت رزگارکردنی ئەفسانەیەکی مۆدێرنیستییە و بۆ ویستە سیاسییەکان هاتۆتە ئاراوە، ئەوا دەیەوێت خۆی لەمەش رزگار بکات. ئەمە بەهۆی ئەوەیە، کە ئۆبژێکتیڤیزم دەرەنجامی تێگەیشتن لە هەر جۆرە واتایەکە، کە لە روانگەی زمانناسییەوە دەبێتە هۆی دامەزراندنی پەیوەندی. هابرماس دەبێژێت تێگەیشتن لە پەیڤین، شتێک نییە تەنها پەیوەست بێت بە دوو لایەن، یاخود چەند لایەنی گفتوگۆ و پەیڤینەکە، کە خاوەن ئەزموونی یەکسانن، و نە شتێکیشە پەیوەست بێت بە نزیکییەکی زنجیرەیی گۆزارشتە تایبەتەکان. تێگەیشتن لەو بابەتەی لەلایەن

کەسێکەوە دەگوترێت، ئەوا دووره لە شێوازی دەربڕین و بیۆلۆژییانەی ئەو. ئەم گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەیە، دەبێتە هۆی فۆرماندنی دووبارەی هەلومەرجەکانی پەیڤینی ئایدیالی. ئەگەر سروشتی گوتار، داهێنەری واتای ئینتەرسەبژێکتیڤێتی بێت–کە بەرزترە لە شێوازە دیالەکتی (لەهجەیی) و دەربڕینییە بیۆلۆژییەکان–ئەوا لەم شێوەیەدا دەبێتە هۆی دامەزراندنی بەڵگاندنی دروست و وردی تێگەیشتن لە وەها واتایەکدا. کەواتە پەیوەندی رزگارکەرانە لەنێو دەروونی وەها لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیەکدا ئامادەیە و لەنێو رەوتی ئەوانەشدا پەرەدەسەنێت.

گرنگیدانی هابرماس بە زمان، گرنگیدان نییە بە پێگهاتەی سینتاکسی و سیمیۆلۆژییانەی زمان، بەڵکو خەریکبوونە لەتەک ئەو شتەی لە «کردەی پەیوەندی»یەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو دەخوازێت پرۆسە «پێشتیۆری»یەکان بدۆزێتەوە، کە گەرەنتی تێگەیشتنی بیسەر لە «چۆنێتی بەردەوامبوون»ی پرۆسەکە بکات و هەوڵی ئەو بۆ تێگەیشتنی سروشتی هاوبەشی پێکهاتە پێشتیۆرییەکان بە شوێنێک بگەیەنێت–وەها پێکهاتەیەکی پێشتیۆریی، دەبێتە هۆی ئاسانکردنی «بەردەوامی» پرۆسەکان. هابرماس باوەڕیی وەهایە هەبوونی خودی ئەم پێکهاتانەیە، کە دەگۆڕێن بۆ پێکهاتە رێککەوتووییەکان و کاریگەریی لەسەر ئاوەزمەندێتی و شیاوێتی گوتاری کۆمەڵایەتی دادەنێن. بە رووکردنە ئەم بابەتە، ئەوا هابرماس لەتەک تیۆرییە زمانناسییەکانی چۆمسکی و لێتوێژینەوەکانی پیاژە لەبارەی گەشەی تێگەیشتن لای منداڵان خەریک دەبێت و بەشێکی زۆر بۆ ئەوان تەرخاندەکات. ئەو لەم توێژینەوانەدا چەندین نموونە لە چۆنێتی هاتنەئارای گوتاری پێوەرەکانی رێککەوتنی خۆی دەهێنێتە گۆڕێ. هابرماس باوەڕیی وەهایە تیۆریی «کردەی پەیوەندی» ئەوە دەسەلمێنێت، کە بەرژەوەندی رزگارکەر بریتیی نییە لە تیۆرییەکی رێژەگەرایی، چونکە لەو پێکهاتانەوە دێتەئاراوە، کە پەیوەستن بە خودی گوتاری کراوەوە. هەر بەو چەشنەی هایدێگەر و گادامەر دژی ئەوەن، ئێمە بەرێی زمانەوە پەیوەندی دانامەزرێنین، بەڵکو ئێمە ناچارین سوودی لێوەربگرین و ئەم ناچاربوونەش ئێمە رووەو لۆژیکی رەخنە و کۆدەنگی ئاراستە دەکات. هابرماس پەرە بەم ئایدیایەی گادامەر دەدات، کە «هەرکەسێک خاوەن زمانێک بێت، ئەوا خاوەنی دنیایە» و ئەم خاوەندارێتیبوونەش سەبارەت

به ئاسۆی زمان دەبێنه هۆی گەیشتن به تەواوی ئاسۆکانی دیکەی زمانەکان–به تێڕوانینی گادامەر گەیشتن بەمە، لەڕێی وەرگێڕانەوە دەستەبەر دەبێت. ئەو وەها خەریکی لێکۆڵینەوە دەبێت، که هەرکەسێک بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ به زمانێک قسەدەکات، که پەیوەسته به کۆمەڵگەیەکی جیهانییەوە و وەها قسەکردنێکیش پێویستی به خواستی پەیوەستبوون بەم کۆمەڵگه جیهانییەوە هەیە- ئەو جیهانەی لەسەر بنەمای کۆدەنگی و ڕێککەوتن، ئاوەزمەندێتی و ڕێککەوتنی ئازادانه دامەزراوە و تێیدا هەمووان بەو چەشنه قسه دەکەن، که کەسێک قسەی پێدەکات. گەورەترین و کاریگەرترین ڕۆڵی هابرماس له فەلسەفەی ئەوروپای هاوچەرخدا بریتییه لەوەی، که وەها ئارەزوویەک نه بەسەرماندا سەپێنراوە و نه دەرەنجامێکی ڕێکەوتیشه، بەڵکو بەڕێی فۆنکسیۆنی زمانناسی ریالیتی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت- بەهۆی ئەو فۆنکسیۆنی قسەکردنەوە ئێمه دەچینه نێوئەم چەشنه کردارەوە.

### حەقیقەت له گەمارۆداندا: بەرگریکردن له مۆدێرنیتی

تەوەری سەرەکی لێهزرینەکانی هابرماس بریتییه لەوەی «مۆدێرنیتی پرۆژەیەکی تەوانەکراوە». (گوتاری فەلسەفەیی مۆدێرنیتی ، لIX) جیهانی ئایدیال و ئازاد و دوور له ناخۆشی، شتێکه تەنها دەتوانین هیوای نزیکبوونەوەیمان بۆی هەبێت. هەرچۆنێک بێت، بەها مۆدێرنیتییەکانی هابرماس لەلایەن فەیلەسوفانی دیکەی هاوچەرخ، بەتایبەت میشێل فوکۆ ، ڕەخنەیەکی زۆری ئاراسته دەکرێت.

له ڕوانگەیەکەوە، ڕێککەوتنێکی بەرچاو لەنێوان ئەم دوو فەیلەسوفەدا هەیە. وەکو فوکۆ، هابرماس ڕەخنەکانی نیچه له ئاوەز پەسەند دەکات، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو، دەرەنجامه نیهیلیستییەکان ڕەتدەکاتەوە. به تێڕوانینی هابرماس، هزری پۆست–ستروکتورالیزم نیشانی دەدات، که سەبژێکتیڤیزم و ئینتەنسیۆنالیزم لەپێش کێشه جیاوازەکانی ژیان و سیستمه جیاوازه زمانییەکان نییە، بەڵکو نیشاندەری ئەرکەکانیانە». (گوتاری فەلسەفەیی مۆدێرنیتی، لIX) کەواته بەو چەشنەی له تراديسیۆنیی هزری کانتیدا دەبینرێت، سەبژێکت جیهان نائافرێنێت، بەڵکو توخمێکی جیهانه و له ڕوانگەی زمانناسییەوە ناسێنراوە. سەرباری ئەمە،

ئەگەرچی هابرماس سوود لە ڕەخنەگەلێکی لەم چەشنە وەردەگرێت وەکو دەروازەی پرۆژەکەی خۆی، بەڵام پۆستمۆدێرنیستەکان، ئێگەکانی وەکو حەقیقەت، کۆدەنگی ئاوەزگەراییانە و بانگەشەی ڕاستیبوون دەبەنە ژێر پرسیارەوە و ئەمانەش ئەو شتانەن، کە فەلسەفەی هابرماسی لەسەر دامەزراوە. ئەم بابەتە ناکۆکییەکی لێدەکەوێتەوە لەبارەی ڕاڤەکردنی جیاوازی فەلسەفەی کانت. تێڕوانینی کانت لەسەر بنەمای ئەوەی پێکهاتە گریمانەییەکانی سروشت ریال نین، بەڵکو چەندین پێکهاتەی هۆشەکین، ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەئارای دوو ڕەوتـی هزری. لەلایەکەوە، بۆچوونەکانی کانت هەم بەهۆی مارکس و هەم بەهۆی تیۆریداڕێژانی دواترەوە پەسەند دەکرێت-ئەو تیۆریداڕێژانەی باوەڕییان وایە زانین بریتییە لە پێکهاتەیەکی مرۆیی، بەڵام ئەو لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە دەکەوێتە بەر ڕەخنەیەکی توندەوە، کە بۆچی سروشتی ئیندەکشنیی هزرینی پەسەند کردووە و گەشە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەکەی فەرامۆش کردووە. ریالیزمی گشتیی هابرماس ئەم ڕەوتەی گرتۆتە بەر. لەلایەکی دیکەوە، هزرڤانانی وەکو دێریدا، ڕەوتێکی دیکە دەگرنەبەر. ئەوان باوەڕییان وەهایە «دووەمین سەردەمی ڕۆشنگەری»-کە لە هزرینەکانی نیچەدا خراوەتەڕوو-وەکو نیشانەی ویست بۆ دەسەڵات دادەنێن، کە لە نێو زانینی ئیندەکشنی کانتدا هەیە. خراپوێژی نیچە لەبارەی حەقیقەت و باسکردنی وەکو ڕوانگەیەکی سەبژێکتی، ئەمە دەبێتە بنەمای هزرینی هابرماس لە ئاراستەگرتنی ڕووەو حەقیقەت. ئەوانیدی، بۆ نموونە دێریدا، دوورکەوتنەوە لەم پنتی دەرچوونەی نیچە و ڕەوتێکی دیکەیان گرتەبەر، کە بەهۆی نیچەوە سەرەتایگرتبوو: لەنێوبردنی ڕواڵەتی «حەقیقەت» بۆ ئۆبژێکتیبوون. دێریدا باوەڕیی وەهایە ئێگەکانی وەکو ڕەسەنێتی، ئاوەزمەندێتی و کۆدەنگی، کە بنەماکانی هزری هابرماس پێکدەهێنن، چەندین ئەفسانەن بەهۆی مرۆڤەوە هاتوونەتەئارا و دەرەنجامی گەمەی زمانین. لەلایەکی دیکەوە، ناکۆکی فوکۆ لەتەک ئەمەدا بەم چەشنەیە، کە تەواوی ئەم ئەفسانانە، لە ستراتیژییەکانی دەستەڵاتی تاکەکان و دەستێوەردانی ئەوان لە کۆمەڵە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم ڕەخنەگرانە، هابرماس دەپرسێت چی ڕوودەدات ئەگەر پێوەرە ڕەخنەییەکان لەبواری ئاوەزمەندێتی گشتیدا بهیچێنرێن؟ لە کتێبەکەی

دوایی خۆیدا بە ناوی «گوتاری فەلسەفەیی مۆدێرنیتی»، ئەو وەها دەکەوێتە باسکردن، کە نزمکردنەوەی فەلسەفە تا ئاستی ئەدەبیات لەلایەن دێریداوە، بریتییە لە جۆرێک پارادۆکس. زەمینەی قبوڵکردنی وەها سازش و نزمکردنەوەیەک، تەنها بریتییە لە زەمینەیەکی رەوانبێژی و سەرباری ئەمە، ئەگەر ئێستێتیک پێوەری فەلسەفە بێت، ئەوا لۆژیکی سەبژێکتیڤیزم، کە رۆژگارێک سەروەری خۆی لەدەستدابوو، ئەوا دووبارە خۆی زیندەکاتەوە. هەر رەخنەیەکی ئاوەز، کە بانگەشەی گشتێتی بکات، دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی زەمینە ئاوەزییەکانی خۆی و سەرەنجام دەبێتە هۆی رەتکردنەوەی خۆی. ئەگەر ئاوەز توانستی تێگەیشتنی «درۆبێژی» هەبێت، کەواتە توانستی تێگەیشتنی «حەقیقەت»یشی هەیە، بەڵام دێریدا وەها تایبەتمەندییەکی دیالەکتیکی ئاوەز رەتدەکاتەوە.

هابرماس هاوڕای سازشکردنی ئایدیالە هیومانیستییەکانە بۆ سەرچاوە ئەزموونییەکانیان، ئەو ئایدیایەی بەهۆی ئارکیۆلۆژیی فوکۆوە داڕێژرابوو. هەوڵی خودی ئەو بۆ نیشاندانی ئەوەی چۆن چوارچێوەی ترانسێندێنتالی زانینی مرۆیی بە سوودوەرگرتن لە زمان دێتەئاراوە، تا ئەندازەیەک رێگەیەکی هاوشێوەی گرتووەتەبەر. فوکۆ تا ئەو شوێنە پەیڕەوی لە نیچە دەکات، کە باوەڕیی وەهایە خستنەڕووی سەرچاوە ئەزموونییەکانی بانگەشەیەکی گشتێتی یەکسانە بە رەتکردنەوەی خۆی، ئەگەرچی هابرماس لە هەوڵی رەتکردنەوەی ئەو ئایدیایانەدا نییە، کە پەیوەست بە ئاوەز یان حەقیقەتەوە دەخرێنەڕوو، بەڵام لە هەوڵی فۆرماندنەوەی دووبارەی ئەوانەدایە.

جیاوازی لە روانگەی سیاسیی هابرماس و فوکۆدا، دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ئەم دوو هزرڤانە. بە تێڕوانینی فوکۆ، مێژووی مرۆڤایەتی ئەو مەیدانەیە، کە دەسەڵاتە جیاوازەکان تێیدا سەرقاڵی داگیرکردن و جەنگینن دژ بەیەکتری بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن. وەها روانگەیەکی ئەو بۆ ئەمە بوو لەبارەی بەرگریکردن لە کەمینەیەک قسە بکات، کە دەنگی ئەوان بەهۆی بەرژەوەندی دەسەڵاتە زاڵەکانەوە کپکرابوو. سیاسەتی فوکۆ لەو لایەنەوە پلورالیستیانەیە، کە خۆی دەنگی زۆرینەی ئەوانەی کپ کراون، دەناسێنێت و لە لایەکی دیکەوە بەم هۆیەوە چارەنووسخوازانەیە، کە پلورالیزمەکەی ئەو تا ئەندازەیەک هاوشێوەی ئەم

گوتەیەیە، کە «مێژوو، جەنگی هەمووانە دژ بە هەمووان». هابرماس بناغەیەکی هیوا پێشنیار دەکات، چونکە تیۆریی «کردەی پەیوەندی» ڕەهابوونی جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان ڕەتدەکاتەوە. ئەگەر ناکۆکییەک لەبارەی پرسەکەوە خۆی زیت بکاتەوە، لانی کەم یەکگرتووییەک بوونی هەیە و ئەو یەکسانییە بابەتی ناکۆکییەکەیە. ئێستا ئەگەر وەها یەکێتییەک وەربگرین، لەم شێوەیەدا ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن و کۆدەنگیی شیاو دەبێت. تێگەی ڕەخنەی ڕزگارکەر لەوانەیە دوایین بەرگری بێت لە بەرانبەر خۆویستی دۆگماییانەی ئایینی، سیاسیی و کلتوری.

## حەقیقەت وەکو باوەڕ: هزری کۆتایی

پرۆژەی فەلسەفەیی هابرماس، بووەتە هۆی وروژاندنی چەندین ڕەخنەی بەرچاو. لە کتێبی «فەلسەفەی مۆدێرنی ئاڵمان»دا (1981) ڕودیگەر بوبنەر وەها دەکەوێتە ڕەخنەگرتن، کە ئەگەرچی لەوانەیە پەیوەندییەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان هزرینی تیۆریی و پراکسیسدا بوونی هەبێت، بەڵام هیچ گەرەنتییەک بوونی نییە، کە بە ئاشکراکردنی سروشتی لادراوی هزرە تاکەکەسی یان سیاسییەکان، هەنگاوێک ڕووەو گۆڕانی ئەم هزرینانە سەرهەڵبدات. کریستۆفەر نۆریس لە کتێبەکەیدا بەناوی «کێبەڕکێی ئەنجوومەنە زانستییەکان» (1985) ئاماژەی بە پنتێکی هاوشێوە کردووە. ئەو باوەڕیی وایە هێزی ئاوەز لە تێگەی کۆدەنگی ئاوەزمەندێتیدا–کە لەلایەن هابرماسەوە پێشنیارکراوە–ڕەهەندێکی سەرکوتکەرانەی هەیە، کە دەبێتە هۆی ڕەوتە کەمینەکان هەست بکەن بۆچوونەکانیان بە چەندین لادان و پەرتەوازەبوون مەحکوم کراوە. هەڵوێستی هابرماس ڕەنگدانەوەی «سوودمەندخوازیی» ـە، ڕێ بەوە دەدات، کە ئەوانەی لە نێو کەمینەدان بەناوی ڕوانگە نادیمۆکراتیکەکانیانەوە سەرکوت بکرێن. ڕەخنەی پاول ریکۆر لەلایەکی دژەوە دێتەپێشێ: ئەو دەپرسێت چ شتێک ڕێگری دەکات لە لادانی خودی ئاوەزمەندێتی ڕزگارکەر؟ لە کتێبی «هێرمیونێتیک و زانستە کۆمەڵایەتییەکان» دا (1987)، ریکۆر دەڵێت: ئەگەر تێگەی حەقیقەتی ڕزگارکەر، واتایەکی کۆنکرێتی و سەلماوی هەبێت، پێویستە وەکو نموونە، فۆرمی دەرەکـی، مێژوویی و

ڕاستەقینەی ئەو ئایدیالانەی نێو جیهانی دەرەکیدا بوونی هەبێت. تەنانەت ئەگەر ئەو ئایدیالانە ڕاستییەکی دەرەکییان پەیداکرد، چ شتێک بەرگری لەوانە دەکات لەبەرانبەر گوزەرە مێژووییەکان و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکاندا؟

سەرباری هەموو ئەمانە، چەندین کێشەی دیکە دێنەپێشێ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەتەک هزرینەکانی هابرماسدا. فەلسەفەی ئەو جەخت لەسەر ڕەخنەکردنی هەوڵە ئایدیۆلۆژییەکان دەکاتەوە، کە بۆ ناساندنی زانین و ڕیالیتی هاتوونەتە گۆڕێ-چ ئەم هەوڵانە لەلایەن پۆزەتیڤیزمەوە بێت، کە هەوڵی سەپاندنی هزرینی زانستی دەدات وەکو تاکە زانینی یاسایی و چ قبوڵکردنی ڕاستەوخۆی پێوەرە ترادیسیۆنییەکان بێت لەلایەن فەلسەفەی هێرمیونیتیکەوە. سەرباری ئەمە، ئەو هەوڵدەدات زانینی سەبژێکتیڤیزم کورتبکاتەوە و هەوڵبدات مۆدێلی ئینتەرسەبژێکتیڤێتییەکی نوێ بۆ حەقیقەت و کۆدەنگی زیت بکاتەوە، کە لەسەر بنەمای ئایدیای حەقیقەتی ڕزگارکەر دامەزراوە و لە نێو «کردەی پەیوەندی»دا ئامادەیی هەیە. ئەمڕۆکە لەتەک دەرکەوتنی دووبارەی شەرمهێنی ناکۆکییە ناسیۆنالیستییەکان لە ئەوروپادا، بانگهێشتی هابرماس بۆ ڕەخنەی ڕزگارکەر و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە ئاوەزمەندێتییەکان کارێکی زەروورییە. بەپێچەوانەی ئاراستە نیهیلیستییەکانی سەردەمی ئێمە و دەستەڵاتی ڕووبەنەمانی بۆچوونە سیاسییە دێرینە ئایدیالییەکان، تەنها ئەو شتەی تێگەی دەربڕینی ئایدیال بەدوای خۆیدا دەهێنێت، شتێکی مایەی داخە. سەرباری ئەمە، ئەم هەڵوێستەی دوایی هیوایەکە لەبەرانبەر ئاوابوونی کلتوری ئەوروپاییدا. پرسیارەکە ئەمەیە، کە: چ شتێک تایبەتمەندییەکی ئاراستەکەر بە بۆچوونەکانی هابرماس دەدات؟ چ ڕوانگەیەک پێشنیار دەکات؟ بەڵگاندنە ورد و دروستەکان بە تەنها وەڵامدەرەوە نین. کییرکەگارد ڕاستبوو دەیگوت تا ئەو کاتەی باس و گفتوگۆکان ڕەنگدانەوەی ویژدانی تایبەتی نێو ناخی تاکەکەس نەبن، ئەوا ڕازیکەریش نابن، تەنانەت ئەگەر بەباشیش هێنرابنە گۆڕێ. گەشبینی هزری هابرماس نیشاندەری ئەم پنتەیە، کە چارەنووسی مێژوویی و یان نزای ئاڵمانی توانستی تێگەیشتن بە مرۆڤەکان نابەخشێت. مرۆڤەکان بەم هۆیەوە تێدەگەن، کە توانستی تێگەیشتن لە کردە پەیوەندییە ئینتەرسەبژێکتیڤێتییەکانی ئەواندا ئامادەیی هەیە. هەمیشە بەڕێی

ئەرکە پەیوەندییە پێشتیۆریی، پرۆسەی لانەدراو و ئازادییەکاندا دەڕۆن، کە دەبێنە هۆی ئەوەی کۆمەڵە ڕێککەوتووە گشتییە ئاوەزییەکان پەرەپێبدەن. زنجیرەی گفتوگۆ و باسەکانی هابرماس زێتر وەڵامی پرسیارەکانی رەوایەتی و شایستەیی دەدەنەوە و بە ساناهی دەتوانین تێبگەین، کە ئەمە بۆچی بەم چەشنەیە. ئەو بەنیازی ئەوە نییە وێنایەکی تایبەتی بۆ مرۆڤایەتی زیت بکاتەوە، بەڵکو دەخوازێت زەمینەیەک نمایش بکات، کە تەواوی ئەو رێگری و لادانانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم دەرکەوتنی پۆتانسیەلی داهێنەرانەی مرۆڤ، لەنێو بەرێت: فەلسەفەکەی ئەو رەهەندی سیاسیی نییە، بەڵکو بەدوای جۆرێک بازنەی زمانناسیدا دەگەڕێت، کە بەسوودوەرگرتن لێی، ئەوانیدی بتوانن بە ساناهی قسە بکەن و لەم نێوەشدا کۆدەنگی مرۆیی راستەقینە و ئاوەزگەرایی پەرەبسەنێت، بەڵام هێشتا ئەم پرسیارە هەروا دەمێنێتەوە، کە: چۆن تاکێک دەتوانێت بە تەنها سیستمی ناوەکی و ئۆبژێکتی لە فۆرمی سیستمی خۆیدا وێنا بکات و لەتەکیدا بە یەکێتی بگات؟ چۆن دەتوانێت بەسەر کێشەی تێگەیشتنی وەها رێکخستنێکدا سەروەر بێت و چۆن دەتوانێت بە شێوازێک ئەم کارە بکات، کە گونجاو بێت لەتەک روانگە کەسەکییەکاندا؟ تا ئەو کاتەی تاک واتای رێکخستنی ئۆبژێکتی ئەم پەیوەندییانە نەڕاستێنێت و ئەوانە لە دیاریکردنی ئاراستەی ژیانی خۆیدا بە کاریگەر نەبینێت-بەهەمان ئەو شێوەیەی کییرکەگارد لەتەک روانگەی خۆیدا ئاماژەی پێدەکرد-پرۆژەی فەلسەفەیی هابرماس بێهوودە و ناکاریگەر دەمێنێتەوە.

هابرماس، لەتەک هەموو بەرژەوەندییە پراکسیسییەکانیدا، لەوانەیە «وەرچەرخانی باوەڕ» بێت، کە هەم ئەنجامی دەدات و هەمیش پێشنیاری دەکات-هەمان ئەو شتەی کییرکەگارد باوەڕیی پێی هەبوو. کاتێک نیچە گوتی: «هیچ کاتێک «یەک» حەقیقەت نییە، تەنها بە هاتنەبوونی «دوو»ـە، کە حەقیقەت دەستپێدەکات»، فەیلەسوفانی وەکو دێریدا ئەم رستەیەیان بەم چەشنە واتاکردووە، کە مەبەستی ئەو ئەمە نییە حەقیقەت بە «دوالیزم» دەستپێبکات، بەڵکو حەقیقەت بە «دوالیزم» کۆتایی پێدێت. شیاوێتی ناکۆتایی حەقیقەت و واتا لە قبوڵکردنی شرۆڤە هەمەجۆرە و جیاوازەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەری بوونی ئەم دوو کاتیگۆرییە، بە شتێکی نەشیاو دەربکەوێت. سەرباری ئەمە، هابرماس فرەیی

واتا پەسەند دەکات. ئەو وەکو دیاردەیەک لەم فرەییە دەڕوانێت، کە بووەتە هۆی زۆربوونی تێگەیشتنی هەمووان و بووەتە هۆی هاتنەئارای بەشداریکردنێکی فراوان لە حەقیقەتەکاندا، کە لە جیاوازییەکانی گوتاری ئامادەوە لە مامەڵەکردنە جیاوازەکاندا سەرچاوەی گرتووە. لەکاتێکدا هزرڤانانی پۆست-ستروکتورالیست-وەکو دێریدا-ئێمە رووەو پەسەندکردنی ئەم بابەتە بانگهێشت دەکەن، کە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین تەواوی حەقیقەت و واتاکان هەمەچەشن و دابەشکراون. هابرماس داوا لە ئێمە دەکات باوەڕییمان بە ئەگەرێکی دیکەی شیاو هەبێت: لەتەک «دوانەتی» و گوتاردا، حەقیقەت دەستنیپێکردووە و تێگەیشتنیش لێی شیاوی بەرەوپێشچوونە.

**سەرچاوەکانی نووسەر**

1. A. Arato and E. Gabhardt, The Essential Frankfurt School Reader, Oxford: Blackwell, 1978.

2. A. Giddens ed., Positivism and Sociology, London: Heinemann, 1974.

3. J. Habermas, Knowledge and Human Interests, tr. J. Shapiro, London: Heinemann, 1974.

4.----------------- Theory and Practice, tr. J. Viertel, London: Heinemann, 1974.

5. ----------------- The Analytical Theory of Science and Dialectics and «A German Sociology», ed, Adey and Frisby, London: Heinemann, 1977.

6. ----------------- The Hermeneutic Claim to Universality, in «J. Bleicher (ed), Contemporary Hermeneutics: Hermeneutics as Method, Philosophy, and Critique, London: Routledge, 1980.

7. ----------------- The Theory of Communicative

Action and the Ratiobalisation of Science, vol. 1. Trans. T. Macarthy, London: Heinemann, 1984.

8. ----------------- The Philosophical Discourse of Modernity, tr. F. Lawrence, London: Blackwell, 1987.

9. D. Held, Introduction to Critical Theory: Horkheimer to Habermas, London, Hutchinson, 1980.

سەرچاوەکانی ئەم وەرگێڕانە: تێبینی ئەم وتارە لە دوو وەرگێڕانی فارسی و بەراورد بە سەرچاوە ئینگلیزییەکە کراوە بە کوردی

1. Jenny Teichman (ed., ): An Introduction to Modern European Philosophy, St. Martin›s Press, New York, 1995, pp. 145162–.

2. جنی تایشمن و گراهام وایت (ویراستە): فلسفە اروپایی در عصر نو، ترجمە محمد سعید حنایی کاشانی، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران، 1386، ص294–322.

3. گراهام وایت: درامدی بر فلسفە مدرن اروپایی، ترجمە احمد ناهیدیان، نشر پرسش، تهران، 1387، ص193–227.

– لە نێوان هایدێگەر و هابرماسدا: هەردووکیان نیگەرانی هەژمونی بڵاوبوونەوەی ئاوەزگەرایی تەکنیکین. ئەوان خوازیاری گەیشتنن بە کراوەیی سەبارەت بە حەقیقەت. هابرماس ئەمە بە فۆنکسیۆنی(ئەرکی) گوتار دادەنێت، لەکاتێکدا هایدێگەر ئەوە بە مەرجێکی بوون دەبینێت

– هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ جەختیان لەسەر دامەزراندنی مێتۆدۆلۆژییەکی سەربەخۆ نەدەکردەوە لە هێرمیونیتیکدا، بەڵام بڕیارياندا بەرگری لە هێرمیونیتیک بکەن دژ بە لێهزرینی تەکنۆلۆژیی

– ڕەشبینی کلتوری ئادۆرنۆ خۆی بریتییە لە نیشانەی نامۆبوون. ئەو باوەڕیی وەها بوو ئەم ڕەشبینییە بەهۆی دەسەڵاتی کلتوریی لێهزرینی تەکنیکییەوە هاتۆتەئارا

– « شتێکی روون و ئاشکرایە هەم بۆ نیشاندانی ئاراستەگرتنی ئەو بۆ تیۆریی رەخنەیی و هەم هەوڵدانی ئەوە بۆ پێشگرتن لێی

– بە تێڕوانینی هابرماس، پۆزەتیڤیزم گۆڕانی بەسەردا هاتبوو بۆ چەشنێک ئاراستەی فەلسەفەیی رووەو دەستەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەوڵی «بەئاوەزیکردن»ی خۆیان دەدا

هابرماس جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نە تەنها گوتاری زانستی، بەڵکو هەموو گوتارێکی کلتوریی و مێژوویی لە نێو خۆیدا، بەهۆی رێککەوتنە تیۆرییەکانەوە دەنووسرێت

تێڕوانینی کانت، ترادیسیۆنە مێژووییەکان، ئاین و خورافاتە کلتورییەکان بوونەتە رێگرێکی گەورە لەبەردەم هاتنەئارای «ئاشتی هەمیشەیی» لەنێوان ئەو مرۆڤانەی لەتەک یەکتریدا دەژین.

هابرماس و گادامەر هەردووکیان هاوبۆچوونن لەسەر ئەو بابەتەی هیچ جۆرە حەقیقەت یان راستییەک بوونی نییە، کە لە دەرەوەی هەلومەرجە مێژوویی–کۆمەڵایەتییەکان بوویێت

هابرماس بۆچوونی وەهایە، کە تا ئەو کاتەی ئێمە، «مرۆڤانێکی–نێو–کۆمەڵگە–ین»، بەرپرسیارین سەبارەت بە گەشەسەندنی ئایەندەی ئەو پرۆسانەی لە رابوردوودا فۆرمیان بەئێمە بەخشیوە.

بەڵام هابرماس جەخت لەوە دەکاتەوە کاتێک بانگەشە جیهانییەکانی ئاوەزگەرایی تا ئاستی سەبژێکتیڤیزم نزم دەبنەوە، ئەوا بارۆمەترە تازە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی حەقیقەتە ئینتەرسەبژێکتیڤێتییەکاندا خۆیان زیندەکەنەوە

«هیچ کاتێک «یەک» حەقیقەت نییە، تەنها بە هاتنەبوونی «دوو»ـە، کە حەقیقەت دەستپێدەکات»، فەیلەسوفانی وەکو دێریدا ئەم رستەیەیان بەم چەشنە واتاکردووە، کە مەبەستی ئەو ئەمە نییە حەقیقەت بە «دوالیزم» دەستپێبکات، بەڵکو حەقیقەت بە «دوالیزم» کۆتایی پێدێت

## تیرۆریزم چییە؟
### چاوپێکەوتن لەگەڵ یۆرگن هابرماس سەبارەت بە چەمکی تیرۆریزم
### بەشێک لە چاوپێکەوتنی جیڤانا بۆرا دوری لەگەڵ یۆرگن هابرماس

لە فارسیەوە: مەجید مارابی

*** پێناسەی ئێوە بۆ تیرۆریزم چییە؟ ئایا لۆژیکیە تیرۆریزمی نەتەوەیی لە تیرۆریزمی جیهانی جیابکەیەنەوە؟**

– تیرۆریزمی فەلەستینی تا رادەیەک لە جۆری کۆنی تیرۆریزمە. لێرەدا، مەبەست کوشتن و لەناوبردنی کوێرانەی دوژمنە، تەنانەت ژنان و منداڵانیش ئامانجی ئەم جۆرە تیرۆرەن. کوشتن لە تۆڵەی کوشتندا، و شتی تری لەم چەشنە، ئەمەش جیاوازە لەو تیرۆریزمەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەدا، میلیشیا – پارتیزانەکان لە چوارچێوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەدا بەکارهێنراوە و ئێستاش بەردەوامە، بۆ نمونە: خەباتی سەربەخۆخوازانەی چیچانەکان.

لە بەرامبەر ئەم تیرۆریزمەدا، تیرۆریزمی جیهانی هەیە کە لە رووداوی 11ی سیپتەمبەردا گەیشتە لوتکەی خۆی، ئەم جۆرە لە تیرۆریزم تایبەتمەندی ئەنارشیستی کودەتایەکی لاوازی تێدایە، چونکە لە دژی دوژمنێکە بە کردارێکی ئامانجدارەوە کە لۆژیکێکی واقعبینانەی لەپشتە و هیچ شێوەیەک شکست هەڵناگرێت. تەنها کردەوەی مومکین، گەیاندنی زیانی دەرەونی و پێکهێنانی نیگەرانی و دڵەڕاوکەیە لە نێوان خەڵک و حکومەتدا. لە بواری تەکنیکیەوە، ئەو لاوازی و هەستیاربوونە لە رادەبەدەرەی کە کۆمەڵگە ئاڵۆزەکانی ئێمە بەرامبەر بە تێکدان هەیانە، کرداری تیرۆر دۆخێکی گونجاو بۆ ئیفلیجکردنی کاتی چالاکییە رۆژانەییەکان پێکدەهێنێت بەوەش دەتوانێت بە کەمترین خەرج زیان بگەیەنێت.

تیرۆریزمی جیهانی توندڕەوەی لە دوو پرسدا دەکات، یەکێک نەبوونی ئامانجێکی واقعبینانەیە و ئەوی تر: بەکارهێنانی تواناکانیەتی لە خاڵە لاوازەکانی سیستمە ئاڵۆزەکاندا.

**پرسیار: ئایا جیاوازی لە نێوان تیرۆریزم و تاوانکاریە باوەکان، یان**

**شێوازەکانی تری توندوتیژیدا هەیە ؟**

وەڵام: هەم بەڵێ و هەم نا. لە بواری ئەخلاقیەوە، کردەوەی تیرۆریستی لە هەر دۆخێک و بە هەر ئامانجێک ئەنجام بدرێت، بە هیچ شێوەیەک شیاوی لێبوردن نییە. هیچ شتێک رێگەی ئەوە بە ئێمە نادات کە بە بەڵگەهێنانەوە و پشت بەستن بە ئامانجێک کە تیرۆریستەکان بۆ خۆیانی دەستنیشان دەکەن، کوشتن و ئازاردانی کەسانی تر بۆ خۆمان پاساو بکەین. هەر کوشتنێک مەرگێکی زیادەیە. بەڵام لە بواری مێژووییەوە، تیرۆریزم بەرامبەر بە ئەو تاوانانەی کە لە دەسەڵاتی دادوەری جەزاییدا هەیە، دۆخێکی تەواو جیاوازی هەیە. تیرۆریزم بە بەراورد لە گەڵ تاوانی تایبەتی ، تاوانێکە کە پەیوەندی بە گشتەوە هەیە و بە بەراورد لەگەڵ تاوانی ناموسی، پێویستی بە جۆرێکی تر لە لێکدانەوە هەیە، ئەگەر وانەبوایە ئێستا ئێمە ئەم گفتوگۆیەمان نەدەکرد.

جیاوازی نێوان تیرۆریزمی سیاسی و تاوانی ئاسایی، بە تایبەت، لە کاتی گۆڕینی رژێمەکاندا، کاتێک کە تیرۆریستەکانی دوێنێ بە دەسەڵات دەگەیەنن و وەکوو نوێنەرانی بەڕێزی وڵاتەکەیان دەیانناسێنن ئاشکرا و مسۆگرە. وەها گۆڕانکارییەکی سیاسی تەنها دڵخوازی ئەو تیرۆریستانە دەبێت کە بە شێوەیەکی واقعگەرایانە ئامانجێکی سیاسی شیاوی تێگەیشتن دەگەرنەبەر و رۆژێک دەتوانن بە پشتبەستن بە پێویستی رزگاری لە دۆخی ستەمکارانەدا بە ئاشکرا جۆرێک لە شەرعیەت بە کردەوە جەنایەتکارانەکانی خۆیان ببەخشن.

من بە سەختی دەتوانم دۆخێک بهێنمەبەرچاو کە رۆژێک بتوانرێت کردارێکی سیاسی لە لە تاوانە ترسناکەکەی 11ی سێپتەمبەر دروستبکرێت ، ئەگەر شیاوی تێگەیشتن نەبێت و بە هەر ناوێکەوە بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆ بگیرێت.

**پرسیار: بە بڕوای ئێوە دەکرێت وەکوو جۆرێک لە راگەیاندنی جەنگ لێکدانەوە بۆ ئەو تاوانە بکەین؟**

وەڵام: تەنانەت ئەگەر وشەی»جەنگ» بە بەراورد لەگەڵ گوتاری ئەو کەسانەی کە جەنگی خاچیان هێناوەتە ئاراوە، کەمتر هەڵەی تێدا بێت و لە بورای ئەخلاقیەوە، کەمتر بکەوێتەبەر رەخنەوە، بەو وەسفەشەوە بە بڕوای من، بڕیارەکەی جۆرج بوش بۆ بانگەوازی جەنگ لە دژی تیرۆریزم، لە لایەک بە هۆی

نۆرمە باوەکان و هەم لە بواری واقعگەرایی پراتیکیەوە، هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە لە بواری نەرینیەوە، لە راستیدا، تاوانباران تا ئاستی شەڕکەرانی دوژمن بەرزدەکاتەوە و لە بواری واقعگەرایی کرداریشەوە جەنگ لە دژی «تۆڕێک» کە ناسنامەیان ئاشکرا نییە، مەحاڵە، تەنانەت ئەگەر بنەوێت (بۆ وشەی جەنگ مانایەکی دیاریکراو دابنێیت.)

**پرسیار: ئەگەر راستی ئەوەیە کە خۆرائاوا سەرەنج و هەستەکانی بەرامبەر بە شارستانیەتەکانی تر قوڵتر بکاتەوە و بەخۆیدا بچێتەوە، چۆن دەکرێت ئەم پرسە گرنگە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ لەم بارەیەوە، ئێوە باسی « وەرگێڕان» و گەڕان بەدوای «زمانێکی هاوبەش» دەکەن، مەبەستتان چییە؟**

وەڵام: لە یانزەی سیپتەمبەر بەملاوە، بە لەبەرچاو گرتنی وەها رووداوێکی توندوتیژ، بە بەردەوامی لە خۆم دەپرسم ئایا تێکڕای لێکدانەوەکانی من سەبارەت بە چالاکیەک کە لە پێناو لێکتێگەیشتن و نزیکایەتیدایە، (کە من لە کاتی نووسینی تیۆری کرداری پێوەندیدا بە بەردەوامی لە هەوڵی پەرەپێدانیدا بووم) نەبۆتە پرسێکی گاڵتەجاڕانە؟ تەنانەت لە ناخی کۆمەڵگە دەوڵەمەند و بێدەغدەغەکانی سەر بە «رێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابوری» رووبەڕووی توندوتیژیەکی پێکهاتەییدا بووینەتەوە کە لە سانیدا پێیراهاتووین. ئەم توندوتیژییە سەرچاوەکەی لە نادابەروەری کۆمەڵایەتی پڕ لە سوکایەتی، جیاکاری نژمکەرەوە، هەژاری و پەراوێزخستنی خەڵکەوەیە. بەڵام، رێک بەو هۆیەی کە هەڵمەتی سەربازی، بوون بە گەمەی دەست و توندوتیژی تێکەڵاوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئێمە بووە. نابێت دوو راستی دیکە لەبەرچاو نەگرین: یەکەم، ئەو کردارانەی کە ژیانی رۆژانەی ئێمە لەگەڵ دەوروبەرەکەمان دروست دەکەن، لە سەر بنەمای پتەوی باوەڕی هاوبەش و لە سەر تۆخمگەلێک کە لە بواری کولتوریەوە وەکوو پرسێکی سەلمێنراو هەژمار ەکرێن و هەر وەها لە سەرچاوەڕوان بەرامبەررەکەمان بونیاتنراون. لە وەها دۆخێکدا، هەڵسوکەوتەکانمان بە دوو شێوە هەماهەنگ دەکەین، یەکێک لە رێگەی گەمەی زمانی ئاساییەوە و ئەوەی تر لە رێگای بەرزکرنەوەی ئاستی چاوەڕوانی متمانەپێکراوی هەر دوو لایەن کە سەرزارەکی قبوڵیانە( ئەمە ئەو شتەیە کە فەزای گشتی ئێمە بە هۆکارگەلێکی کەم و زۆر

ڕێگەپێدراوە پێکدەهێنێت) دووەم، وتەکەی سەرەوە ڕاستی حەقانیەتی خاڵی دووەم شیدەکاتەوە، واتا کاتێک کە پەیوەندیەکان ئاڵۆز دەبن، کاتێک لێکتێگەیشتن دروست نابێت یان خراپ تێگەیشتن لە ئارادایە یان فریوکاری و ساختەکاری لە ئارادایە، ئەو کاتە تێکهەڵچوونگەلێک سەرهەڵدەدەن کە ئەگەر دەرەنجامەکانیان بەئازار بێت، ئیتر گەیشتونەتە ئاستێک پێویستە یان ڕەوانەی لای پزیشکی دەرونی بکرێن یان بدرێنە دادگا.

ڕۆڵی توندوتیژی، لە ڕۆڵگێڕانی لە نانەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە پەیوەندیەکانیدا دەستپێدەکات کە لە ڕێگای بێمتمانەیی کۆنترۆڵنەکراوی هەر دوو لایەن، دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیەکان. بەم پێیە، ئەگەرتوندوتیژی بە گرژی لە پەیوەندیەکاندا دەستپێدەکات، تەنها دوای تەقینەوە دەتوانین تێبگەین کە گرفت چی بووە و دەتوانین چی چاکبکەینەوە. بە بڕوای من، لەم گۆشە نیگایەوە، سەرباری ئەوەی کە دواکەوتوانەیە، دەکرێت بۆ ئەو تێکهەڵچوونانەی کە ئاماژەتان پێدا، بەکاربهێنرێت. ڕاستە ئەم حاڵەتە ئاڵۆزترە، چونکە نەتەوەکان، شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیان و شارستانیەتەکان لە سەرتاوە دوورن لە یەکتر و بەرەو نامۆبوون لە یەکتر هەنگاودەنێن. ئەوان، وەکوو ئەندامانی کوتلەیەک، کۆمەڵێک، حزب یان خانەوادە پێکەوە چاوپێکەوتن و دیداریان نییە، چونکە لێرەدا، ئەندامان کاتێک کە دەبنە غەریب و نامۆ کە پەیوەندیەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک تووشی لادان بووبێت. جگەلەوە، لە پەیوندی نێونەتەوەییدا، ناوبژیوانی یاسایی کە ئەرکی ڕێگرتن لە توندوتیژی لە ئەستۆیە، ڕۆڵێکی لاوەکی دەگێڕێت. و لانی زۆر، لە پەیوەندی نێوان کولتورەکان، بەکەڵکی پەروەردەی بەڕێوەبەران دێت بۆ ئەوەی بەڕواڵەت، هەوڵدان بۆ لێکتێگەیشتن بکەنە ئامانج. (بۆنمونە: کۆنفرانسی مافی مرۆڤ کە لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە لە ڤیەننا ڕێکخرا.) ئەو چاوپێکەوتنە ڕەسمیانە ناتوانن، بە تەنیایی، مەکینەی کلێشەسازی ڕابگرن. (مەگەر ئەوەی کە گفتوگۆی نێوان کولتورەکان، کە لە ململانێ لە سەر پشت بەستن بە مەسەلەی مافی مرۆڤ تا ئاستێکی جیاواز دەچێتە پێش، گرنگ و بنەڕەتی بێت.)

بۆ کردنەوەی زەیین و ڕوانگەکان، دەبێ لە ڕێگەی ئازادسازی پەیوەندیەکان و سڕینەوەی واقعبینانەی دڵەڕاوکە و فشارەکانەوە هەنگاو هەڵبگرین، پێویستە لە

ڕەفتاری ڕۆژانە و پەیوەندیەکاندا کۆگایەک لە متمانە پێکبهێنرێت، و ئەم سەرمایەیەش، پێشمەرجێکی پێویستە بۆ ئەوەی شیکردنەوەی ژیرانە، لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی گشتیەوە، وەکوو، قوتابخانە و خانەوادەکان، لە قەبارەیەکی بەرفراواندا، بگوازینەوە. هەروەها، دەبێت ئەو شیکردنەوە شیاوانە، دەستپێکی فەرهەنگی سیاسی ڕوانگەی جێی سەرەنج لە خۆبگرێت.

بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمە خۆرئاواییەکانەوە هەیە، لەم ساتەوەختەدا، هۆکارێکی گرنگە، ڕۆڵێکی ڕەسمی و ناسراوە کە ئێمە لە بەرامبەر فەرهەنگەکانی تردا دەیخەینەڕوو. ئەگەر خۆرئاوا، پێداچوونەوە بەو وێنایەدا بکات کە بەرامبەر بە خۆی هەیەتی، فێری ئەوە دەبێت کە چ شتێک پێویستە لە سیاسەتەکەیدا گۆڕانی بەسەردا بێت بۆ ئەوەی وەکوو دەسەڵاتێک بناسرێت کە لە توانایدایە شکڵ بداتە هەوڵی بونیاتنەرانەی لە شارستانیەت سازیدا. ئەگەر سەرمایەداری بێسنووری ئەمڕۆ لە بواری سیاسیەوە کۆنترۆڵ نەکەین، ئیتر ناتوانین توێژە ڕوخێنەرەکانی ئابوری جیهانیش کۆنترۆڵ بکەین، لانیکەم پێویستە، لە دەرەنجامی ڕوخێنەری ئەم ناهاوسەنگیانەدا، کە لە زیندویی گەشەپێدانی ئابوریەوە سەرچاوەی گرتووە، هاوسەنگیەک پێکبهێنین(مەبەستم لە دەرەنجام، هەژاری و سوکایەتیەکە کە ڕووبەڕووی زۆرێک لە ناوچە و کیشوەرەکان بۆتەوە.) شتێک کە لە پشت پەردەی پەیوەندی لەگەڵ کولتورە جیاوازەکانەوەیە، تەنها جیاکاری، کەم سەیرکردن و پاشگەزبوونەوە نیە. بەڵکوو ئەوە بەرژەوەندی ئاشکرای خۆرئاوایە کە لە پشت مەسەلەی « ڕووبەڕووبوونەوەی کولتورەکان»وە شاراوەتەوە. (وەکوو ئەوەی کە لە بەکارهێنانی سەرچاوەی نەوتیدا بەردەوام بێت و پێدواویستیەکانی خۆی لە وزەدا دابین بکات.)

سەرچاوە: گۆڤاری لۆمۆند دیپلۆماتی

## لە بارەی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە
## مشتومڕێک لە نێوان یۆرگن هابرماس و هێربرت مارکۆزە

لە فارسییەوە: نیاز جەعفەر

یۆرگن هابرماس: هێربەرت! نۆ ساڵ لەمەوپێش و بە بەهانەی تێپەڕینی حەفتا ساڵەی لە دایکبوونت، ئێمە سێ کەس لەگەڵ خەڵکانی تر لە هەواداران و هەڵبەت ڕەخنەگرانت هاتینە دیدەنیت. بە ڕای من ئەو کات لە بەراورد بە ئەمرۆ، بابەتگەلێکی زۆرتر بۆ باسێکی سیاسی بوونی هەبوو، لەو ڕۆژانەدا باسی سیاسی لە چوارچێوەی گوتارە شەفافەکانەوە بەرامبەر بە ڕەوشی هەیی دەبیسترا و بە شێوەیەکی گشتی، من پێموایە ڕەوشمان لە ئێستادا لە ڕووی دواکەوتنەکان لە کایە سیاسییەکان بەرامبەر بەو قۆناغە جێی داخە. وێرای ئەوەش، بۆ ئەوەی گفتوگۆی ئەمڕۆمان ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێ و ئێمە بتوانین بە هێمنی لە هەوای زستان دابنشیین، خاڵی لە لوتف و میهرەبانی نابێت، ئەگەر بابەتی مشتومڕەکە.

مارکۆزە: بە پێچەوانەی ئێوە وا بیر ناکەمەوە.

هابرماس: زۆر باشە!

مارکۆزە: بە بڕوای من، بێ ناوبژیوانی سیاسەت، قسەیەکی ئەوتۆم بۆ وونن نابێت و ناکرێ سیاسەت بە هۆی هەلومەرجی هەییەوە لە باسەکەمان دور بخەینەوە بدەین و چاوەڕوانی رۆژێک بین، کە دووبارە ڕووداوێکی تایبەت ڕوو بدات و ئەو کات سەرلەنوێ سیاسەت بێنە نێو باسەکەمانەوە.

هابرماس: وێرای ئەوەش بە بڕوای من پێویست نییە لەم باسەدا ململانێ لەسەر خاسیەتەکانی خۆمان بکەین.

مارکۆزە: بە دڵنیاییەوە.

هابرماس: بە بڕوای من ئەتوانرێ باسی ئەمڕۆمان بە خوێندنەوەی بیۆگرافیک لە نۆوە دەست پێ بکەین. لەم شێوەیەدا من بۆ خۆم ئەمەوێ ئەم خوێندنەوەیە بە گەڕانەوە بۆ بایۆ تیۆری و فەلسەفی بەرێزتانەوە درێژە پێبدەم،

تۆ ئەزانی کە من بەردەوام پەیوەست بووم بە تێپەڕینی تۆ «لە هایدیگەرەوە» بۆ «هۆرکهایمەر» تەنانەت لە بۆنەی لێکچوونە بیۆگرافیکاڵەکانیشەوە. ڕێگەم بدە با باسەکە بە هەندێ پرسیار لەبارەی قۆناغێکە لە فرایبۆرگ بەسەرتان بردوە، دەست پێ بکەم. لە ڕاستیدا مەبەستم ساڵانی دوای 1918یە. پێش هەموو شتێک قسەکەم لە وتاری داکۆکیەکەت لە تێزی دکتۆراکەتەوە دەستپێدەکەم کە بابەتەکەی ئۆنتۆلۆژیای هێگڵ بوو و لە ساڵی 1922 پێشکەشتکرد.

لە ڕاستیدا لە وتاری داکۆکیەکەت، نمونەگەلێکی بەرچاو لە گەرانەوەی هەمەجۆر بۆ ناونیشانەکانی فەلسەفەی هایدگەر دەبینرێ. لە هەمان ساڵیشدا گۆڤاری«Gesellchfi Die» وتارێکی تۆی لەبارەی دۆزینەوەی دەستنوسگەلێکی مارکس لەبارەی ئابوری نەتەوەیی و فەلسەفە بە چاپگەیاند. ساڵێک دواتر، گوتارێکتان بە ناوی «بنەڕەتە فەلسەفییەکانی ئابوری کرێکار» لە گۆڤاری «Archiv Fur Sozialwissenschaft» بڵاوکردەوە. بەم پێشەکییە، ڕەنگە پرسیاری بنەڕەتی لەبارەی تێکەڵاوکردنی ئەم دووانەیە. ئایا چۆن توانیت هایدگەر و مارکس ئاشت بکەیتەوە؟

مارکۆزە: بە باوەڕی من، ئەوەی تۆ بە «تێپەرین لە جیهانی مانایی هایدگەریی بۆ مارکسیزم» باسی دەکەیت، دڵەراوکێی کەسیی من نەبووە، بەڵکو دڵەراوکێی نەوەیەک بووە. شکستی شۆرشی ئەڵمانیا –کە من و زۆرێ لە هاورێیانمان لە ساڵی 1921 ئەزمونمان کرد، تەنانەت ئەگەر نەڵێین زووتر لەوە بە بوونەقوربانی کارڵ و ڕێزا زۆر یەکلایکەرەوە بوو. لە ڕاستیدا لەو ساتەدا، هیچ شتێک بۆ وەک یەک بیرکردنەوە لەگەڵ شۆڕشگێران نادۆزمەوە. ئەم شکستە بووە هۆی ئەوەی کە تا جارێکی تر بەرەو هایدگەر بگەڕێینەوە. کتێبی «بوون و زەمەن» لە ساڵی 1927 بڵاو بۆوە.

ئەمە ڕێک لەو کاتەدا بوو، کە من خەریکی تەواوکردنی خوێندنەکەمدابووم و یەکەمین شەهادەم کە مێژووەکەی ساڵی 1922 بوو، وەرگرت. هاوشان بە چەند هاوڕێیەکەم لەو کات لە فرۆشگایەکی کتێبی دەستی دووی هاوشان بە دامەزراوەی بڵاوکردنەوەی بەرلین کارمان دەکرد، بەڵام بە شوێن دۆزینەوەی ئەو وەڵامەدا بووم، کە چ ڕووداوێک لە دوای شکستی شۆڕشی ئەڵمانیا ڕوویداوە؟ و ئەمە

پرسیارە سەرەکییەکە بوو. فەلسەفەیەک کە لەوکاتْ لە ئەکادیمیا دەوترایەوە لە پانتایی نیۆ کانتییەکان و نیۆهێگڵییەکاندا بوو بێ ئاگا بە دەرکەوتنی کتێبی «بوون و زەمەن» خوێنێکی تازە لە ڕەگەزی فەلسەفەی ئەبستراکتْ بە گەرانەوەگەلی زۆر دیار، لە ناوەندی ئەکادیمی درا.

فەلسەفەیەک کە لە «ژیان» ئەدوێتْ: لە بوون (دازاین)، لە مەرگ، لە مرۆڤ، لە گۆشەگیری، و .... لەگەڵمان ئەدوێتْ. بە بڕوای من ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ کتێبی (بوون و زەمەن) بۆ ساڵی 1932 دەگەڕێتەوە. من جەختْ لەسەر جێناوی ئێمە ئەکەمەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە بەرزەفڕی تایبەتی کەسیی نەبوو لە ژیانمدا و مەبەستم لە بەرزەفڕییە لە ئاوێزانبوون بە چەمکی ئەبسراکتْ و ڕووناکردنەویەکی ڕووتْ لە فەلسەفەیە، کە هەنوکە بە چەشنێ هەڵە ئەیدەینە قەڵەم. جەوهەری کاری هایدیگەر شوێنگرتنەوەی فینۆمینۆلۆجیای تایبەتی خۆیەتی لە بڕی فینۆمینۆلۆجیای ترانسندانتاڵی هۆسریڵ، بە کارهێنانی لەسەریەک و بەردەوامی چەمکگەلێکی وەک بوون و گۆشەگیری، کە فەلسەفەی هایدیگەری کردە گرفتاری چەمکە ئەبستراکتەکان.

هەر لە هەمانکاتدا بوو کە من مارکسم خوێندەوە و لە خوێندنەوەی مارکس و بەردەوامی ئەم خوێندنەوەیە، بە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکانی 1844 گەیشتم، هەر لێرەوەش بووە جێ سەرەنجی من بێگومان ئەو مارکسەی کە من ئەمبینی، مارکسێکی تازە بوو. مارکسێک سەراپا ئەبستراکتْ و لە هەمانکاتدا سەروسیمایەکی باڵاتر لە پارتە جێگیرەکان لە مارکسیزمی تیۆریی و پراکتیکی، هەروەها لەم گێرانەوەیی مارکسدا، هیگڵم وەک دوژمنێک نەبینی و بە بڕوای من گرێ کوێرە نەبوو بۆ فەلسەفەی مارکس.

هابرماس: بە گوێرەی گوتەی تۆ، هایدیگەر بە بڵاوکردنەوەی (بوون و زەمەن) نیشانیدا، کە فەیلەسوفێکی ئەبستراکتە؟

مارکۆزە: بەڵێ.

هابرماس: بەڵام ئەگەر لە دیدی مارکسیستێکەوە لە فەلسەفەی هایدگەر بڕوانین، بێگومان ئەوەی تێدا نادۆزینەوە کە پێیدەوترێتْ کۆنکرێتْ، بەڵکو زێتر چەشنێ ترانسندنتاڵی، یان پێکهاتەی کۆنسێپتواڵی ئۆنتۆلۆجیا ئەدۆزینەوە، کە

بەرهەمی هەلومەرجێکی تایبەتی مێژوویە و بۆ تێگەیشتنی پرۆسەی ماتریالیزمی مێژوویی تێرمان ناکات.

مارکۆزە: بەڵێ، لە هایدگەردا، مێژوو بۆ چەشنێ دیدگای مێژووگەرایانە کورت دەبێتەوە.

هابرماس: وێرای ئەوەی تۆ بەم ئۆنتۆلۆجیا ئوسوڵیەوە پەیوەستی. لە نووسینەکانی دواترت، بۆنموونە لە پرسە فەلسەفییەکان، هەروەها لە دوو وتار کە ئاماژەم پێیکرد، بەهەمانشێوە هەوڵدەدەیت تاوەکو شێوە بە چوارچێوەی ئۆنتۆلۆجیا ببەخشی، کە لە ڕەوتی دروستبوونی چەشنێ بینای کۆنسێپتواڵی بۆ هاوبەرامبەری نێوان کرێکاری نامۆ و کرێکاری نامۆنەبوو بەدەستدەکەوێت.

مارکۆزە: بەڵێ، بەڵام ئەم هەوڵە هیچ پەیوەندیەکی بە فەلسەفەی هایدگەرەوە نییە، بەڵکو چەشنێ ئۆنتۆلۆجیایە کە ڕەگ و ریشە بەرچاوەکانی لە کارەکانی مارکسدا دەبینین.

هابرماس: پرسیارێکی تر: ئایا تەندروستە کە بیرۆراکانت لە ساڵی 1968 ئاراستەیەکی بەرەو ئامانجی سیاسیی بووە و لەو کاتە بەدواوە، تێڕامانە فەلسەفییەکان تەنها هۆکارەکانی پەخشکردنەوەی ئەو بۆچونانەیان فەراهەمکردووە؟ بە دەربڕینێکی تر، ئایا لە بیرکردنەوەی تۆ سیاسەت و تیۆر، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی پەیدا کردووە؟ تا ئەو شوێنەی کە ئەزانم تەنانەت تۆ لە بزوتنەوەی ئەنجومەنەکانی کاریش چالاک بووی، ئەوە ڕاستە؟

مارکۆزە: من مەیلم بۆ ئەم بزوتنەوەیە هەبوو و هەڵبەت وەک یەکێ لە سەربازانی ئەنجومەنی بەرلین لە راینیکندورف لە ساڵی 1918، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیەم بەم بزوتنەوەیە کرد، و رۆڵی سەربازم لە ئەنجومەنی بەرلین زۆر بەخێرایی بەجێهشت. هۆکارەکەشی هەڵبژاردنی سەرلەنوێی ئەفسەرانی پێشوو بوو لە هەڵبژاردنە تازەکان لەو کاتەدا. لە دوای ماوەیەکیش واتە لە ساڵی (1919) لە حیزبی سۆشیال دیموکرات هاتمە دەرەوە. بە بڕوای من ئاراستەی نەمری من بۆ سیاسەت، لەو کاتەدا بەدیار کەوت. لەو کاتەدا بە هۆی ئەوەی کە خۆم بە شۆڕشگێر دەبینی، زۆر بەگەرموگوڕی لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبی سۆشیال دیموکرات نەیار بووم.

هابرماس: ڕۆڵی مێژوو و هوشیاری چینایەتی لۆکاچ و فەلسەفە و مارکسیزمی کرش لەسەر تۆ چەند بووە؟ لە بنەڕەتدا لە پێش سەرسامبوون بە هایدگەر پەیوەندیەکی فیکریت بە هەردووکیانەوە هەبوو.

مارکۆزە: من لۆکاچم لە پێش هایدگەر خوێندبۆوە. وابزانم کرشیش هەر بەم جۆرەیە. هەردوکیان بۆ من بەدیهێنەری ئەم ئیعتیبارە بوون کە چۆن ئەتوانرێ تەماشای مارکسیزم بکرێت لە سەرووی ستراتیژێکی سیاسی و مەیلی داخراوی سیاسی. لە تیۆری هەردووکیان کاتیگۆریەک کە وەک ئۆنتۆلۆجیا باسکرد، دەبینرێت و لەم ڕووەوە بە دیدی من کەم تا زۆر ئەتوانرێ ئۆنتۆلۆجیای هەیی لە هزریان بە سەرچاوەگرتو لە هەبوونی کاتیگۆری ئۆنتۆلۆجیا لە بەرهەمەکانی مارکس بزانرێـت.

هابرماس: چۆن چوینە نێو ئەنستیتۆوە؟

مارکۆزە: بە شانس! بە هۆی کوورت رایزڵەر کە بەرپرسی کتێبخانەی زانکۆی فرانکفۆرت و یەکێ لە هاوڕێیانی هۆرکهایمەر بوو. بیرم نییە کە چۆن رایزڵەرم بینی، وابزانم لە یەکێ لەو دانیشتنانە بووە، کە ئەو لە نێوان من و ئەنستیتۆ دروستی کردبوو. ئاشنابوون و چوونە نێو ئەنستیتۆ بۆ ساڵی 1932 دەگەڕێنەوە. لە یادمە کە رایزڵەر بەردەوام لە پەیوەندیم بە هایدیگەر دەدوا.

هابرماس: سەیرە! من ئەم ڕووداوەم هەرگیز نەزانیوە.

مارکۆزە: بەڵێ. ئەو چەندین کتێبیشی لەبارەی پارمنیدس بڵاو کردوەتەوە کە باکگراوندێکی هایدگەریی هەبوو. لە راستیدا ئەو لە رووی کەسایەتییەوە خۆی بە نزیک بە ئەنسیتیۆ ئەزانی وێرای ئەوەی هایدگەرییەکی تەواو بوو.

هابرماس: لەبارەی تۆ چی؟ ئایا تۆش پەیوەندییەکی فیکریت لەگەڵ ئەنستیتۆ هەبوو؟ تا پێش ساڵی 1932 لە بارەی ئەنستیتۆوە چیت ئەزانی؟

مارکۆزە: لە ساڵی 1932 یەکەمین ژمارەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بویەوەو ئەمەش تەواوی ئەو شتە بوو، کە من لەبارەی ئەنستیتۆوە ئەمزانی. بە هۆکاری فەزای دژوار و بێزارکەری سیاسییەوە، وام هەستدەکرد کە پێویستە بە شێوەیەک پەیوەندی بە ئەنستیتۆوە بکەم. لە کۆتایی ساڵی 1932 بە شێوەیەکی کامڵ بۆم ڕوون بوەوە، کە توانای بە دەستهێنانی کورسی مامۆستای زانکۆ لە

حکومەتی نازی بوونی نابێت ئەم دڵنیاییە ڕێک لەو کاتەدا بەدەستهات کە ئەنستیتۆ سەرقاڵی بارکردن و کۆچکردنی کتێبخانەکەی بوو بۆ ئەمریکا.

هابرماس: سەرەکیترین و بەهێزترین توخم کە بووە هۆی ئەوەی کە بتوانی لە ژینگەیەکی تازەی وەک نیۆیۆرکدا دەست بە پەرەسەندنی کاری تیۆریی و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان بکەی، چی بوو؟

مارکۆزە: بە بڕوای من سەرەتا، لە وەرگرتنی باسێکی گشتگیر لە بارەی مارکسیزمی ناپەیوەست بە بلۆکی روژهەڵات و تیۆری مارکسیستی بە ئەندامانی ئەنستیتۆ و لە بواری یەکەمدا، هەوڵدان بۆ شیکردنەوە و روونکردنەوەی هەلومەرجی سیاسی لە دوای کۆچکردن. تا ئەو کاتەی کە بیرمە، لە نێو ئەندامانی ئەنستیتۆ، هیچ گومانێ لە هاتنەسەرکاری هیتلەر بوونی نەبوو، ئەوش بۆ ماوەیەک نەزانراو و لە فەزایەکی ئاڵۆز، سێیەمین باسی جدی لە ئەنستیتۆش لە بارەی دەروونشیکاری بوو. بەراستی پێش پەیوەستبوونم بە ئەنستیتۆوە، فرۆیدم خوێندبووەوە، بەڵام ئەم خوێندنەوەیە هەرگیز شێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراوی نەبوو، ئەم جۆرە تێروانین و دووبارە خوێندنەوەیش لە دوای وەرگرتنی باس بە ئەنستیتۆ روویدا.

هابرماس: ڕۆڵی ئەریک فرۆم لەم بوارەدا چی بوو؟

مارکۆزە: لە سەرەتای پەیوەستبوونم بە ئەنستیتۆ، پێگەیەکی پەراوێزیم هەبوو و هێندەش نەبوومە جێی مشتومڕی ئەندامانی تری پلە باڵا. بەم چەشنە، هێدی هێدی بۆم روون بۆوە کە گەشەسەندن و بەرزبونەوە لە ئەنستیتۆ زۆر ئاڵۆز و دژوار بێ، بەڵام لە بارەی فرۆمەوە، بە دیدی من سەرەکیترین هۆی جیابوونەوەی ئەو لە ئەنستیتۆ برینی بوو لە تیۆری فرۆید و بەتایبەت ئەو دیدە تازەخوازەی لەبارەی چەمکی سەرەکی فرۆید، واتە شوفێرە غەریزییەکان: هەر چەند کە ئەتوانم لە ئاست و سنوری هەست و گومانیشدا بڵێم کە ژمارەیەک مەسەلەی کەسییش هۆکاری جیابوونەوەی بوون لە ئەنستیتۆ، کە هەڵبەت من لە بارەی وردەکارییەکەی شتێکی ئەوتۆ نازانم.

هابرماس: بە بڕوای من، ساتەوەختی جیابونەوەی فرۆم لە ئەنستیتۆ، ئەو کاتە بوو کە فرۆید ڕۆڵێکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی تۆدا ئەگێڕا، تا ئەو سنورەی

کە لەو کاتە بە دواوە بوو، کە هاوکێشەی سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی مارکسیستی لە گوتارەکاندا بەدەرکەوت.

مارکۆزە: لە راستیدا پێویستیەک بوو کە ئامانجی سەرەکی بوو، لەبەرئەوەی لە بەرامبەر دیاردەیەکی ئاڵۆز بە ناوی فاشیزمدا بووین. فاشیزم هاوشێوەی واقیعەتێکی رەتنەکراوە هاتبوە ئاراوە، ئەمەش پێویستی بە تێڕوانینێکی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی مارکسیستی بوو. لە راستیدا دەتوانین فاشیزم بە گوێرەی تیۆری مارکسیستی روون و فۆرمەڵبەندی بکەین، ئەوەی کە پێویستە فاشیزم بە گوێرەی بنەمای مارکسیزم روونبکرێتەوە، بەم مانایە نەبوو کە ئێمە تەنها پارچەکان لە تەنیشت یەکەم بچنین، بەڵکو پێویستە بە لۆژیکی ناوەکی خودی تیۆری مارکسیستییەوە بەرەو پێش برۆین.

ئەم ئایدیاش بوونی هەبوو کە کاتیگۆری دەروونشیکاری دەتوانێ پێکهێنەرە ناوەکییەکانی بونیادی رەفتارە مرۆییەکان کە لە دیدی من کلیلی سەرەکی ئەم پرسیارە بوو، کە بۆچی رووداوەکانی 1918–1919 بەدواوە بەرەو داتەپین رۆیشتن بەدەستەوە بدات و نیشانیبدات، کە بۆچی پۆتانسێلکی مێژوویی، بە شێوەی ناسروشتی نەک تەنها بووە هۆی پێشگرتن لە سەرهەڵدانی شۆڕش، بەڵکو خۆیشی تووشی داتەپین و رووخان بوەوە. بە بڕوای من دەرونشیکاری پشت ئەستور بە میتافیزکی فرۆید دەیتوانی وەڵامی هەندێ لەم پرسیارانە بداتەوە.

هابرماس: لە بنەڕەتدا بۆچی ئەنستیتۆ لەگەڵ ریڤزیۆنیزمی فرۆم نەیار بوو؟ ئایا ئەم زیهنیەتە بوونی نەبوو کە ئەشێ لە دەرونشیکاری ژمارەیەک لە توخمەکان لەبەرچاو نەگیردرێن و هەموو شتێ بۆ شیکردنەوەیەکی پەتی شوفێرە غەریزییەکان کورت بکرێنەوە؟

مارکۆزە: بە بڕوای من سەرەکی ترین خاڵ، ناواخنی وێرانکەری تیۆری شوفێرە غەریزییەکانی فرۆید بوو - کە هەڵبەت هێشتاش هەیە نەک دووبارە خوێندنەوەکەی، هەروەها سنوردارکردنە هەییەکان لە دەرونشیکاری وەک پراکسیسێک کە بەتاڵە لە بنجبڕێنی گوزارە تیۆرییەکان. بە باوەڕی من، فرۆم لە یەکەمین ئەو کەسانە بوو، کە هەوڵیدا توخمە وێرانکەرەکانی تیۆری غەریزەکانی فرۆید رەشبکاتەوە، یان لەبەرچاو نەگرێت.

هابرماس: لە نیگایەک بۆ ڕابردوو، ئارەزوویەکی زۆرم هەیە بزانم کە ئایا تۆ لە پرۆسەی دەست لەکارکێشانەوەدا لە هەوڵدانی فرۆم بۆ بیناکردنی شێوەیەکی تازە لە تیۆری رەخنەیی لە نیویۆرک هیچ رۆڵێکت هەبوو؟

مارکۆزە: پێویستە دان بەوەیا بنێم، کە هەق بە تۆیە. وێرای ئەوەش گاتیگۆری دەرونشیکاری لە تیۆرە رەخنەییەکان هێندە بە فرۆمەوە وابەستە نەبوو.

هابرماس: بە بڕوای من لە سەرەتای گفتوگۆکەوە تا هەنوکە، باسگەلێکی بەبەیاخ و سوودمەند خراوەتە ڕوو. ئایا هێشتا تواناییەک بۆ روونکردنەوەی دەستکەوتەکانی ئەرکی ئەنستیتۆ لە قۆناغی نیویۆرک بوونی هەیە؟ بە چەشنێک دەتوانرێ تەماشای ئەندامانی ئەنستیتۆ بکردرێ، کە نیشاندەری رەوتە کەسییەکانی هەریەکەیان بێت. پۆلاک و گراسمەنی ئابوریزان، فرۆمی دەرونـاس، لونتالی تیۆریسینی ئەدەبی، ئادۆرنۆ و مارۆکزە وەک رەخنەگری ئایدۆلۆژیا و ... ئایا ئاوا دابەشکردنی کار لە نێوان پسپۆرانی ئەنستیتۆ و هۆرکهایمەر وەک کەسێ کە دیسپلینی پشت ئەستور بە مەیلی فەلسەفە وەک مایەی سەرەکی کاری هاوبەشی ئەم پسپۆرانە فەراهەمکرابوو، بوونی هەبوو؟ بە گوتەی دوبیل، ئەوەندە بەسە بە تەماشاکردنی بڵاوکراوەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاریبکردرێ، کە تەواوی ئەم مەیلە کەسییانە لە لایەن هۆرکهایمەرەوە بەرێوەدەبردرێن، بۆ نموونە هۆرکهایمەر تەنانەت بۆ یەکێ لە وتارەکانی پۆلاک بە چەشنێک (پەرواوێز) نوسیبوی.

مارکۆزە: پۆلاک وتارێکی لەبارەی پێگەی سیستمی سەرمایەداری نوسیبوو. بە باوەڕی من وتارەکەی ئەو یەکەمین ئەو وتارانە بوو، کە هەوڵیدا ئەم ئایدیای کە سیستمی سەرمایەداری بە هۆی پێکدژی و کێشە ناوەکییەکانی خۆی داناتەپێ، بسەلمێنێ، بەڵام رەخنەی ئابوری سیاسی مارکسیستی بونیادێکی سادە نییە، کە بتوانرێ بە سادەیی لە ڕیزی توخمە فەلسەفییەکان بۆ روونکردنەوەی سیستمی ئابوری شوێنی بکرێتەوە.

هابرماس: ئەمە بەتەواوی ڕاستە.

مارکۆزە: هەروەها لە بارەی نیومەن و کرچیمەر. ئەوەی کە ئەوان ئەنجامیاندا توێژینەوەیەکی ئەزمونی تایبەت کە بە دیسپلین و میتۆدۆلۆجی ئەنستیتۆ تەبا بێ، نەبوو.

هابرماس: بەو جۆرەی کە دێنە بەرچاو، بەڕواڵەت ناوبڕی توێژینەوەی دوبیل و هاوکارانی لەگەڵ واقیعەتە فەلسەفییەکان و شێوەی کاری هۆرکهایمەر زۆرە. بەم چەشنە لە تێروانینی نۆ ، تەنانەت ئەوەی پسپۆران بە (ئەنستیتۆ) دەخوێنرێ، لە راستیا بە دوای مینۆدێ بۆ کارکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە مارکسیزمدا بوون؟

مارکۆزە: بەڵێ...

هابرماس: ئەو زانستە کۆمەڵایەتییەی کە بەرەو لایەنە ناتەباکانی وەک سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، ئابوری و تیۆری حکومەت هەنگاو دەنێت.

مارکۆزە: بە تەواوی، بە دیدی من سەراپای تیۆری مارکسیستیش لە هەوڵدایە بۆ تێکەڵاوکردن و تەباکردنی ئەو هێزانەی کە بە شێوەی سروشتی وەک رێگری یەکتر کار دەکەن. بۆ نموونە «کێشە ئابورییەکان»، تەنها ئەو کاتە وەک هەرەشە دەردەکەون کە وەک «گرفتەکانی سیستمێکی تایبەت» باسیان بکرێ.

هابرماس: ئەم کۆمەڵە بیرمەندە چۆن چۆنی لەگەڵ یەکتر کار دەکەن. لە راستیدا وشەی «ئەنستیتیۆ» پەیوەندی بە چ واقیعەتێکەوە هەیە، لە ژووری کار و چەند مێزێک لە زانکۆی کۆلۆمبیا؟

مارکۆزە: ئەنستیتۆ، بینایەکی چۆڵ و ترسناک بوو لە شەقامی ژمارە (117). بینایەکی پەیوەست بە زانکۆی کۆلۆمبیا کە خستبوویە بەردەست ئەنستیتۆوە.

هابرماس: پەیوەندیە گشتییەکانی ئەنستیتۆ چۆن بوو؟ مەبەستم ئەوەیە کە ئایا ئەنستیتۆ هەرگیز دانەخرا؟ ئایا باشتر نەبوو کە وەک گروپێک بە شوناسی سیاسی بناسرێن، کە لە کۆچ و تاراوگەدا چالاکیتان دەکرد؟

مارکۆزە: بە مانایەک پێویستە بڵێم، کە هەر هەنگاوێ بۆ پێکهێنانی سیاسی لە ئەنستیتۆ بۆ ئەندامانی قەدەغە بوو. پێش ئەوەی هۆرکهایمەر ئەنستیتۆ دابمەزرێنێ، ئێمە وەک فەیلەسوف و توێژەری زانستە مرۆییەکان میوانی زانکۆی کۆلۆمبیا بووین. لە راستیدا پێویستە بڵێم هەموو جۆرە پێکهاتێکی سیاسی، دەیتوانی ببێتە هۆی روخانی ئەنستیتۆ و ئەگەر ئەوەش روویدابا، بێگومان بنەڕەتەکانی ئەنستیتۆ دەلەرزا.

هابرماس: لە نیوەی دووەمی دەیەی (30)، سەرەکیترین ئامانجتان چی

بوو؟ به بڕوای من بڵاوکراوەکەتان تا ساڵی 1940 بڵاو دەبوەوە، بەو چەشنەی لەو کاتەدا وا هاتە بەرچاو ، ئەوەندە نەتدەویست کاریگەربی بە ژینگەی تیۆریی لە ئەمریکا، ئایا ئەتویست بۆ ئەڵمانیا بگەرێینەوە هەڵبەت لە دوای روخانی فاشیزم، ئایا هەستکردنەکەم ڕاستە؟

مارکۆزە: راستیەکەت بوێ، هەرگیز ئەم پرسیارەم لە خۆم نەپرسیوە و لە وەڵامەشیدا پێویستە بڵێم نەخێر، مەیلی گەڕانەوەم بۆ ئەڵمانیا نەبوو. مەیل و رەوتە تیۆریەکانمان لە ئەمریکا، کاریگەر بوو بەم زیهنیەتەی کە ئێمە بۆ ساتێکی دیاریکراوی پێشبینیکراو لەوێبووین و پێویستە بەرنامەرێژی بۆ ئەو کاتە بکەین. بیرکردنەوە لە ئەڵمانیای دوای روخانی فاشیزم، تەنها وەک هیوایەکی دورە دەست لە زەینمان دەبزوا تا ئەو سنورەی کە لە بارەیەوە ناتوانین هیچ شتێ بڵێم.

هابرماس:   بە بڕوای من، بێ ناوبژیوانی سیاسەت، قسەیەکی ئەوتۆم بۆ ووتن نابێت و ناکرێ سیاسەت بە هۆی هەلومەرجی هەییەوە لە باسەکەمان دور بخەینەوە بدەین و چاوەڕوانی رۆژێک بین، کە دووبارە ڕووداوێکی تایبەت روو بدات و ئەو کات سەرلەنوێ سیاسەت بێتە نێو باسەکەمانەوە.

مارکۆزە:بە باوەڕی من، ئەوەی تۆ بە «تێپەرین لە جیهانی مانایی هایدگەریی بۆ مارکسیزم» باسی دەکەیت، دڵەراوکێی کەسیی من نەبووە، بەڵکو دڵەراوکێی نەوەیەک بووە. شکستی شۆرشی ئەڵمانیا –کە من و زۆرێ لە هاورێیانمان لە ساڵی 1921 ئەزمونمان کرد

هابرماس:   بەڵام ئەگەر لە دیدی مارکسیستێکەوە لە فەلسەفەی هایدگەر بڕوانین، بێگومان ئەوەی تێدا نادۆزینەوە کە پێیدەوترێت کۆنکرێت، بەڵکو زێتر چەشنێ ترانسندنتاڵی، یان پێکهاتەی کۆنسێپتواڵی ئۆنتۆلۆجیا ئەدۆزینەوە

مارکۆزە: بە تەواوی، بە دیدی من سەراپای تیۆری مارکسیستیش لە هەوڵدایە بۆ تێکەڵاوکردن و تەباکردنی ئەو هێزانەی کە بە شێوەی سروشتی وەک رێگری یەکتر کار دەکەن. بۆ نموونە «کێشە ئابورییەکان»، تەنها ئەو کاتە وەک هەرەشە دەردەکەون کە وەک «گرفتەکانی سیستمێکی تایبەت» باسیان بکرێ.

سەرچاوە/ سایتی رۆژنامەی شرقی ایرانی

# قەڵەمڕەوی مەڵبەندی گشتی

یۆرگن هابرماس
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

**چەمک**

مەبەستمان لە «قەڵەمڕەوی گشتی» پێش هەرشتێک، قەڵەمڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتیمانە کە دەکرێت ڕای گشتی تێدا بێتەئارا. لە بنچینەدا، گەیشتن بە قەڵەمڕەوی گشتی بۆ هەمووان ئازادە. بەشێک لە قەڵەمڕەوی گشتی لەهەر دیالۆگ و بیستنێکدا دێتەئارا، کە خەڵکانی بێلایەن تێیدا کۆدەبنەوە تا گرووپێک ئۆرگانیزە بکەن. بەمەش وەکو پسپۆڕان و پیشەوەرانێک کاردەکەن کە کاروباری کەسێتی خۆیان ڕادەپەڕێنن و نەک وەک هاوبەشی یاسایی کە شوێنکەوتووی بڕیاری یاسایی بۆرۆکراتی حکومەتن و ناچارن گوێڕایەڵ بن. کاتێک هاووڵاتییان وەک گرووپێک کاردەکەن کە لە مەسەلەکانی خولیای گشتی دەکۆڵنەوە بێ ئەوەی کەوتبنە بەر گوشارو ستەمەوە، واتە گەرەنتی ئەوە هەیە بە ئازادی لەدەرەوەی یەک کۆببنەوە و یەکبگرن و بیروڕای خۆیان بەبێ کۆسپ بانگەشە بکەن. کاتێک ئەم گروپە زۆر بێت، ئەمجۆرە پەیوەندیە پێویستی بە ئامڕازەکانی بانگەشە و کارتێکەرە؛ ئەمڕۆ، ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوە وەرزیەکان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە میدیای قەڵەمڕەوی گشتی دادەنرێن. ئێمە کاتێک باسی قەڵەمڕەوی گشتی سیاسی (بۆ وێنە، جیاواز بە مانا ئەدەبیەکەی) دەکەین کە باسوخواسی گشتی سەربە مەسەلەکانی پەیوەست بەکاری حکومەت بێت. دەسەڵاتی تێکەڵ بە تووندوتیژی و ستەمی حکومەت وەک دەڵێن هاوتای قەڵەمڕەوی گشتی سیاسیە، بەڵام بەشێکی نیە. دەسەڵاتی حکومەت، بە دڵنیاییەوە بەدەسەڵاتی (گشتی) دادەنرێت، بەڵام سیفەتی گشتی بوونی قەرزداری ئەرکەکەیەتی دەربارەی چاودێری کردنی خەڵک، واتە لە بەرچاوگرتنی چاکەی گشتی هەموو هاوبەشە یاساییەکان. تەنها کاتێک قەڵەمڕەوی گشتی سیاسی، بە هۆی کۆڕی یاساگوزاری، کاریگەری جێگیر لە سەر دەوڵەت دادەنێت، کە سەپاندنی دەسەڵاتی گشتی بەکردەوە شوێنکەوتەی مەرجی گشتی بوونی دیموکراسی بێت. زاراوەی «ڕای گشتی» چاودێر بەسەر ئەرکەکانی ڕەخنە لە دەسەڵاتی حکومەتی ڕێکخراو و هەژموونکردنە بە سەریدا کە کۆمەڵگە

بە نافەرمی و فەرمی لە هەڵبژاردنە خولاویەکان ئەنجامی دەداث.

بڕیارەکانی پەیوەسٹ بە گشتی بوونی چالاکیەکانی سەربە حکومەث بۆ نمونە وەک، گەیشتنی هەمووان بە ڕەوتی دادگایی کردنیش سەربەم ئەرکەی ڕای گشتییە. بنەماکانی گشتی بوون - گشتی بوونێک کە دەبێ پێشتر بەسەر سیاسەتە نهێنیەکانی پاشاکان سەر دەکەوێث و لەودەمەوە چاودێری دیموکراسیانەی چالاکیەکانی حکومەتی ئاسانکردووە لەگەڵ قەڵەمڕەوی گشتی وەکو قەڵەمڕەوی نێوانگیری نێوان حکومەث و کۆمەڵگە، قەڵەمڕەوێک لێکدی ڕوانینی هەیە کە تێیدا کۆمەڵگە دەبێتە شوێنی ڕای گشتی. ئەوە کارێکی ڕێکەووث نییە، کە چەمکەکانی قەڵەمڕەوی گشتی و ڕای گشتی تا سەدەی هەژدە فۆرمۆلە نەبوون. ئەم چەمکانە مانای تایبەتی خۆیان لە بارودۆخێکی مێژوویی واتایی وەردەگرن. لە سەدەی هەژدەیە کە تاک لە جیاوازی کردنی نێوان فکرەکان و ڕای گشتی دەگاث. لە کاتێکدا کە ڕای ئاسایی (کاروبارێک وەک بەشێک لە کەلتورێک، باوەڕە باوەکان، دەمارگیری و داوەری هاوبەشی بەڵگەنەویسٹ دەزانرێن) بە زەین دەگاث کە لە ستراکتۆری نیمچە سرووشتی خۆی وەک جۆرێک خڵتەی مێژوویی جێگیر بمێنێتەوە، تەنیا کاتێک دەکرێث ڕای گشتی، لە ڕوانگەی هزری خۆی بێتەدی کە کۆمەڵگەیەکی گرفتاری باسوخواسی ئەقڵانی هەبێث. باسوخواسی گشتی لەکۆنەوە نین کە وەک ناوەندێک دەپارێزرێن و بە ئامانجی ڕەخنەی سەپێنراوی دەسەڵاتی سیاسی وەک مەسەلەی خۆیان قبوڵی دەکەن - بەڵکو تەنیا لە قۆناغی تایبەتی ژیاری کۆمەڵگەی بۆرژوازی فۆرمۆلە بوون و هەر بەهۆی کۆمەڵێکی تایبەتی لە بەرژەوەندی توانیویانە لە سەربنەمای یاسای بۆرژوازی تێکەڵ بە سیستمی حکومەث بن.

## مێژوو

پەیدابوونی قەڵەمڕەوی گشتی بەتەنیا و بەڕاسٹ قەڵەمڕەوی تایبەتی لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی نێوەڕاسٹ ئاسان نییە. بەڵام هاوکاث، پێدانی سیفەتی «گشتی» بە ڕواڵەتەکانی دەسەڵاث کارێکی ڕێکەوث نیە، چونکە لەم قۆناغەدا پیشاندانەوەی گشتی دەسەڵاث هەیە. لە تەواووی ئاستەکانی هەڕەمێک

کە یاسای فیودالی هێناوەئەئارا، پێگەی ئاغای دەرەبەگ لەپێوەندی بەریزبەندی «گشتی» و «تایبەتی» بێلایەنە، بەڵام ئەو تاکە بەگشتی نوێنەرایەتی دەکات کە لەوپێگەیەدایە. خۆی وەک وێناکردنی دەسەڵاتی «زاڵ» لە هەر پلەیەک دەردەخات. ئەم چەمکەی نوێنەرایەتی لە مێژووچکەی دەستوری ئەم دواییەش بەردەوام بووە.

تەنانەت ئەمڕۆ هێزی دەسەڵاتی سیاسی لە بەرزترین ئاستیدا، هەرچەند زۆر لە بنەماکانی پێشووی خۆی دوورکەوتۆتەوە، بەڵام هێشتا سەرۆکی حکومەت دەبێ نوێنەرایەتی بکات. بەڵام تۆخمەکانی لەم بابەتە لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتی پێش بۆرژوازی سەرچاوە دەگرن. نوێنەرایەتی لە مانای قەڵەمڕەوی گشتی بۆرژوازی، بۆ نمونە «نوێنەرایەتی» میللەت یا پێسپێردراوانی تایبەت هیچ پەیوەندیەکی بە گشتی بوونی لە سەربنەمای نوێنەرایەتیەوە نییە، کە لە بوونی واتایی ئاغادا هەیە. تا ئەو کاتەی کە پاشاو چینە کۆمەڵایەتیەکەی لەبری تەنیا نوێنەرایەتی کردنی وڵات، بۆخۆیان وڵاتن. دەتوانن ئەمجۆرە نوێنەرایەتیە بکەن. ئەمان لە جیاتی بە کاربردنی دەسەڵاتی خۆیان بۆخەڵک، لە بەرامبەر خەڵکدا بە کاری دەبەن.

دەسەڵاتەکانی دەرەبەگایەتی (کڵێسا، پاشاو پیاوماقوڵان) کە ئەم گشتی بوونەی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی سەربەوانە، لەڕەوتی دوورودرێژی جەمسەربوون گونجانی خۆیان لە دەستداوە و لە کۆتایی سەدەی هەژدە بۆ تۆخمەکانی تایبەتی و گشتیشی بوونەوە. لە دەرەنجامی ڕیفۆرمی ئایینی پێگەی کڵێسا گۆڕا و پەیوەند بەدەسەڵاتی خوا، کە کڵێسا نوێنەری بوو، واتە ئایین، بووە پرسێکی تایبەت. لەڕوانگەی مێژوویی یەوە، ئەوەی ناودەنرێت ئازادی ئایینی بەراییترین قەڵەمڕەوی سەربەخۆیی تاکی پاراست: کڵێسا خۆی وەک پێکهاتەیەکی گروپی لەنێو هەمووان و لەچوارچێوەی یاسا گشتیەکان درێژەی بەژیانی خۆی دا. بەهەمانشێوە، بەجەمسەربوونی دەسەڵاتی پاشایانەش لە چێوەی جیاکردنەوەی بودجەی گشتی لە دارایی تایبەتی ئاغای دەرەبەگ نوێنگەی واتایی دۆزیـەوە. لە دەزگای ئیداری و سووپا (تەنانەت تا رادەیـەک لە دادگاکان)، دامەزراوەکانی دەسەڵاتی گشتی لە بەرامبەر قەڵەمڕەوی تایبەتی کراوی دەرباری

پاشایان سەربەخۆییان بەدەستهێنا. لە پێوەندی بە چینە کۆمەڵایەتیەکان، سەرەنجام توخمگەلێک لە کۆمەڵەکانی فەرمانڕەوا بوونەتە دەزگای دەسەڵاتی گشتی وەکو پەرلەمان (تا رادەیەکیش ئۆرگانە دادوەریەکان). تووخمگەلێکی کۆمەڵەکانی کار کە لە کڕین و فرۆشتنی شاری و بە جیاوازی ئاشکرا لە نێوان چینەکان جێگیر ببوون، قەڵەمڕەوی کۆمەڵگەی بۆرژوازییان پێکهێناوە کە وەک قەڵەمڕەوی ڕەسەنی بێلایەن لە بەرامبەر حکومەت سەرهەڵدەدەن.

گشتی بوونی لە سەربنەمای نوێنەرایەتی، ڕێگەی بۆ قەڵەمڕەوێکی نوێی لە «دەسەڵاتی گشتی» کردەوە، کە بە سەرهەڵدانی حکومەتەکانی سەر زەوی و نەتەوەیی دەرکەوت. نزیکایەتی چالاکیەکانی ئێستای حکومەت (بەڕێوەبردنی سەقامگیر، سووپای هەمیشەیی) لە بەردەوامی پەیوەندیەک بوو کە لەم نێوەدا بە هۆی بازاڕی پشک و چاپەمەنیەکان، زادەی ڕێگای هاتن و بوونی کاڵاکان و هەواڵەکان بوو. دەسەڵاتی گشتی وەک کارێکی بەڵگەدار جێگیر بوو کەوتە بەرامبەر کەسانێک کە شوێنکەوتووی بوون و سەرەتا لە ڕوانگەی دەسەڵاتی گشتی نەرێنیەوە پێناسە کرابوون. ئەمان «کەسە تاکەکان»ن کە بەهۆی نەبوونی پێگەیەک لەدەسەڵاتی گشتی بێبەش بوون. چەمکی «گشتی» چیدی دەسەڵاتی لەسەربنەمای نوێنەرایەتی تاک بیرناهێنێتەوە، کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە؛ بەڵکو ئەمڕۆ بریتیە لەچالاکی ڕێکخراوی لەسەربنەمای دامەزراوەکان کە پاوانکاری سودمەندی یاسایی لە ستەم هەیە. کەسە تاکەکان کە کەوتوونەتە ژێر فەرمانڕوایی حکومەت، وەک کەسانێک کۆمەڵگە پێکدێنێت، کە دەسەڵاتی گشتی لێیان دەکۆڵێتەوە.

کۆمەڵگە وەک قەڵەمڕەوی تایبەتی کە بە نیازی ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت پێکهاتووە، وەک دەڵێن، لە لایەک تەواو لە دەسەڵاتی گشتی جیابۆتەوەو لە لاکەی دی کۆمەڵگە دەبێتە بابەتێکی بەرژەوەندی گشتی تاسەرهەڵدانی ئابوری بازاڕی بەرهەم هێنانەوەی ژیانی ڕاکردو لە سنورەکانی دەسەڵاتی ناوخۆی تایبەتی دەڕۆن. دەکرێت قەڵەمڕەوی گشتی بۆرژوازی وەک قەڵەمڕەوی کەسە تاکەکان تێ بگەی کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک کۆبوونەوە. ئەمان زۆر زوو دەستییان بە سوود وەرگرتن لە قەڵەمڕەوی گشتی ڕۆژنامە هەواڵیەکان کرد، کە بەفەرمی ڕێسای پێدابو و بە هرە وەرگرتن لەو ڕۆژنامانە لەگەڵ ئەو هەفتەنامانەی گەڵ

ئەوەری ئەخلاقی و ڕەخنەیی، گرفتاری باسێک بوون دەربارەی یاسا گشتیەکانی فەرمانڕەوا بەسەر پەیوەندی لە قەڵەمڕەوی لە بنچینەدا تایبەتی کراو، کەچی بە گشتی ئاڵوگۆڕی کاڵا و کارییان هێنایەگۆڕ.

## مۆدیلی لیبراڵی قەڵەمڕەوی گشتی

ئەو ژینگە بە تاک دەورەدراوە کە باسی گشتی تێدا دەکرێت و نمونەی مێژوویی نیە. پێشتر، چینە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر گرێبەستگەلێک لەگەڵ هاووڵاتیەکانیان ڕێک دەکەوتن کە تێدا داخـوازی پێوەند بەدەستەبەرکردنی دەسەڵات پێ بەپێ دەستنیشان کرابوو.هەروەک دەزانین، ئەم وەرچەرخانە لە بەریتانیا کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بە پەرلەمانەوە بە ستراوەتەوە، ڕەوتی جیاوازی دەربارەی کیشوەری ئەوروپا بڕی، کە تێیدا شا نێوانگیری چینە کۆمەڵایەتیەکان بوو. بەمەش، «بـۆرژوازی» بەم شێوەیە بنەڕەتی هاوسەنگی دەسەڵاتی بڕی. بەم هۆیە کە چیدیکە نەیتوانی لەم شێوەیەدا خۆی وەک چینی فەرمانڕەوا جێگیر بکات. بە سەرنجدان بە ئابوری بازرگانی، دابەشکردنی دەسەڵات کە لە ڕێی جیاوازی مافی تاکەکانی خاوەن دەسەڵاتی فیودالی بوو (ئازادیەکانی پەیوەست بە چینە کۆمەڵایەتیەکان بە ئەنجام گەیشت، ئیدی ئاسان نەبوو – دەسەڵات لە مافە تایبەتیەکان پەیوەست بە مافی زەونکردنی خاوەنداریەتی سەرمایەدارە ناسیاسیەکانە. بۆرژواکان کەسانی تاکن، بەدەربڕینی وردتر حکومەت ناکەن. بۆیە، داواکاری یان بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ناوەند نیە کە دەبێ دابەش بکرێت، بەڵکو بە سەر دژی بنەمای دەسەڵاتدا جێگیر بووە. ئامانجی سەرەکی هەژموونکردن، واتە گشتی بوون کە لە سەربنچینەکەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دژایەتی بنەمای دەسەڵاتی جێگیر بوو دەکات بە دەستەواژەیەکی دی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە نەک هەر جێگرەوەی بنەمایەکی ڕەوایە لەجێی ئەوی دی. بەشەکانی پێوەند بە دەستوور، لە بەرایینترین دەستووری مۆدێرن، وێنایەک لە بۆچوونی لیبراڵی قەڵەمڕەوی گشتی ئاراستە دەکات، واتە کۆمەڵگە وەک قەڵەمڕەوی سەربەخۆی تاک بە فەرمی دەناسن؛ لە بەرامبەریدا دەسەڵاتی گشتی دەکەوێتە کردە سنوردارەکانەوە، لە نێوان ئەم و قەڵەمڕەو وەک

دەڵێن قەڵەمڕەوی کەسە تاکەکان هەیە کە کۆبوونەوە تا کۆمەڵگە دادەمەزرێنن و وەک هاووڵاتیانی حکومەت ئەرکی ناوبژیوانیکردنی نێوان حکومەت و داخوازیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازیان لە ئەستۆیە تا بەپێی ئەو بیروڕایە، بەو هۆیەوە دەسەڵاتی سیاسی بکەنە دەسەڵاتی «ئەقڵانی» ناوەندی قەڵەمڕەوی گشتی. بە زەین دەگات کە لە پێش گریمانەی کۆمەڵگەی لە سەربنەمای ئاڵوگۆڕی ئازادانەی کاڵاکان، بە دیهاتنی سوودی گشتی کە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەمجۆرەی ئەقڵانیەت بوو لە گرووپەکاندا، مامەڵەی کەسە تاکەکان لە بازاڕ لە کۆتی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندییان لە قەڵەمڕەوی گشتی لە گوشاری سیاسی ئازاد دەبێت. بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆژنامە سیاسیەکان ڕۆڵی گرنگییان دیت. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە لەگەڵ فۆرمۆلە بوونی شێوەی نوێی دانانی کاڵای خێرخوازی لەچوارچێوەی ژوورنالیزمی ئەدەبی، کێبەرکێی شێلگیرانە لەگەڵ شێوازە کۆنەکانی هەواڵ نوسی دەست پێکرد.

کارڵ بوشەر بەم شێوەیە وەسفی تایبەتمەندی بنچینەیی ئەم وەرچەرخانە دەکـات: لەنێو ئەو دامـەزراوانـەی کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی هەواڵییان لە ئەستۆیە، ڕۆژنامەکان بۆ ڕێنماییکاران و بڵاوکەرەوانی ڕای گشتی و هەروەها بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی حزبی گۆڕاون. ئاکامی ئەم وەرچەرخانە بۆ ڕێکخستنی ناوخۆیی ڕۆژنامەکان، زیادکردنی ئەرکێکی نوێ، واتە سەروتار نوسی، لە نێوان ئەرکی کۆکردنەوەی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگیەتی ئەم وەرچەرخانە لەڕوانگەی بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەکان ئەوەبوو کە لە فرۆشتنی زانیاری تازەوە دەبێنە دەلاڵێکی ڕای گشتی. بڵاوکەرەوان بنەمای بازرگانی ڕۆژنامەکان دەڕەخسێنن، بەڵام بێ ئەوەی بەبازرگانی بکەن. هەروەها چاپەمەنیەکان وەک دامەزراوەیە کی کۆمەڵگە ماونەوە و لەڕووی ئاڕاستەو گەرم داهێنانی باسوخواسی گشتی درێژە بەچالاکیەکانیان دەدەن ، ئەمان چیدی نە هۆکارێکن بۆ گواستنەوەی هەواڵی نوێ و نەهێشتا میدیای کەلتوری بە کاربەری.

دەکرێ ئەمجۆرە چاپەمەنیە بە تایبەت لە سەردەمی شۆڕشدا ببینی، واتە کاتێک کە ڕۆژنامەکانی سەربە بچووکترین پێکهاتنی گرووپی سیاسی دەردەکەون، هەروەک لە 1789، لە پاریس ڕوویدا. لە پاریس 1848 هەرسیاسەتمەدارێکی

نیوەچڵ یانەی خۆی پێکدەهێناو لە دووکەس کەسێک ڕۆژنامەی خۆی هەبوو. لەو ساڵەداو لەنێوان شوباتْ و ئایاردا زیاتر لە 450 یانە و 200 ڕۆژنامە دەرکەوتن،تا ئەوکاتەی کە قەڵەمڕەوی گشتی بە فەرمی دەناسرێتْ، سەرهەڵدانی ڕۆژنامەیەکی سیاسی هاوتای گرفتاری ململانێ بۆ هێنانەئارای قەڵەمڕەوی ئازاد بۆ ڕای گشتی، واتە بۆ بەگشتی بوون وەک بنەمایەک، بوو. بە سەقامگیری حکومەتی بۆرژوازی لە سەربنەمای دەستور بوو کە ئەو چاپەمەنیانە لە ژێر گوشاری ڕوانگە ئایدۆلۆژیەکان ڕزگارییان بوو کە لە بابەتی سوود وەرگرتنی کۆمەڵگەیان لە ئەقڵ دەکۆڵیەوە. لە مەودوا چاپەمەنیەکان توانییان هەڵوێستی باس وروژێنەری خۆیان ئازاد بکەن و سود لە داهاتی بە زەبری چالاکی بازرگانی وەرگرن. مەیدانی ئەم گۆڕانەی چاپەمەنیەکان خستنەڕووی بیروڕا و ڕوانگەکان بۆ چاپەمەنی بازرگانی تاڕادەیەک هاوکاتْ لە بەریتانیا، فەرەنسە و وڵاتە یەکگرتووەکان بە درێژایی دەیەی 1820 ئامادەکرا. لە ڕەوتی ئەم ئاڵوگۆڕەی ڕۆژنامەگەری لە سەربنەمای نوسەرانی تاک بۆ خزمەتگوزاری بە کاربەری میدیای گرووپی، قەڵەمڕەوی گشتی بوون بە پەلاماری بەرژەوەندی تاکی و دەستەبەرکردنی پێگەی نایاب لە کرۆکیدا، گۆڕا.

**قەڵەمڕەوی گشتی لە دیموکراسیەکانی حکومەتی خۆشگوزەرانی جەماوەر ئاسا**

هێشتا مۆدیلی قەڵەمڕەوی گشتی دەربارەی داخوازەکانی ڕێسای هەبوو لە پابەندیەتی بە دامەزراوە بوونی گشتی بووندا، ڕچەشکێنە؛ بەڵام لە پەیوەندی بە پەیوەندیە ڕاستەقینەکانی هەبوو لەدیموکراسیەکی جەماوەریدا کردەیی نیە، کە لەڕوانگەی پیشەسازی پێشکەوتوو بەشێوازی حکومەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە. تا رادەیەک، مۆدیلی لیبراڵی بەردەوام لایەنی ئایدۆلۆژیکی لە خۆگرتوە، واتە رادەیەک، پێشگریمانەی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتەوە گۆڕاون، کە پەیوەندییان بەم لایەنەوە هەیە. تەنانەتْ ئەو شێوازانەی کە قەڵەمڕەوی گشتی بەخۆوەی دەگرتْ، ئەو شێوازانەی کە تاسنورێکی دیاری کراو ئەندێشەکەی ئاشکرا دەکاتْ، بە دەستْ پێکی جوڵانەوەی چارتیستەکان لە بەریتانیا و شۆڕشی شوباتْ لە فەرەنسە، گۆڕان. بە بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و بانگەشە، گەشەی بە دورکەوتنەوەی کۆمەڵگەدا لە سنوورەکانی بۆرژوازی. کۆمەڵگە لەگەڵ پاوانکار

بوونی گونجانێکی لە دەستدا کە دامەزراوەکانی ویستی کۆمەڵایەتی خافڵێنەر و ستاندارد ئاڕادەیەک بەرزی فێرکارییان پێ بەخشیبوو. بەمەش لێکدژیەک کە لە ڕابردو بۆ قەڵەمڕەوی تایبەتی گوازرابوونەوە، ئێستا چوونە قەڵەمڕەوی گشتییەوە. پێداویستی کۆمەڵی کە ناتوانن لە چوارچێوەی بازاڕ دابین بن، مەیلییان بەلای بڕیارگەلی حکومەتەوە دەبێت. قەڵەمڕەوی گشتی کە دەبێ لە ئێستادا وەک نێوانکەری ئەم داخوازیانە کاربکات، بۆ تونددونیژین مەیدانی کێبەرکێی سوودی شێوازی ڕووبەڕوویی تووندوتیژی ستەم گۆڕاوە. ئیدی دەکرێت بە سەختی یاسایەک بە ڕاشکاوی لە ئەنجامی «گوشاری شەقامەکان» فۆرمۆلە بوون لە چوارچێوەی هاوڕایەک لە بەرچاوی بگری کە کەسە تاکەکان لە باسوخواسی گشتی پێی گەیشتوون؛ ئەم یاسایە کەموزۆر ئاشکرا بەپێی ڕێکخراوەکانی بەرژەوەندی تاک لێکدژ دەبن. ئەمڕۆ، ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیانەن کە لە پەیوەندی بە حکومەت یا لە ڕێگەی حزبە سیاسیەکان یا ڕاستەوخۆ، لەگەڵ ئیداراتی کاروباری گشتی مامەڵە دەکەن. پێکەوە بەستنەوەی قەڵەمڕەوەکانی تایبەتی و گشتی، نەک هەر هەڵسوڕاوانی سیاسی لە قەڵەمڕەوی ئاڵوگۆڕی کاڵاکان و کاری کۆمەڵایەتی کاری دیاریکراو لە ئەستۆ دەگرن؛ بەڵکو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیش کاری سیاسی خۆی لێوەر دەگرێت. ئەم دۆخە جۆرێک «فیودالی بوونی نوێ»ی قەڵەمڕەوی گشتی لێ دەکەوێتەوە. ڕێکخراوە گەورەکان هەوڵدەدەن کە تا ئاستی مومکین لە پشت دەرگا داخراوەکان لەگەڵ حکومەت و پێکەوە بگەنە ڕێکەتنی سیاسی؛ بەڵام هاوکات دەبێ ئەمان بە کاربەری بانگەشەی نمایشی، لانیکەم پشتیوانی هەموو جەماوەری خەڵکیش بە دەست بێنن.

جیاکەرەوەی قەڵەمڕەوی گشتی سیاسی لە حکومەتی خۆشگوزەران لاوازی ناباوی کارە گرنگەکانیەتی. هەرچەند کاتێک ئامانج لە گشتی بوون پابەندکردنی تاکەکان یا کاروبار بە سود وەرگرتنی گشتی لە ئەقڵ و پەسندکردنی بڕیاری سیاسی بۆ پێداچوونەوەی دادگای ڕای گشتی بوو، بەڵام ئەمڕۆ گشتی بوون بە شێوازی «بانگەشە» بۆ تاکەکان و کاروباری ئابڕوی گشتی دەستەبەر دەکات. لە ڕای گشتیدا دەیانکاتە جێی دەستخۆشی. زاراوەی «پەیوەندی گشتی» بۆخۆی چۆنیەتی قەڵەمڕەوی گشتی پیشان دەدات کە پێشتر لەسەراکتۆری کۆمەڵگە

سەرچاوەی دەگرێ. ئەمڕۆ دەبێ بە سەرنجدان بە نزیکی وەک بابەتێک بێنە دی. پەیوەندی ئەوەری نێوان کۆمەڵگە، حزبە سیاسیەکان و پەرلەمانیش لەم گۆڕانە کردار کاری تێکردوە.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی خۆشگوزەران بە گۆڕانی شێوازی کارکرد لە مافە بنچینەییەکان بە شێوەی ئێستای لاوازبوونی قەڵەمڕەوی گشتی، وەک بنەمایەک، دژایەتی دەکات، واتە دەزگاکانی حکومەت مەرجی گشتی بوون بۆ هەموو ڕێکخراوەکانیان گشتاندوە کە لە پێوەند بە حکومەت چالاکی دەکەن. چەندی ئەم بارودۆخە لە واقعیەت نزیکتربێتەوە، کۆمەڵگەی ڕیکخراوی کەسە تاکەکان جێگرەوەی کۆمەڵگەی ناساغ ئێکەڵاو لە کەسە تاکەکان دەبێت کە وەک تاک کاردەکەن.

لەهەلومەرجی ئێستادا، تەنیا ئەم کۆمەڵگە ڕێکخراوە دەتوانێت بە جۆرێکی کاریگەر بە بەهرە وەرگرتن لە ڕەوتی کرۆکی حزبی و ڕێکخراوی قەڵەمڕەوی گشتی، لە سەربنەمای گشتی بوون بە هێز بوو بۆ دانوستانی ڕێکخراوەکان بە شداری ڕەوتێکی پەیوەندی گشتی بکات. دەکرێت پەیوەندی گشتی لەم پرۆسەیەدا کە وێنابەندی ڕێککەوتنە سیاسیەکانە ڕەوا بن. هزری قەڵەمڕەو ی گشتی بۆخۆی کە بەسەر ئەقڵانی کردنی دەسەڵات لە کەشوهەوای باسوخواسی گشتی نێوان کەسە تاکەکان بەڵگەی هەیە و لە دیموکراسی حکومەتی خۆشگوزەرانی جەماوەرئاسا بەردەوام بووە. لەگەڵ وەرگەڕانی ستراکتۆری قەڵەم ڕەوی گشتی لەمەترسی لێکترازانە. ئەمڕۆ، ئەم هزرە تەنها لەسەر بنەمای جیاواز بەدیدێت، واتە بە شێوازی ئەقڵانی کردنی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژێر هەژمونی بەرامبەری ڕێکخراوە کانی دوژمن کە لەستراکتۆری کرۆکی خودو هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت و یەکتری دەروەستی بە گشتی بوونن.

* فصلنامه اقتصاد سیاسی سال سوم، شماره دوازدهم.

## لە بارەی یورگن هابرماس

د.ایرج ساعی ارسی، و زهرا نیک نژاد
ئامادەکردنی: ساماڵ عەزیز

هابرماس یەکێ لە کۆمەڵناسە گەورەکانە. ئەو لە شیکەرەوە سەرەکییەکانی تیۆری ڕەخنەییە. لە هەمانکاتدا پەیوەندییەکی نزیکی بە قوتابخانەی فرانکفۆرتییەوە هەیە. ناوەڕۆکی سەرەکی تیۆری هابرماس، ئەمەیە کە مەعریفەی شایستە و پشت پێبەستراو تەنها لە هەلومەرجێکدا دەردەکەوێ، کە تێیدا توانای گفتوگۆی دیار، ئازاد و بێکۆت و بەند بوونی هەبێت. لە کتێبی «بەرەو کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی» (1970) و «تیۆر و کردە» (1963) ئەرگومێنت ئەکات کە بیرکردنەوە و هەبوونی زانستێکی بێلایەن، ناسیاسی و پشت ئەستور بە جودایی واقیعەت و بەهاکان شایەنی داکۆکی نییە، چونکە پرسەکانی واقیعەت بە شێوەیەکی لێکدانەبڕاو لەگەڵ پرسە سیاسییەکانی ئازادی و گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون گرێدراون. هابرماس یەکێ لە ڕەخنەگرە ناسراوەکانی پۆزەتیڤیزم و جەبریەتی ئابوورییە و ئەم کارەشی لە کتێبی «مەعریفە و هۆگری مرۆیی» (1968) ئەنجامداوە، هەروەها بە توندی ڕەخنەی لە تیۆری سیستەمەکان گرتووە و بەم بۆنەیەوە لە کتێبی «تیۆری کۆمەڵایەتی یان سۆشیال تەکنەلۆجی» لە باسێکی دور و درێژ رووبەرووی لۆمان بوەتەوە. هابرماس لە توێژینەوەکانی ئەم دواییەدا، تایبەت بە دەوڵەت و داروخانی رەوایەتی نۆرمیش، دەستوەردانی هەبووە و کتێبی «قەیرانی رەوایەتی» یش لەم بوارەدا نووسییوە. یەکێ لە کارە هەر گرنگە بڵاوکراوەکانی هابرماس لە دەیەی حەفتا نوسینی کتێبی «پەیوەندی و وەرچەرخانی کۆمەڵگایە» (1979).

هابرماس، یەکێ لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لە ساڵانی 1940 بەرەو ئەمریکا کۆچی کرد. ئەمڕۆ یەکێکە لە پێشەواکانی بزوتنەوەی نیومارکسیستیی هەژمار ئەکرێ. ئەو پێیوایە مەعریفەی مرۆڤی هاوچەرخ، مەعریفەیەکی درۆینەیە، چونکە مەعریفەی هاوچەرخ بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی پۆزەتیڤییە و ئەپستمۆلۆژیا بە شێوەی ئامرازێکی تازە دەرکەوتووە،

کە پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکانی کردوەتە لوتکەی بەرنامەکانی خۆی و بە هاتنەکایە و ڕەنگدانەوەی جۆرێکی سەروەری ئەخلاقی، هەلومەرجێکی جیاوازی بۆ جەماوەرەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە هێناوەتە ئاراوە. ئەو پێیوایە کە ئەمڕۆ پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە سنوری کار و سەرمایەی باڵاتر رۆیشتووە و لە ئاکامدا پێویستی گۆڕانی ئەم پەیوەندییەی کۆتا پێهێناوە، چونکە وێرای بەرژەوەندییە چینایەتییەکان هۆکارێکی دیکەش لە چەشنی وردە سیستەمەکانی کردەی عەقڵی مانادار، زەرورەتی پێشکەوتنە هونەرییەکان ئاراستە و رەوایەتی بە پەیوەندییە زاڵەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەخشیووە. هێزەکانی بەرهەمهێنان هەماهەنگی کۆمەڵایەتی رێژەییکراو و چەشنێ سیستەمی کارگێری هونەرییشی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەم سیستەمە کارگێرییە لە راستیدا پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە بووە. نامۆبوونی مرۆڤی هاوچەرخ، ئیدی تەنها بە هۆی وەربەرهێنانی ئابوری پەتییەوە نەبووە، بەڵکو بەرهەمی سیستمی زاڵی هۆکاری زانستی و هونەریشە، کەواتە هۆکارە ئاڵۆزە زانستییەکان کە تەنانەت لە خۆگری گۆڕانی ئابوری و بەشی فاکتەرەکانی دەسەڵات دەرکەوتووە، تەنها بینای ئابوری نییە. ئەو بروای بە ململانێی بینای تەکنیکی و پەیوەندی رەمزی هەیە، کە زمان پەیوەندی سەودای پەرەسەندوو و ئاڵۆزە، کە خەڵک توانای بەدیهێنانی پەیوەندییەکی لۆژیکی و مەعریفەی پەیوەندییە واقیعییەکانی خۆی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە نییە لە ژێر هەلومەرجێکی وەها، پەیوەندییەکی واقیعی نێوان کرێکار و خاوەن کارە، لە دۆخی بەرایی خۆی تەجاوزی کردوە و بە قۆناغێکی ئاڵۆز گەیشتووە، تا ئەو شوێنەی کە ویستە مرۆییەکان نەک تەنها چەپێنراوە، بەڵکو مەرعیفەکەشیان بە سادەیی شایەنی پەی پێ بردن نییە، بە بڕوای ئەو سیستمی سۆشیالیستیی و سەرمایەدارە هاوچەرخەکان، لە بنەڕەتدا ناعەقڵانییە، چونکە مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیانە، لەرووی سیاسی و ئابوورییەوە ناپێویست بووە و رۆژ لە دوای رۆژیش بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی خۆی نامۆتر دەبن.

هابرماس ئەیویست «بەرنامەیەکی تیۆریی لە ڕووی نۆژەنکردنەوەی مادی هزری مێژوویی، رێکبخات.» مارکس جەختی لەسەر کار دەکردەوە، هابرماس جەختی لەسەر پەیوەندی «کردەی پەیوەندی»دەکردەوە. ئامانجی مارکس،

بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی کۆمنیستی بوو، کە تێیدا کاری بەلاڕێنەبراوی مرۆیی بۆ یەکەمین جار هاتەکایەوە، بەڵام ئامانجی سیاسی هابرماس، کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا، پەیوەندی بەلاڕێنەبراوی (کردەی پەیوەندی) بەرقەرار بکرێ. لە رووی ئامانجە خێراکانەوەوە، مارکس خوازیاری رەشکردنەوەی رێگرییەکانی سەرمایەداری هاتبووە سەر رێگەی کاری بەلارێنەبراوی، بەڵام هابرماس بە بەرزکردنەوەی رێگرییە هەییەکانی سەر رێگەی پەیوەندی ئازادەوە پەیوەستە.

هابرماس بە جیاکاری نێوان دوو ئاستی عەقڵانیەتی سیستمی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵگە) و عەقڵانیەتی جیهانی ژیان، پێیوایە کە لە جیهانی هاوچەرخی عەقڵانیەت بە نرخێکی یەکسانانە، لە هەر دوو ئاستدا گەشەی نەکردوە، چونکە سیستمی کۆمەڵایەتی خێراتر لە جیهانی ژیان عەقڵانی کراوە، لە ئاکامی جیهانی ژیان لە ژێر زاڵبوونی سیستمێکی کۆمەڵایەتی، عەقڵانی کراوە. بە گوێرەی رەوشی ژیانی رۆژانە، دووچاری هەژاری بوەتەوە و جیهانی کۆمەڵایەتی لە چنگی کۆلۆنیالیزمی سیستمی کۆمەڵایەتی شاراوەیە تا لە رێگەی جیهانی کۆمەڵایەتی بتوانێ بە شێوەیەکی شیاوی خۆی (هەماهەنگی پەیوەندی ئازادانە) عەقڵانی بکرێ. بەم چەشنە هابرماس، بە هزرێکی بەرزەفڕانەی خۆی لە هەوڵی تێکەڵاوکردنی ئاستی تیۆریی لەگەڵ ئاستی ئۆنتۆلۆژی بووە.

هابرماس لە دوو زەمینەی تایبەت و جیاواز، بەڵام لە پەیوەست بە یەکتر کاری کردوە:

1. زەمینەی یەکەم لە ژیانی پڕ جوڵەی بزوتنەوە خوێندکارییەکان، لە ئەڵمانیا بوو، کە بەرهەمە ناسراوەکەی لەم بوارەدا بە ناوی «بەرەو کۆمەڵگایەکی عەقڵانی» نوسیبوو.

2. زەمینەی ناسینی تیۆریی مەعریفە. لەم بەشەی کارەکەیدا، قوتابخانە هەمەچەشنە و ناسراوەکانی رۆژکاری خۆی، هاشێوەی پراگماتیکی پۆزەتیڤی و مێژووگەرایی دەخاتە بەر رەخنەوە و تیۆری خۆی لە بارەی زانست لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان لە بەرهەمەکەی بە ناوی «مەعریفە هۆگری مرۆیی» بڵاو کردەوە.

رۆژی 14 ی ئۆکتۆبەری 2001 رێورەسمی پێدانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی دروستکردنی کتێبی ئەڵمانیا بە یورگن هابەرماس سپێردرا. ئەم مەراسیمە لە نێو

نارەزایی نزیکەی هەزار خۆپیشاندەر لە دژی هێرشی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان لە کڵیسای سەن پڵ کە وەبیرهێنەرەوەی لە دایکبوونی سیستمی دیموکراسییە لە ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزەدەهەم، بەرێوەچوو. لەم مەراسیمەدا یەکێ لە وتاردەکان هابرماسی وەک یەکێ لە تیۆرسازانی گەورەی کۆتایی سەدەی بیستەم ناساند.

ئەو خەڵاتە کە بەهاکەی نزیکەی 11800 دۆلارە، هەموو ساڵێ بەو کەسانە ئەدرێ، کە بەرهەمەکانیان یارمەتی ئاشتی و لێکتێگەیشتنی نەتەوەکانی داوە.

هابرماس 63 ساڵە لە ئەندامانی سەرەکی قوتابخانەی کۆمەڵناسی فرانکفۆرت و لە لایەنگیرانی بەها دیمکراتیکەکان بووە.

سەرچاوە: زندگی نامەی جامعە شناسان بزرگ، د.ایرج ساعی ارسی، و زهرا نیک نژاد ص353–359.

– . ناوەرۆکی سەرەکی تیۆری هابرماس، ئەمەیە کە مەعریفەی شایستە و پشت پێبەستراو تەنها لە هەلومەرجێکدا دەردەکەوێ، کە تێیدا توانای گفتوگۆی دیار، ئازاد و بێکۆت و بەند بوونی هەبێت

– هابرماس، یەکێ لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، لە ساڵانی 1940 بەرەو ئەمریکا کۆچی کرد. ئەمڕۆ یەکێکە لە پێشەواکانی بزوتنەوەی نیومارکسیستیی هەژمار ئەکرێ. ئەو پێیوایە مەعریفەی مرۆڤی هاوچەرخ، مەعریفەیەکی درۆینەیە، چونکە مەعریفەی هاوچەرخ بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی پۆزەتیڤییە و ئەپستمۆلۆژیا بە شێوەی ئامرازێکی تازە دەرکەوتوە

# سێ مۆدێلی نۆرمی دیموکراسی

هابرماس

لە فارسیەوە مەجید مارابی

– لە خـوارەوە ئاماژە بە تێگەیشتنی جۆری هەرەباشی «لیبراڵ» و «کۆماریخواز» لە سیاسەتدا دەکەم، واتا بەو دەستەواژانەی کە ئەمڕۆ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەو بەرە مشتومڕیانەی کە بە ناو کۆمۆنتەخوازەکان دەستیانپێکرد، دیاری دەکەن. سەرەتا بە پەیڕەویکردن لە ئێف . مایکلمان هەر دوو مۆدێل لە جەدەلی ناکۆکی دیموکراسی لە بواری تێگەیشتنی هاوڵاتیبوون لە چەمکی ماف و ناوەڕۆکی پرۆسەی شکڵگرتنی ئیرادەی سیاسی شیدەکەمەوە بۆ ئەوەی دواتر، لە بەشی دووەمدا، بە رەخنەگرتن لە باری گرانی ئەخلاقی میتۆدی کۆماریخواز، میتۆدی سێهەم، واتا تێگەیشتنی بەشدارانە بکەمەوە. پێمخۆشە ناوی « سیاسەتی بەشدارێتی»بۆ مۆدێلە دابنێم..

1

– جیاوازی دیاریکەری (نێوان روانگەی لیبراڵ و کۆماریخواز) لە تێگەیشتنی ئەواندایە بەرامبەر بە پرۆسەی دیموکراسی. بە گوێرەی روانگەی «لیبراڵ» ئەرکی پرۆسەی دیموکراتی، پلاندانانی دەوڵەتە لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا دەوڵەت بە واتای دەزگای ئیداری گشتی و کۆمەڵگە وەکو سیستمی پەیوەندی لە سەر پێکهاتەی ئابوری بازاڕی تاکەکەسی تایبەتی و کاری کۆمەڵایەتی ئەوان وێنا دەکرێت. کرداری سیاسەت لەم پرۆسەیەدا(لە چەمکی شکڵگرتنی ئیرادەی سیاسی هاونیشتمانانیدا)، کۆبەندی و کردەکانی بەرژەوەندی تایبەتی کۆمەڵایەتیە لە بەرامبەر دەزگای دەوڵەتدا، کە تایبەت کراوە بە خستنەگەڕی دەسەڵاتی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەکۆمەڵ. لە روانگەی « کۆماریخوازەوە» سیاسەت لە وەها کردارێکی ناوبژیوانکارانەدا ناتوێنەوە: سیاسەت زیاتر بۆ ئێکرای پرۆسەی کۆمەڵایەتی بوون بنەڕەتیەو بە واتای شکڵی هەڵوەستەکردن دەربارەی پەیوەندی ژیانی ئەخلاقی(ئەندامانی کۆمەڵگە) دەرکدەکرێت. سیاسەت راگەیەنەرێکە کە

تێیدا ئەندامانی کۆمەڵی هاوجۆشی خۆڕسک لە پێویستیەکانی یەکتر تێدەگەن و لە پلەی هاوڵاتیدا هەڵسوکەوتی لەپێشدا بوو، نرخناسی بەرامبەر بە ئیرادە و هۆشیاریەوە لە ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە کەسایەتیە مافناسە ئازاد و یەکسانەکان کامڵ دەبێت و بەدیدەهێنرێت. بەم جۆرە، لە ئەندازیاری لیبراڵی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا گۆڕانکارییەکی گرنگ روودەدات. و هاوجۆشی، بە واتای سێهەمین سەرچاوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، لە تەنیشت سەرچاوەی رێکخستنی سنوور زەبروزەنگی دەوڵەتی سەرچاوەی رێکخستنی ناسەنترالی بازاڕ، بە واتایەک، لە گەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکار و بەرژەوەندییە تایبەتیەکاندا، جێگیردەبێت. ئەم شکڵگرتنی ئیرادەی سیاسی سەرتاسەریە کە لەسەر بنەمای گریمانەی بەدیهاتنی رێکەوتن لە سەر بنەمای لێکتێگەیشتن یان گەیاندن، دەبێت تەنانەت هەم لە بواری چێکردن و خولقاندنەوە و هەم لە روانگەی رێسابییەوە لەبەرتر بێت. بۆ کردەی خۆدامەزرێنەری دانیشتوانی وڵات، بنەمای کۆمەڵایەتی خۆڕێکخەری سەربەخۆ دەزگای فۆرمداری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابوری، بەشێوەی تایبەتی گریمانە دەکرێت کە پەیوەندیە سیاسیەکان لە نوقمبون لە ناو دەزگای حکومی یان توانەوە لە پێکهاتەی بازاڕدا دەپارێزێت. لە تێگەیشتنی کۆماریخوازدا، گەشەپێدانی گشتی سیاسی، و کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو ژێرخانی ئەو، بایەخێکی ستراتیژیان هەیە. ئەم دووەش دەبێت هێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئاماری خۆدامەزرێنەر چەمکی هاوڵاتیبوون گەرەنتی بکەن. پەیوەندی دوبارەی دەسەڵاتی ئیداری لەگەڵ دەسەڵاتی پەیوەندی سەرچاوەگرتووە لە شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی سیاسی، هاوتەریب لەگەڵ جیاوازی گەیاندنی سیاسی لە کۆمەڵگەی ئابوریدا.

– ئەم ستراتیژە رکابەرەش دەرەنجامی جیاوازی لێدەکەوێتەوە

– الف) سەرەتا لێکدانەوەی (کۆماریخواز و لیبراڵ) سەبارەت بە دانیشتوانی وڵات جیاوازیان هەیە، دۆخی هاوڵاتیان لە سەر پێوانەی مافی تاکەکەسی ئەوان لە بەرامبەر حکومەت و هاوڵاتیانی تردادا دەستنیشان دەکرێت. هاوڵاتیان لە پلەی هەڵگرانی مافی تاکەکەسیدا، تا ئەو جێگەیەی بەدوای مافی تایبەتی خۆیاندا بگەڕێن، لە چوارچێوەی سنوورە یاسایەکاندا ، لە لایەن حکومەتەوە پشتیوانیان لێدەکرێت. هەروەها ئەوان بەهرەمەندن لە حەسانە بەرامبەر دەستوەردانە

حکومیەکاندا کاتێک مەرجەکانی دەستوەردانی یاسایی پێشێل دەکەن، مافی تایبەتی مافگەلێکی نیگەتیڤن و فەزای هەڵبژاردنی ئازادانە دابیندەکەن کە لە چوارچێوەیدا کەسایەتیە خاوەن مافەکان لە ستەمی دەرەکی رزگار دەبن. مافی سیاسیەکانیش پێکهاتەیەکی هاوشێوەیان هەیە. مافی سیاسی ئەو دەرفەتە بە دانیشتوانی وڵات دەدات بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان جۆرێک بهێننەدی، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانن لە رێگەی دەنگەوە، پێکهاتەی لیژنە پەرلەمانیەکان و پێکهاتەی حکومەت، لەگەڵ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی تر کە لە ئیدارەی سیاسیدا کاریگەرە لە سەر دەزگای حکومەت یەکبخەن. بەم جۆرە هاونیشتمانان دەتوانن وەکو دانیشتووی وڵات چاودێری رۆڵی خۆیان بکەن و بزانن ئایا دەزگای بەڕێوەبەر لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیانی کۆمەڵگەدایە یان نا؟

– لە روانگەی کۆماریخوازەوە، پێگەی هاوڵاتیان بە پێوەری مۆدێلی ئازادیە نیگەتیڤەکان هەڵناسەنگێندرێت، بۆ ئەوەی بتوانن وەکو کەسایەتی تایبەتی مافی بەکارهێنانیان هەبێت. مافی نیشتنەجێبوان، لە پلەی یەکەمدا مافی بەشداری سیاسی و پەیوەندی، زۆرینەی ئازادیە پۆزەتیڤەکانە. ئەم مافە، رزگار بوونی لە ستەمی دەرەکی گەرەنتی ناکات، بەڵکوو بەشداری کردنی لە کردارێکی هاوبەشدا گەرەنتی دەکات کە هاونیشتمانان تەنها لە رێگەی بەکارهێنانیەوە دەتوانن خۆیان بکەن بەو شتەی کە دەیانەوێت ببن، واتا بوون بە کاراکتەری سیاسی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەم روانگەیەوە، زیندویی سیاسی تەنها بۆ چاودێری کردنی چالاکیەکانی دەوڵەت لە لایەن هاووڵاتیانێکەوە کە سەپاندنی مافی تایبەتی و ئازادییە لەپێشینە سیاسیەکانیان ، پێشەکی سەربەخۆیی بەراییان بەدەستهێناوە، کارساز نیە، بەڵکو کاریگەریەکی ئێروتەسەلی بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە زەبروزەنگی حکومەتی دیموکراتیک بە هیچ شێوەیەک زەبروزەنگی رووودت نییە. زەبروزەنگی حکومەتی دیموکراتی زیاتر لە دەسەڵاتی پەیوەندی خۆدامەزرێنەری ئاکاری دانیشتوان سەرچاوەی گرتووە و رەوایەتی خۆی لە رێگەی پاراستنی ئەو کردارانەوە لە سۆنگەی دامەزراوەیی کردنی ئازادیە گشتیەکانەوە بەدەستدێت. مافی مانەوەی حکومەت لە دەستپێکدا پاراستن و پشتیوانی کردنی لە یەکسان بوونی مافی تاکەکاندا نیە، بەڵکو گەرەنتی کردنی پرۆسەی دەرونی

شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕە. هاونیشتمانانی یەکسان و ئازاد لەو پرۆسەیەدا سەبارەت بە ئامانج و ڕێساگەلێک کە لە بەرژەوەندی هاوبەشی گشتدایە پێکەوە بە لێکتێگەیشتن دەگەن. بەم جۆرە، چاوەڕوانیەک کە لە هاوڵاتیانی کۆماریخواز دەکرێت، سەرتر لە لاینگیری بەرژەوەندی تاکەکەسیە.

– ب) مشتومڕ لەسەر چەمکی کلاسیکی کەسایەتی خاوەن ماف وەکو هەڵگری مافی تاکەکەسی موجادەلە سەبارەت بە خودی چەمکی ماف لەقاو دەدات. لە کاتێکدا لە ڕوانگەی لیبراڵەوە واتای ئەم سیستمە مافدارییە لەمەدا شاراوەتەوە، بە گوێرەی بابەتەکە، ڕێگە بە ئێمە دەدات دیاری بکەین کامە ماف پەیوەندی بە کامە تاکەوە هەیە، ئەم مافی تاکەکەسیە، لە ڕوانگەی کۆماریەکانەوە، دیلی سیستمێکی مافداری کۆنکرێتیە کە یەکپارچەیی پێکەوەژیانی یەکسان، سەربەخۆ لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر هاوکات مسۆگر و گەرەنتی دەکات، لە حاڵەتێکدا، سیستمی مافداری لە سەر بنەمای مافی تاکەکەس بونیاتنراوە، و لە حاڵەتی دیکەدا، بۆ ناوەڕۆکی داری مافداری ئەو، ڕێز دادەنێت.

– بێگومان ئەم چەمکە دووفاقیەناوەڕۆکی نێوان زەینی ماف لەخۆ ناگرێت کە پاراستنی بەرامبەر بە یەکی ماف و ئەرکەکان لە موناسەباتی هاوتەریبانەی بایەخناسیدا دەخوازێ. تێگەیشتنی کۆماری خواز لانیکەم لەگەڵ لێکدانەوەیەکی مافەوانیدا سازگارە کە تێیدا تاکەکان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی دەتوانن هاوکات خۆیان وەکو ئەندام بە ڕەسمی بناسن. ئەم تێگەیشتنی ڕەوایەتیەی یاساکان بە ڕەواڵی کامڵبوونی دیموکراتی ئەوانەوە دەبەستێتەوە، بەم جۆرە پەیوەستبوونی دەرونی نێوان کردەی خۆدامەزراوەیی خەڵک و دەسەڵاتی ناتاک بوونی یاساکان دەپارێزێن.

– «بۆ کۆماریخوازان، ماف لە کۆتاییدا شتێک نییە، جگە لە ئیرادەی پۆڵایینی سیاسی زاڵبوو، لە کاتێکدا، بۆ لیبراڵەکان، بەشێک لە مافەی بە بەردەوام لە سەر بنەمای «یاسای بەرزتری» هزری بان سیاسی یان ئیلهامە... بە گوێرەی تیۆری کۆماریخواز، ئامانجی کۆمەڵ واتا – خۆشبەختی گشتی، بە زۆری لە دۆخی هەوڵی بێوچانی سیاسیدایە، بۆ ئەوەی زنجیرە مافێک بە بێ «یاسا»، کە بە باشترین شێوە لەگەڵ داب و نەریتەکانی ئەم کۆمەڵەدا ڕێکەوتوون، پێناسە کردوە،

بکاتەوە، بیهێنێتە بوون و بەرپای بکات، لە کاتێکدا بە تێڕوانینی دژبەرانەی لیبراڵەکان زۆربەی یاسا مافەوانیەکان بە پێکهاتەی بەرزەفڕانە لەقەڵەم دەدات.»

– مافی دەنگدان کە وەکو ئازادی پۆزەتیڤ پێناسە کراوە، لە بنەڕەتدا دەبێت بە پارادایمی ماف، نەک تەنها بەو مەبەستەی دیکە، کە بۆ خۆبنیاتی سیاسی دامەزراوەیە، بەڵکو بەو هۆیەوە، کە روونیدەکاتەوە کە سەربەخۆ بووە و بە گرتنەبەری هەڵوێستی تاکەکەسی گرێدراوە:» ئەم سکاڵایە کە ئێمە هەموان لە مافی دەنگداندا سودمەندین، بەو هۆیەیە کە هەڵبژاردنی نێوان پێکەوە بوون و لێکدابڕانە، پێکەوەبوون بە گەرنتی بەرامبەر هەموانەوە بەستراوەتەوە و لە گرەوی ئەوەدایە کە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئەمریکا وەها گەرەنتیەک فەراهەم بکات... لانیکەم لە رێگەی پاراستنی سیاسەتی رواڵەتیانە کە تێیدا هەر تاکێک خاوەنی دەنگێکە.»ئەم پێکهاتەیە هاوسەنگە لەگەڵ مافی بەشداری و گەیاندنی سیاسی لە رێگەی پرۆسەی یاسادانان کە مافەکانی بونیاد دەنێن لە سەرجەم مافەکاندا دەخرێنەڕوو. رێگەدان بە شوێنکەوتنی ئازادانەی ئامانجە تایبەتیەکان لە هەمانکاتدا ئێمە ناچار دەکات بە پابەندبوون بە سەرجەم سنوورەکانی جێی رەزامەندی کردە ستراتیژەکان کە بەرژەوەندی هەموانی تێدایە.

– پ) لێکدانەوەی جیاواز لە رۆڵی دانیشتوان و ماف، دەربڕی ناکۆکیەکی قوڵی ریشەدارە لە سروشتی پرۆسەی سیاسیدا. لە روانگەی لیبراڵەکانەوە، سیاسەت بە زۆری خەباتە لە پێنلاو بەدەستهێنانی هەڵوێستێکە کە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی خاوەن فۆرم فەراهەمدەکات، پرۆسەی شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی سیاسی لە بیروڕای گشتی و پەرلەماندا، رکابەری هۆکارانی ئاکاری ستراتیژی بەکۆمەڵ بۆ پاراستن، یان بەدەستهێنانی ئامرازەکانی دەسەڵات دیاریدەکەن. سەرکەوتن لە (هەڵبژاردن)دا بە گوێرەی پشتڕاست کردنەوەی ژمارەی تاکەکان و بەرنامەکانیان لە رێگەی دەنگەکانی دەنگدەرانەوە هەڵەسەنگێندرێت، دەنگدەران بە دەنگەکانی خۆیان کارە لەپێشینەکانی خۆیان دەردەبڕن. دەنگە دیاریکەرەکانی ئەوان هەمان پێکهاتەی ئاکارە هەڵبژێردراوەییەکانی بەشداربووانێک هەیە کە ئامانجیان سەرکەوتنە لە بازاڕدا. و مافی تایبەتی قۆرغکردنی هەڵوێستی دەسەڵات دەردەکەن کە پارتە سیاسیەکان بە هەمان ستراتیژی پشتبەستو بە سەرکەوتن،

بۆ بەدەستهێنانیان پێکەوە ململانێ دەکەن. ناوەڕۆکی ئازاد و رواڵەتی دەسەڵات هاوتەرییە لەگەڵ هەمان مۆدێلی ئاکاری ستراتیژیدا.

– لە روانگەی کۆماریخوازانەوە، شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی سیاسی، لە بیروڕای گشتی و پەرلەماندا، لە پێکهاتەکانی پرۆسەی بازاڕ پەیڕەوی ناکات، بەڵکو پەیرەوی لەپێکهاتەکانی خۆڕاگەیەنەری گشتی لە سەر بنەمای تێگەیشتن دەکات. پارادایم(سەرمەشق)ی سیاسەت ، لە واتای خۆبوونیادی ئاکاری دانیشتوانی وڵاتدا، بازاڕ نییە، بەڵکو گفتوگۆیە. لەم روانگەیەوە، لەنێوان دەسەڵاتی پەیوەندی کە لە لیژنەی شکڵگرتنی گوتاری باوەڕی زۆرینەدا لە گەیاندنی سیاسیەوە سەرچاوەدەگرێت، و دەسەڵاتی ئیداری کە لە لایەن دامودەزگا حکومیەکانەوە زەوتکراوە، جیاوازی پێکهاتەیی تێدایە. هەر وەها ئەو پارتانەی کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات خەباتدەکەن، دەبێت مێتۆدی بەشدارێتی و بڕوابوون بە گوتاری سیاسی قبوڵ بکات: «بەشداری... پەیوەندی بە کرداری تایبەتەوەهەی لە پێناو گەیشتن بە هاوکاری کۆمەڵایەتیدا، ئەویش لە راشکاوی و راستگۆیەوە بگرە تا باوەڕ و لە رێگەی خوێندنەوەی هۆکارەکان کە هەم پەیوەندی بە کێشەکانی ئاکناکی کەسەکان و هەم پەیوەندی بە خودی ئاکەوە هەیە. میدیای راوێژ، گۆڕینەوەی دەنگی خێرخوازانەیە، بە گۆڕینەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە بەرژەوەندیەکانی ژیان، ... ئەگەرچی دەنگێک، یان ئەگەر دەنگدان بکرێت، دیسان خۆنواندنی سەرچاوەی دەنگەکانە.» بەم هۆیەش رووبەڕووبوونەوەی دەنگەکان لە ئاستی سیاسیدا تەنها خاوەنی هێزی رەوایی بەخشینە لە واتای هەبوونی مافی یاسایی قۆرغکردنی دەسەڵاتدا نیە، بە پێچەوانەوە، جێبەجێکردنی بێبڕانەوەی گوتاری سیاسی هەر وەها سەبارەت بە جۆری داسەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی هێزی ناچارکەری هەیە. دەسەڵاتی جێبەجێکار تەنها دەتوانێت لە سەر بناغەی سیاسەتەکان و لە سنوورەکانی یاسایەکدا بەکار بهێنرێت کە لە کانگایەکی دیموکراتیەوە سەریهەڵداوە.

2

ئەمەش بەراوردێک بوو لە نێوان هەر دوو مێتۆدی دیموکراسیدا کە ئەمڕۆ، بەرلە هەموان لە ئەمریکا، لە سەر باسی نێوان بەناو کۆمۆنتەخوازان و

لیبراڵەکاندا زاڵە. مۆدێلی کۆماریخواز، خاڵی پۆزەتیڤ و نیگەتیڤی هەیە. من پۆزەتیڤ بوونەکەی لەوەدا دەبینم، کە بەمانای رادیکاڵی خۆسامانی دیموکراتی کۆمەڵگە بە دەست ئەو هاوڵاتیانەی کە لە رێگەی پەیوەندیەکانەوە یەکگرتووە بوون، پابەندە و ئامانجی بەکۆمەڵ تەنها بە هۆکاری «کەین وبەین»ی نێوان بەرژەوەندی تایبەتی ناکۆک نازانێت. نیگەتیڤەکەشی لەوەدا دەبینم کە ئەم مۆدێلە لە رادەبەدەر ئامانج خوازە و پرۆسەی دیموکراسی دەسپێرێت بە دانیشتوانی چاکەکاری کۆمەڵ لە دوارۆژدا، چونکە سیاسەت بە تەهایی و بە تایبەت لە پلەی یەکەمدا، لە پرسیاری خۆتێگەیەنەری ئەخلاقی پێکنەهاتووە. هەڵە لەوەدایە کە ململانێی گوتارە سیاسیەکان بخاتە ناو مەنگەنەی ئەخلاقیەوە.

– بە دڵنیایەوە گوتارە خۆتێگەیەنەرە ئەخلاقیەکان کە هاوڵاتیان بە بەشداریکردن تێیاندا دەیانەوێت ئاگاداربن لەوەی کە چۆن خۆیان وەکو ئەندامانی نەتەوەیەک، کۆمۆن یان وڵات، بە واتای دانیشتوانی ناوچەیەک و جگە لەوەش تێدەگەن بەردەوامی بە کامە نەریت بدەن، چۆن پێکەوە، لەگەڵ کەمایەتیەکان، لەگەڵ گروپە پەراوێزخراوەکان مامەڵە دەکەن و لە چ بەشێکی کۆمەڵگەدا دەیانەوێت بژین، بەم بەشێکی گرنگ لە سیاسەتدا پێکدەهێنن، بەڵام لە دۆخی فرەخوازی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا، لە پشت ئامانجی گرنگە سیاسیەکانەوە بە زۆری بەرژەوەندی و ستەمکاری بەهایی خەوتوون کە بە تێکڕایی، بە هیچ شێوەیەک بۆ ناسنامەی کۆمەڵ، واتابۆ تێکڕای ژیانی هاوبەش نێوان زەینی بنەڕەتی نین. ئەم بەرژەوەندی و هەڵوێستگیریە بەهاییانە کە هەر لە ناو ئەم کۆمەڵەدا بە بێ هیچ ئاسۆیەک بۆ گەیشتن بە تەبایی، پێکەوە لە ململانێدان، پێویستیان بە هاوسەنگیەکە کە لە رێگەی گوتاری ئەخلاقیەوە بەدەست نایەت.

– وەکو ئەوەی کە دەرەنجامی ئەم هاوسەنگیە کە ئیتر بە شێوەی گوتار نیە بەندە بەوەی کە پرنسیپی بەهابوون کە لە لایەن نەریتێکەوە رەزامەندی لەسەر کراوە پێشێل نەکات. هاوسەنگی بەرژەوەندیەکان وەکو شکڵگرتنی سازش لە نێوان ئەو حزبانەدا ئەنجامدەدرێت کە پشت بە تواناکانی دەسەڵات و سزاکان دەبەستێت. گفتوگۆیەکی لەم چەشنە بێگومان ئامادەیی هاوکاریان تێدایە، واتا ئەم ئیرادەیە دەهێنێتە ئاراوە کە بە پاراستنی رێسای گەمە دەگاتە ئەنجامێک کە

بۆ هەموو پارتەکان، بە هۆکاری جۆراوجۆر، جێگەی قبوڵکردن بن. شکڵگرتنی سازش، بەڵام لە شێوزەکانی گوتاری عەقڵانیدا پوچەڵکردنەوەی دەسەڵات و دورخستنەوەی ئاکاری ستراتیژی بەدینایەت. بەم حاڵەشەوە، پلەی ویژدانی سازش بە گوێرەی پێشنیار و رەواڵگەلێک لە مەحەک دەدرێت کە خۆشیان پێویستیان بە پاساوێکی عەقڵانی، پاساوکراو بە رێسای عەقڵانی لە لە گۆشە نیگای دادپەروەریەوە هەیە. پرسیارە ئەخلاقیەکان، بە پێچەوانەی مەسەلەکانی دادپەروەری، لە بنەڕەتدا بەڵگەنامەیان لە سەر کۆمەڵێکی دیاریکراو نیە. ئەگەر بڕیارە مافی تۆماری سیاسی رەوا بێت، لانیکەم دەبێت لەگەڵ ئەو دەستەیە لە پرنسیپی ئەخلاقیدا سازگار بێت کە ململانێی هەبوونی متمانەی گشتی کۆمەڵێکی خاوەنی مافی دیاریکراوی هەبێت.

– چەمکی سیاسەتی بەشدارێتی تەنها کاتێک لە پەیوەندی ئەزمونی بەهرەمەند دەبێت کە فرەچەشنی شێوازەکانی گەیاندنی لەبەرچاو بێت کە خواستی هاوبەشی ئەوان تەنها لە رێـڕەوی خۆتێگەیشتنی ئەخلاقیەوە شکڵ ناگرێت، بەڵکو لە رێگەی پێکهێنانی هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندی و سازش، لە رەهەندی هەڵبژاردنی پێداویستیەکانی پشت بەستوو بە ئامانجی عەقڵانی، سەلماندنی ئەخلاقی و مەحەکی پوختەی مافەکانیش لەخۆ دەگرێت. بەم پێیە ئەو دوو جۆرە سیاسەتەی کە میچلمان لە بەرامبەر یەکتریدا دایدەنێت، دەتوانن بە شێوەیەکی رێگەپێدراوە لێکبنەنرێن و یەکتری کامڵ بکەن. ئەگەر چی شێوازەکانی پەیوەندی بە گوێرەی پێویست دامەزراوەیی بووبێتن، سیاسەتە دیالۆگی و کەرەستیەیەکان دەتوانن لە میدیای بەشدارەکانەوە لێکتەنرێن، بەم پێیە هەموو شتێک بەندە بە دۆخی گەیاندنی ستراتیژێکەوە هەیە کە شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی بەدامەزراوەیکراوی هێزی رەوایەتیدەر خۆی ئاراستە دەکات. سێیەمین مۆدێلی دیموکراسی، کە من بەتەمام پێشنیاری بکەم، رێک لە سەر بنەمای ئەو دۆخی پەیوەندیە وەستاوە، کە پرۆسەی سیاسی لە ژێر کاریگەری ئەواندا لەوانەیە بتوانێت دەرنجامێکی عەقڵانی بەرهەم بێنێت، چونکە دواتر لە سەرجەم ئاستەکاندا بەشێوازی بەشداری ئەنجام دەدرێت.

– ئەگەر چەمکی ستراتیژی سیاسەتی بەشدارێتی بگۆرین بۆ هزری

پڕناوەڕۆکی ڕێسای تیۆری دیموکراسی، جیاوازیگەلێکیش لە پەیوەندی لەگەڵ لێکدانەوەی کۆماریخوازی لە دەوڵەت، وەکو کۆمەڵێکی ئەخلاقی و هەم لەروانگەی لێکدانەوەی لیبراڵیەوە بەرامبەر بە دەوڵەت وەکو پاسەوانی کۆمەڵگەیەکی ئابوری، لێکگرێدەدرێن.

– کاتی بەراوردکردنی سێ مۆدێل، من لە ڕەهەندی سیاسەتەوە دەستپێدەکەم کە تا ئێستا ئێمەی زیاتر لە هەموان بە خۆیەوە سەرقاڵکردوە، واتا لە گیرسانی ئیرادەو باوەڕی دیموکراتی کە بەرهەمی هەڵبژاردنی گشتی و پەسەندکراوەکانی پەرلەمانن.

– بەگوێرەی بۆچوونی لیبراڵی، ئەم پرۆسەیە تەنها بە شێوەی سازشی بەرژەوەندیەکان ئەنجام دەدرێت. ڕێساکانی شکڵگرتنی سازش لەم پرۆسەیەدا کە لە ڕێگەی مافی دەنگدان بۆ هەموان بە شێوەی یەکسان و هەروەها لە ڕێگەی پێکهێنانی دامەزراوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، سیستمەکانی ئەوان و جگە لەوەش دەبێت پاک و بێگەردبوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان مسۆگر بکات، کە لەسەر بنەمای پرنسیپی دەستوری لیبراڵ ئاشکراو بەڵگەدار دەبن. بە باوەڕی کۆماریخواز، شکڵگرتنی ئیرادەی دیموکراتی بەپێچەوانەوە دەبێت بەشێوەی خۆتێگەیشتویی ئەخلاقی ئەنجام بدرێت. لەم نێوەندەدا، بەشداریکردن لە بواری ناوەڕۆکەوە دەتوانێت پشت ببەستێت بە پێش زەمینەی تەبایی ئەزمونداری کولتوری هاووڵاتیانەوە کە خۆی لە مەراسیمی یادکردنەوەی بونیاتنانی کۆماریخوازیدا دەبووژێنێتەوە. تیۆری گوتار، توخمگەلێکی لە هەردولایەن لە خۆدا جێخستوە و ئەوانی لە واتای ڕەواڵی ئامانجخوازانەی راوێژو بڕیارداندا تێکەڵ دەکەن. ئەم رووەی دیموکراسی لە گفتوگۆکاندا، گوتاری خۆتێگەیشتویی و یەکسانی تەبایی ناوخۆیی بەرقەرار دەکات و ئەو گومانە بەهێزدەکات، کە لەوەها دۆخێکدا دەرەنجامێکی ژیرانە یان بە واتایەک دادپەروەرانە بەدەستەوە دەدات. بەم جۆرە، حیکمەتی کردەیی لە مافی مرۆڤی جیهانداگر یان ئەخلاقی کۆمەڵایەتی گرێدراوی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەو ڕێسایەی گوتارەوە و شێوەکانی بەڵگەهێنانەوە جێگر دەبێت کە ناوەڕۆکی ڕێساکان لەسەر کۆڵکەی متمانەی ئاکار پشتبەستو بە تێگەیشتن و لە کۆتاییدا پێکهاتەکانی پرۆسەی دیموکراتی دەستپێکی بونیاتنانی

لێکدانەوە بەرامبەر بە ڕێسای دەوڵەت و کۆمەڵگە فەراهەم دەکات. تەنها بنج و بناوانی دەزگای ئیدارەی گشتی پێش دەخرێت کە لەسەرتای قۆناغی نوێوە، لەگەڵ سیستمی دەوڵەتە ئەوروپیەکان، خولقێنراوە و لە یەکانگیری کارامەییدا لەگەڵ سیستمی ئابوری سەرمایەداری گەشەی کردوە. بە گوێرەی باوەڕی کۆماریخواز ، شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی سیاسی هاوڵاتیان میدیایەک پێکیدەهێنێت کە کۆمەڵگە لە ڕێگایەوە وەکو گشتێکی کامڵبووی سیاسی دادەمەزرێت. کۆمەڵگە لە ناو دەوڵەتدا چەقی بەستووە وەکو کۆمەڵ لە ڕێڕەوی ئاکاری خۆدامەزرێنەری سیاسی هاوڵاتیانەوە سەبارەت بە گشتیەتی خۆی وشیار دەبێتەوە و لە ڕێگای ئیرادەی بەکۆمەڵی هاووڵاتیانەوە کاریگەری دەکاتە سەر خۆی. دیموکراسی هاوواتایە لەگەڵ خۆڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگەدا. لە بواری گفتوگۆوە، تێگەیشتنی سیاسی لە دژی دامودەزگای حکومی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. لە بەرهەمە سیاسیەکانی هانا ئارنتدا دەتووانین لوتکەی تیژی بەڵگەهێنانەوەکانی کۆماریخوازان بدۆزینەوە، دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو بیرەی کە دانیشتوانی وڵات سەریان خستۆتە سەر ژیانی تاکەکەسی خۆیان و بێزاری خەڵک لە سیاسەت لە دژی بەدەستهێنانی ڕەوایەتی لە ڕێگەی پارتە حکومیەکانەوە، دەبێت ئەوەندە شەوق و زەوق ببەخشێتە بیروڕای گشتی سیاسی بۆ ئەوەی هاوڵاتیەکی نوێخواز لە شێوازەکانی خۆبەڕێوەبەری ناسەنتەر کردن بتوانێت زەبروزەنگی حکومی لە بواری ئیدارەی سەربەخۆبووەوە بەدەست بهێنێتەوە. لە ڕوانگەی لیبراڵەوە، ناتوانرێت بە سەر ئەم جیاکردنەوەی دەزگا دەوڵەتیەکانی کۆمەڵگەدا زاڵ بیت، بەڵکو تەنها دەتوانرێت لە ڕێگەی پرۆسەی دیموکراسیەوە پردێک لە نێوان ئەو دوانەدا دروستبکەیت. بەم حاڵەشەوە، بەڵگە و دەلیلە لاوەکی و بنەماسنەکانی نۆرم پێویستی بە هاوسەنگی نێوان دەسەڵات و بەرژەوەندیە کە لە ڕێگەی مافەوە کامڵ دەبن.

– تێگەیشتنی لانیکەم لە شکڵگرتنی ئیرادەی دیموکراتی هاونیشتمانانی بەهەڵوێست، تەنها توخمێک لە چوارچێوەی دەستوردا پێک دەهێنێت. ئەو توخمەش دەبێت زەبروزەنگی دەوڵەت لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەوە بۆ نۆرم (لە چەشنی مافی بنەڕەتی، دابەشکردنی هێزەکان و ناچارە یاسایەکانی دامودەزگای ئیداری) ڕێک و پێک بکات و لە ڕەهەندی ڕکابەری نێوان پارتە

سیاسیەکان لەلایەکەوەو حکومەت و نەیارانی حکومەت لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی تێبینی شایستەی بەرژەوەندی لایەنگری کۆمەڵایەتیەوە بوروژێنێت. ئەم تێگەیشتنە دەوڵەتدارانەیە لە سیاسەت دەتوانێت لە گریمانەی ناڕاستی هاونیشتمانی بە لێهاتویی کارلێکی بەکۆمەڵ چاوپۆشی بکات. ئاراستەکانی ئەم تێگەیشتنە، لە هەناوی شکڵگرتنی ژیرانەی سیاسیدا نیە، بەڵکوو رواڵەتی بیلانێکی سەرکەوتوویە لە دەستکەوتی چالاکیەکانی دەوڵەتدا. نووکی نێزەی بەڵگەهێنانەوە لیبراڵیەکان تواناکانی گرژی نانەوەی دەسەڵاتی لە دەوڵەتدا کردوەتە ئامانج کە ڕێگری دەکات لە پەیوەندی سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی تاکەکەسە تایبەتەکان. کانگای مۆدێلی لیبراڵی خۆبونیاتی دیموکراتی هاووڵاتیان خولیای بەشداری نییە، بەڵکو نۆرمسازی یاسایی کۆمەڵگەی ئابوریە. نۆرمسازیەک کە دەبێت لە ڕێگەی بەواقعکردنی ئامانج و ئاواتە تایبەتیەکانی هاوڵاتیانی چالاکی خولقێنەر، تێگەیشتنێکی ناسیاسی لە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی گەرەنتی بکات.

– تیۆری گوتار کە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتی دەلیل و بەڵگەی بەهێزتر لە مۆدێلی لیبراڵ، لاوازتر لە مۆدێلی کۆماریخواز گرێدەدات، لە هەردوو لاشەوە توخمگەلێکی وەرگرتوە بەشێوەیەکی نوێ ئاوێتەی کردوە. تیۆری گوتار، هاودەنگ لەگەڵ مۆدێلی کۆماریخواز پرۆسەی شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی سیاسی دەخاتە ناوەندی سەرنجەکانی خۆیەوە. بەبێ ئەوەی کە هەڵوێستی سیاسی بە لاوەکی لەقەڵەم بدات. تیۆری دیالۆگ، لە بەرامبەردا، مافی بنەڕەتی و دەوڵەتی مافخوزا بە وەڵامێکی لێبڕاو بەم پرسیارە دەزانێت کە چۆن دەتوانێت لەسەر بنەمای دامـەزراوە ناوەڕۆکدارەکانی پەیوەندی رووی دیموکراتی بچەسپێنێت. تیۆری گوتار بەدیهاتنی سیاسەتی بەشداریتی ناسپێرێت بە هاوڵاتیەک کە توانای کرداری بەکۆمەڵی هەبێت، بەڵکو بەدامەزراوەیکردنی رووە گونجاوەکانیەوە گرێدەدات. تیۆری گوتار ئیتر لەگەڵ واتای گشتی کۆمەڵایەتی کۆجێکراو لە دەوڵەتدا کە بە تێکڕایی وەکو سوژەی کارای ئامانجدار وێنا دەکرێت، کارناکات. تیۆری گوتار خۆی لەگەڵ ئەم بەشە گشتیەی کە ناوەندی سیستمی نۆرمەکانی یاسای بنەڕەتی کە هاوسەنگی نێوان دەسەڵات و بەرژەوەندی بەگوێرەی مۆدێلی پەیوەندی بازاڕی خۆڕسک ڕێکدەخەن، ناگونجێنێت. تیۆری گوتار لە بنەڕەتدا لەگەڵ قاڵبە

فیکریەکانی فەلسەفەی وشیاری خۆدامەزراوەیی ئاکاری هاووڵاتیان کە بەشێوەی سوژەی کۆمەڵایەتی لەقەڵەمی دەدەن، بەڕێدەکاث. لەوێدا هاوڵاتیەک وەکو کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگیرێت کە دەنگدانەوەی گشتە و بۆ گشت کاردەکاث، چونکە لەو دیوی کردەی هەڵبژاردنی ئاکەوە هیچ بڕیارێکی بەکۆمەڵ ناتوانێت بوونی هەبێت.

– لە بەرامبەردا تیۆری گوتار لەسەر بنەمای زەینێکی بەرزتر وەستاوە کە لە لایەکەوە لە شێوەی چەسپێنراوی راوێژ و گۆڕینەوەی بیروڕا لە لیژنەکانی پەرلەمانداو لەلایەکی دیکەوە لە تۆڕی پەیوەندیەکانی ناوەندە گشتیە سیاسیەکاندا ئەنجام دەدرێت. ئەم پەیوەندیانە بە بێ سوژە، لە ناوەوە و دەرەوە شاندە سیاسیە خاوەن بڕیارەرکاندا، ناوەندگەلێک پێکدەهێنن، کە بیروڕای تا رادەیەک عەقڵانی سەبارەت بە بابەتە گرنگە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو حاڵەتانەی کە پێویستیان بە رێکخستن هەیە، دەتوانێت تێیاندا شکڵ بگرێت. شکڵگرتنی ئیرادەی ناحکومی بە دەنگدانی دامەزراوەیی کراو و پەسەندکراوە یاساییەکاندا درێژ دەبێتەوە، لەم رێگایەشدا، دەسەڵاتی پێکهاتوی پەیوەندی دەتوانێت لە شکڵی دەسەڵاتی ئیداریدا بگۆڕدرێت. سنوری نێودان دەوڵەت و کۆمەڵگە وەکو مۆدێلی لیبراڵ جێبەجێدەکرێت بەڵام لێرەدا کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو بناغەی کۆمەڵایەتی ناوەندە گشتیە سەربەخۆکان بە هەمان رادە لەگەڵ سیستمی پراتیکی ئابوری جیاوازی هەیە، کە بە دەزگای فۆرمداری دەوڵەتیەوە، دەرەنجامی نۆرمی بەرهەمهاتو لەم تێگەیشتنە لە دیموکراسی، داخوازی گۆڕینی هاوسەنگی لە سێ سەرچاوەی، دراو، دەسەڵاتی فۆرمدراری و رێکخراوەییە، کە کۆمەڵگەی هاوچەرخ کە پێویستیەکانی خۆی سەبارەتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و رێنوێنی خۆی لە رێگەی ئەوانەوە تێر دەکاث. ئەمانەش کۆی ناوەڕۆکی ئاشکرای نۆرمن . دەسەڵاتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هاوپەیوەندی کە ئیتر ناتوانێت بە تەنیایی لە سەرچاوەکانی کرداری پەیوەندی هەوێن بگرێت. دەبێت خۆی لە رێگەی پانتاییە گشتیە سەربەخۆکان و رووی دامەزاوەیی شکڵگرتنی ئیرادەو باوەڕی سیاسی گەشەپێبداث و بتوانێت هەر دوو هێزەکەی تر، دراو و دەسەڵاث دەزگای ئیداری، بدرەوشێنێتەوە.

– ئەم روانگەیە (تیۆری گوتار) بۆ تێگەیشتنی رەوایەتی و دەسەڵاتی

خەڵک دەرنجامگەلێک دەخولقێنێت، بە بڕوای لیبراڵ، کارکردی شکڵگرتنی ئیرادەی دیموکراتیک تەنها و تەنها شەرعەیەتدانە بە زاڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش مۆڵەتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە لەلایەن حکومەتەوە، لەئێستادا حکومەت دەبێت لەبەرامبەر بیروڕای گشتی و پەرلەماندا کارامەیی ئەم دەسەڵاتە پاساو بکات. لەروانگەی کۆماریەوە، شکڵگرتنی ئیرادەی دیموکراتی لە بنەڕەتدا کاراییەکی بەهێزتری هەیە. ئەم کارکردەش بریتیە لە دامەزراندنی کۆمەڵگە وەکو کۆمەڵێکی سیاسی و زیندوراگرتنی بیرەوەری ئەم هەنگاوەی بونیاتنانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، حکومەت تەنها لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لەنێوان دەستەکانی سەرکردایەتی رکابەردا، مافی بەدەستهێنانی بێمەرجی نوێنەرایەتی مسۆگەر ناکات، بەڵکوو لە بواری بەرنامەیشەوە ناچار دەبێت بە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو. حکومەت زیاتر لیژنەیە تاکو ئۆرگانی دەوڵەت. بەشێکە لە گردبوونەوەی خۆبەڕێوەبەری سیاسی، نەک سەرۆکایەتی دەسەڵاتە جیاوازە دەوڵەتیەکان، بە ئیۆری گوتار وێنایەکی نوێ دێنە ناو کایەکەوە.

– ستراتیژ و پێشمەرجەکانی پەیوەندی شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی دیموکراتی، لە بەرامبەر گرنگرتن کەناڵەکانی عەقڵگەرایی گوتاری بڕیارەکانی حکومەت و دیوانسالاری پابەند بوو بە ماف و یاسا دەکارێت. مانای عەقڵانی سازی فراوانترە لە شەرعیەتی رووت، بەڵام لە دامەزراندنی دەسەڵات نزمترە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەستی خەڵکدا حاڵەتی ئاوێنەبوونەکەی دەگۆڕێت تاکو ئەو جێگەیەی کە لە پەیوەندی بەردەوامدا لەگەڵ شکڵگرتنی ئیرادەو باوەڕی دیموکراتی بمێنێنەوە بۆ ئەوەی نەک هەر دواتر چاودێری ئاکاری سیاسی بکات، بەڵکوو تا رادەیەکیش بەرنامەی بۆ دادەڕێژێت. بەدەر لەمە، ئەمە تەنها سیستمی سیاسیە کە دەتوانێت بکارێت، سیستمی سیاسی، وردە - سیستمێکە کە تایبەت کراوە بە بڕیاری ناچاری بۆ کۆمەڵ، چ بگات بەوەی کە پێکهاتەی پەیوەندیە بەرفراوانە گشتیەکانی تۆڕێکی بەرفراوان لە لقە هەستیەکان پێکدەهێنێت کە لەبەرامبەر فشاری گرفتە زۆروزەبەندە کۆمەڵایەتیەکاندا لە خۆیان کاردانەوە نیشان دەدەن و باوەڕێکی کاریگەر دەهێنێنە جۆش. بیروڕای گشتی کە لەسەر بنەمای پرۆسەی دیموکراتی بووە بە دەسەڵاتی پەیوەند، خۆی ناتوانێت (فەرمانڕەوایی

بکاٹ) بەڵکوو تەنها دەتوانێت کارایی دەسەڵاتی ئیداری بەرەو رەهەندێکی دیاریکراو رێنوێنی بکاٹ.

– چەمکی دەسـەڵاٹ بەندە بە فێربوون و هەڵسەنگاندنی دوبـارەی روانگەی کۆماریخواز لە دیمەنی دەسەڵاٹ، کە لەدەستپێکی سەدەی نوێدا، سەرەتا گرێدرابوو بە فەرمانڕەوایی دەسەڵاتدارانی رەهاوە.

– دەوڵەٹ بە پاوانکردنی کەرەستەی بەکارهێنانی زەبروزەنگی رەوا وەکو شیلەی دەسەڵاتێک وێنا دەکرێٹ کە لە توانایدایە بەسەر تێکڕای هێزەکانی دیکەی جیهاندا زاڵ بێٹ. رۆسۆ ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەی، کە بۆ جەستە دەگەڕێنەوە، وەکو ئیرادەی تاقانەی خەڵک وێنای کرد و بە ئایدیای کلاسیکی دەسەڵاٹ بەسەر خودی تاکی ئازاد و یەکسان ئاوێزان کرد و لە واتای هاوچەرخی سەربەخۆییدا گەشەی پێدا. سەرباری ئەم پاڵاوتنەی بە نۆرم، چەمکی دەسەڵاٹ بە تەسەوری بەرجەستەکردنی خەڵکەوە(کە سەرەتا لە بواری فیزیکیەوە بوونی هەیە) پابەند دەمێنێتەوە. بە گوێرەی روانگەی کۆماریخواز، بەشداری لانیکەمی هێزی بەکارهاتوی خەڵک هەڵگری دەسەڵاتێکە کە لە بنەڕەتدا شیاوی سەرپشک کردن نییە: ناتوانێٹ خەڵک لە سروشتی خۆیاندا وەکو حاکم نوێنەرایەتی بکاٹ. دەسەڵاتی جێبەجێکار لە خۆدامەزرێنەری ئاکاری هاوڵاتیاندا ریشەی هەیە، نەک لە نوێنەرایەتیاندا. لیبراڵیزم لە بەرامبەر ئەم روانگەیەدا، ئەم تیۆریە واقیعانە دادەنێٹ کە دەوڵەٹ مافی دیموکراتی هێزە دەوڵەتیەکان کە هەڵقوڵاوی ناو خەڵکە، تەنها لە « هەڵبژاردن و دەنگدان و لە رێگەی ئۆرگانە تایبەتیەکانی یاسادانانەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکار و داد» جێگیر دەکاٹ (ئەگەرچی لە دەستوری ئەڵمانیا، بەندی بیسٹ، بنەمای دوودا هاتوە).

– بە دڵنیایەوە ئەم دوو روانگەیە جێگرەوەیەکی تەواو تەنها لە ژێرناوی دەستپێکی جێی پرسیاری لێکدانەوە لە دەوڵەٹ و کۆمەڵگە پێک دەهێنێٹ، کە لەکۆو بەش بەشی ئەودا دەستپێدەکاٹ ئەگەرچی گشٹ یان لە رێگەی هاووڵاتیبوونی سەربەخۆوە یان لە رێڕەوی دەستوری بنەڕەتیدا دادەمەزرێٹ. بە پێچەوانەوە، واتای گوتاری دیموکراسی لەگەڵ وێنای کۆمەڵگەیەکی ناسەنتەریەدا هاوتەریبە. بەڵام، ئەم کۆمەڵگە بەسەنتەرنەکراوە بە هاوکاری رای گشتی سیاسی

گەشەی تێگەیشتنەکان، دۆزینەوەو چارەسەری گرفتە گەورە کۆمەڵایەتیەکان لەیەکتری جیادەکاتەوە، چاوپۆشیکردن لە چاکسازی لە سەر بنەمای فەلسەفەی سوژەی دەسەڵات بە روونی نە پێویستە کە لە خەڵکدا کۆجێ بێت(متمرکز) و نە لە خواستی شیاوەتی مافی بنەڕەتیدا دوور دەخرێتەوە. «خود» کۆبوونەوەی خۆڕێکخستنی ماف لە شێوەی گەیاندندا بە بێ سوژە لە ناو دەچێت. ئەم شێوازە، رەوتی شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕی پشت بەستو بە گفتوگۆ جۆرێک رێکدەخات، کە ئەگەری ژیرانە بوونی دەرەنجامەکانی بەهێز دەبێت. بەم جۆرە نیازێک کە پەیوەندی بە ئایدیای دەسەڵاتی خەڵکەوە هەیە، رەتناکرێتەوە، بەڵام بەشێوەی زەینی شرۆڤە دەکرێت. دەسەڵاتی خەڵکیش، بەڵام بە شێوەی خوازراو، تەنها خۆی لە ناو شێوەی دیموکراتی و لە پەیوەندیدانی مافەکاندا پێشمەرجە پەیوەندیدارە پڕناوەڕۆکەکان دەکشێتەوە بۆ ئەوەی خۆی وەکو دەسەڵاتی پێکهاتوی پەیوەندی بسەلمێنێت. لە راستیدا، دەسەڵاتی خەڵک سەرچاوەگرتووە لە کردارەکانی شکڵگرتنی ئیرادەی دامەزاوەیی یاسایی و ئامادەی پانتاییە گشتیە فەرهەنگیەکانە، کە خۆشیان لە ئەنجومەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کە بەشێوەی یەکسان دوری لەدەوڵەت و ئابوری گرتووە، بنەمایان داکوتاوە.

– شێوزای وەرگرتنی نۆرمی سیاسەتی موشارەکەتی لە خۆیدا، بۆ کۆبوونەوەی یاسایی هەڵبەت راگەیەنەری کۆمەڵگە پەسەند پشت بەستوو بە گفتوگۆ دەخوازێت، بەڵام ئەم میدیایە تێکڕای کۆمەڵگە کە سیستمی سیاسی گەشەکردو لەسەرشانیەتی ناگرێتەوە. سیاسەتی موشارکەتی هەروەها بە گوێرەی شێوازی وەرگرتن لە خۆیدا بەشێکە لە کۆمەڵگەیەکی لێکدابڕاو، وەکو کۆیەک لە شێوازی تێبینی بۆ رێسای تیۆری حقوقی دوور دەگرێت. لەم بوارەوە، جۆری خوێندنەوەی تیۆری گوتاری لە دیموکراسیەوە بەرەو تێڕوانینی عەینی زانستی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەست دەبێت. بۆ ئەم روانگەیە، سیستمی سیاسی نە سەرۆک، نە ناوەند، یان تەنانەت مۆدێلی دیاریکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو سیستمێکی کرداریە لە پەنای سیستمەکانی دیکەدایە.

– سیاسەت لەبەرئەوەی بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەی کەپەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسیەوە بەشی گەرەنتی گرتۆتە ئەستۆ، بێگومان

دەبێت لە ڕێگەی میدیای ڕەواوە بتوانێت لەگەڵ ناوەندەکانی بکەری ڕێک و پێکی یاسایدا گفتوگۆ بکات، بەدەر لەوەی کە ئەم ناوەندانە چ پێکهاتەیەکیان هەیە و چۆن ڕێنوێنی دەکرێن. بەڵام سیستمی سیاسی تەنها لە مانایەکی سەرەتاییدا بە سیستمە ڕاندمانیەکانی تر – وەکو وابەستە بوون بە بەرهەمە داراییەکانی سیستمی ئابوری – وابەستە نییە، بە پێچەوانەوە، سیاسەتی بەشدارێتی، بەدەرلەوەی کە ئێستا بە گوێرەی شێوازە دامەزراوەیی کراوەکان شکڵگرتنی ئیرادە و باوەڕ ئەنجام بدرێت یان تەنها بە شێوەی نارەسمی لە تۆڕە کۆمەڵایەتی بەرفراوانی گشتی سیاسی – لەگەڵ دەقەکانی جیهانی ژیانی سازگار لەگەڵ خۆیدا کە خۆشی عەقڵانیە، پەیوەندی دەرونی هەیە. بەتاییەت ئەو دەستە لە پەیوەندیەکان کە لە پاڵوێنەی(صافی) گفتوگۆوە تێپەڕیون پێویستیان بە کۆکراوەی جیهانی ژیان هەیە، بە فەرهەنگی سیاسی ئازادیخواز و کۆمەڵ وەرگری ڕۆشنگەرانەی سیاسی و بەر لە هەر شتێک بە لێهاتوویی ئەنجومەنی بونیاتنەرانەی بۆچوون و باوەڕ کە بە بەربڵاوی و بە شێوەی خۆڕسک شکڵ بگرن و دوبارە گیانیان تێدێنەوە و ڕێنوێنی سیاسی ئەوان لە هەر دۆخێکی نائاساییدا دژوارە.

– سەرچاوە: سایتی ئەرشیفی مارکسیستەکان

## یۆرگن هابرماس و خەمی گەورەی دیموکراسی

نوسینی: بەهرام موحیی

لەفارسییەوە: ڕێباز مستەفا

هابرماس پێیوایە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەمیشە توندوتیژی لە نێو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، بەڵام توندوتیژی ڕوخسارێکی درۆزنانەی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤە نەک ماهیەت و سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ. مرۆڤ بەوردبوونەوەو بەقوڵی بیرکردنەوە دەتوانێت ئەو ڕوخسارە درۆزنانەیە دیاری بکات و بیخاتەڕوو و زەمینەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەو ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان فەراهەم بکات، تاکو لەو ڕێگەیەوە چارەسەری توندوتیژانەی ئەو ناکۆکیانە بەلاوە بندرێت.

بەبێ دوودڵی، هابرماس لەئێستادا دیارترین و بەناوبانگترین فەیلەسوفی کۆمەڵایەتیی ئەڵمانییە. ئەو کە سەر بەنەوەی دووەمی بیرمەندانی «قوتابخانەی فرانکفۆرت»ە(١)، یەکێکە لەو چەند کەسە زۆر کەمانەی تا ئێستا لەژیاندا مابن، کە نەریتی هزری فەلسەفی ئەو قوتابخانەیەی دوای گەورە بیرمەندانی نەوەی یەکەمی ئەو قوتابخانەیە لەبارەی»تیۆری ڕەخنەیی»یەوە درێژە پێدابێت.

هابرماس لەساڵی ١٩٢٩ لەشاری دوسڵدروف لەدایک بووە. لەتەمەنی بیست ساڵیدا دەستی بە خوێندنی بەشەکانی فەلسەفە، دەروونناسی و ئەدەبیاتی ئەڵمانی لەزانکۆکانی گوتینگن، زوریخ و بۆن کردوە. ساڵی١٩٥٤ وەک مامۆستا لەزانکۆی هایدلبێرگ دەستی بەوانەوتنەوە کردوە. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧١ تا ١٩٨٢ وەکو سەرۆکی ئەنستیتۆی ماکس پلانک خەریکی توێژینەوە بووە لەبارەی کاریگەریی زانست و تەکنەلۆژیا لەسەر ژیان. ساڵی ١٩٨٣ ئەمجارە لەزانکۆی فرانکفۆرت دوبارە گەڕاوەتەوە بۆ وانەوتنەوەی فەلسەفە.

هابرماس تا ئێستا توانیویەتی ببێتە خاوەنی چەندین خەڵاتی زانستی و فەلسەفی وەکو خەڵاتی هیگڵ، خەڵاتی فرۆیدو خەڵاتی ئادورنۆ. ناوبانگە جیهانیەکەی ئەو فەیلەسوفە لەئەنجامی چەندین ساڵی مامۆستایەتی شانازیی ناوبراوە لە زانکۆ گرنگ و بەناوبانگەکانی ئەمریکای وەک زانکۆی هاروارد. زۆربەی

نوسینەکانی ئەو بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی و زمانە گرنگەکانی دیکە وەرگێڕدراون و کاریگەریی هزرو تێڕوانینەکانی ئەو لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەماوەی ساڵانی رابردوو نکۆڵی لێناکرێت و هەردەم لە پەرەسەندندا بووە.

زمانی فەلسەفی هابرماس، وەک نەریتی فەیلەسوفانی ئەڵمان زمانێکی سەخت و ئاڵۆزە، بەڵام بۆ ناساندنی ئەندیشەو تێڕوانینەکانی ئەو، کتێب و نامیلکەو وتارگەلێکی زۆر نوسراون و بڵاوکراونەتەوە کە ئەمانە وایانکردوە تێگەیشتن لەکرۆکی هزرو ئەندیشەکانی ئەو ئاسانتر بێت، لەو رووەوە دەتوانین ئاماژە بە نوسینەکانی»ئاکسڵ هونت»(٢)و»تۆماس مەک کارتی»(٣) بکەین. گرنگترین کتێب و نوسینەکانی یۆرگن هابرماس بریتین لە: « گۆڕانی پێکهاتەیی زەمینەی گشتی»(٤)، «ناسین و پەیوەندی»(٥)،»لەبارەی لۆژیکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان»(٦)، « سیاسەت، هونەر، دین»(٧)، « تیۆری کرداری پەیوەندی»(٨)و «ئایندەی سروشتی کۆمەڵایەتی»(٩).

لەم بابەتەدا وێـڕای چاوخشاندنەوەیەک بە فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی یۆرگن هابر ماس، باس لەتیۆرو دیدگاکانی لەبارەی کرداری پەیوەندی و پێگەیشتن دەکەین.

### فەلسەفەی سیاسی

یۆرگن هابرماس دوای نامەی دکتۆراکەی لەبارەی فەلسەفەی «شێلینگ»، دەستیکرد بە نوسینی کۆمەڵە وتارێکی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتی و فەلسەفی- سیاسی و چەند نوسینێک بۆ ناساندنی فەیلەسوفانی وەک «یاسپرس»، «هایدگەر» و «بلوخ». بەڵام دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی نامەی مامۆستاییەکەی لەژێر ناوی « گۆڕانی پێکهاتەیی زەمینەی گشتی» بوو کە بەردی بناغەی ناوبانگە زانستیەکەی ئەو دانـدرا. هابرماس لەو نوسینەیدا، بـەوردی لەسەر پرۆسەی سیاسی و فۆرمەلەبوونی هزری گشتی لەقۆناغە سەرەتاییەکانی دیموکراسیی بۆرژوازیەوە تا پێکهاتنی دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئەم سەردەمە راوەستاو کەوتە شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنیانەوە. بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی ناوبراو لەو بوارەدا،

هەڵسەنگاندنێکی بەدبینانەیەو. ئەوە نیشان دەداث کە چەند ئاسان و بە چ خێراییەکەوە دەتواندرێث هزری گشتی لەزەمینەی بەڕێوەبرندنی کۆمەڵگە و بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیدا بخرێتە رێڕەوێکی ستەمکارانەی تایبەث و ناوەرۆکە مۆراڵیەکەی بەتاڵ بکرێتەوە. لەو نوسینەیدا پەیوەندیی بەرامبەرانەی نێوان دەوڵەث و هاووڵاتیان، پرسی تەوەرەیی مەبەسث و تێڕوانینەکانی هابرماسە. بەبڕوای ئەو، هەر لەسەرەتادا، پێویستی پەرەسەندنی بازرگانی، هاوتەریبە لەگەڵ پەرەگرتنی خێرای بۆرژوازی و تۆکمەکردنی پەیوەندیەکانی هاوڵاتیانەوە. ئەو پرۆسەیە، پێویستبوونی بازرگانان بەزانیاریەکان تا دێث زیاتر دەکاث. ئەمە خەسڵەتی تایبەتی زانیاریەکان لەنێو دەباث و لەپانتاییەکی فراواندا بەرەو زەمینە گشتی رایدەکێشێث. بەمشێوەیە زانیاریە بەردەستەکانی کۆمەڵگە، بەهۆی گەشەسەندنی بازرگانی و پیشەسازیەکانەوە، خەسڵەتێکی گشتی بەخۆوە دەگرن. ئەم رەوتە بەدەستتێوەردانی بەرفراوانی دەوڵەث لە کاروباری بازرگانی بەهێز دەبێث، چونکە دەوڵەث ناچارە بۆ رێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان، نەک هەر بەبەردەوامی رێوشوێنەکانی باج، بەڵکو یاساگەلی نوێترو ئاڵۆزتریش پیادە بکاث. بەبڕوای هابرماس، هەر ئەو رەوتەیە کە دەبێتە مایەی هۆشیاریی هاوڵاتیان و دەیانکاتە (کەسانی چاک و هۆشمەند) کە رەوایی یاسا پیادەکراوەکان دەخەنە بەرباس و راگۆڕینەوەو لەکاتی پێویستدا بەرپەرچی دەدەنەوەو بەرهەڵستی دەکەن. خەڵک ئەو چاوەڕوانیەیان لە دەوڵەث هەیە کە کارو هەنگاوەکانی خۆی بخاتەڕوو. ئەوان هۆشیارانەو بەشێوەیەکی عەقڵانی پەیگیری مافەکانی خۆیان دەکەن و ئەمە بەو مانایەیە کە دەسەڵاتداران ئیدی ناتوانن بەبیانوی «پاراستنی سیستم» بەکەیفی خۆیان هەنگاوی ناکرەوانە بنێن و سنوری مافەکانی هاوڵاتیان بەرتەسک بکەنەوە، بەڵکو دەبێث بەپاساوی باوەڕپێکراو، هاوڵاتیان رازی و دڵنیا بکەنەوە. ئەوان تەنها بەو شێوەیە سەرکەوتوو دەبن و دەتوانن رەوایی دەسەڵاث و دیسپلینی خۆیان دابین بکەن. بەبڕوای هابرماس، لەدیموکراسیە بۆرژوازیەکاندا، ئەو جۆرە ئەرکە بەبەردەوامی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێشێلدەکرێث، چونکە سیستمی سیاسی وەک پێویسث ئەو چوارچێوەو گردبوونەوەیە نییە بۆ باس و مشتومڕی عەقڵانی لەسەر چارەسەری کێشە سیاسیەکان، بەڵکو تەنها دەبێتە رێکخەرو پێشەنگیکەری

پارتەکان کە سیاسەت لەم میانەدا دەبێتە جۆرێک «گەمەی هەڵبژاردن» گەمەیەک کە گرنگترین ئەرکی بریتیە لەوەی خەڵک بەپێی بەرنامەیەکی تا دەکرێت نارۆشن و قسەهەڵگر، حزبێک هەڵبژێرن و دەنگی خۆیانی بدەنێ. بەڵام مەیلداریی خەڵک بۆ ئەم یان ئەو حزب، زۆر دەمێکە خەسڵەت و سیمایەکی سۆزدارانەی بەخۆوە گرتوەو زیاتر پشنگیری لە ناسنامەی کەسی دەکات، تا هەڵبژاردنیکی عەقڵگەرایانەی سیاسی. هەڵبەتە هابرماس جەخت دەکاتەوە ئەو سیستمە بۆیە هەیەو کاری خۆی دەکات و پایەدارە، کە دەوڵەت بتوانێت لەرێگەی باشترکردنی هەلومەرجەکانی ژیان و بژێویی هاوڵاتیانەوە رەوایی بەبوونی خۆی ببەخشێت و لەڕاستیدا وەک «دابینکەری دەوڵەت» دەربکەوێت. بەمپێیە رۆحیەتی بەکاربەری لای هاوڵاتیان جێگەی بەشداریی سیاسی دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر دەوڵەت تەنها بە رۆڵی دابینکەری پێداویستیەکانی کۆمەڵ واز بێنێت، ئەو دەرفەتەش لەدەست دەدات کە بڕیارەکانی خۆی بەشێوەیەکی ژیرانە بخاتە بەر باس و هەڵسەنگاندنەوە. لەقەیرانە ئابوریەکاندا، دۆخی ناهەمواری دەوڵەت بەتەواوی ئاشکرا دەبێت و ئەو ناهەمواری و تەنگژەیە پارتە سیاسیە کاریگەرەکانیش دەگرێتەوە. بەگشتی قەیرانە ئابوریەکان زۆربەی جاران لەگەڵ قەیرانی رەوایی پارتە سیاسیەکان و بەشێوەی یەکەمجاری دەوڵەت هاوجوتە. دەوڵەتێک کە هەمیشە خۆی لەدیدگای هاوڵاتیانەوە بەناوەندی هەماهەنگی بڕیارە عەقڵانیەکان بخاتەڕوو، ئەگەر هاتو نەیتوانی ئەو قەیرانە چارەسەر بکات، بوونی دەکەوێتە مەترسیەوە. هەستی خۆدوورگرتن لەسیاسەت و بێمتمانەیی بەرامبەر بەدەوڵەت و پارتە سیاسیەکان لەلای هاوڵاتیان دروست دەبێت. مەترسیەکانی وەها کەشوهەوایەک بەتەواوی قابلی پێشبینی نییە، بەڵام رۆحیەت و هەستی دورکەوتنەوەی هاوڵاتی لە سیاسەت، رێگە بۆ باڵادەستی و زاڵبوونی ئەندیشەو تێڕوانینە ناعەقڵانیەکان لەکۆمەڵگە دەکاتەوەو دێوەزمەی دیکتاتۆری و تاکڕەوی لە ئاسۆی سیاسیدا دەردەکەوێت. لەنوسینە سەرەتاییەکانی هابرماسدا، هۆکاری سەرەکیی ئەو گرفتە لەچوارچێوەی بەرهەمهێنانەوەی ئابوری قابلی تێگەیستنە، بەڵام لەنوسینەکانی دواتریدا، لێکدانەوەکانی ئەو لەوگرفتە زۆر ئاڵۆزتر دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێک لە لێکدانەوەو نوسینەکانی هابرماس هەر بە خاڵی سەرەکی و تەوەرەیی دەمێنێتەوە ئەویش قەیرانی وەفاداربوونی هاووڵاتیانە

بەرامبەر بەدەوڵەت کە ئەمە خۆی لەخۆیدا قەیرانی بەشداریی سیاسیی هاوڵاتیان دێنێتە ئاراوە. بەمپێیە ڕەوایی یان ناڕەوابوونی دەوڵەت، بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەستە بەپشتیوانی یان پشتیوانینەکردنی هاووڵاتیان لەکارو هەنگاوەکانی دەوڵەتەکە. دەوڵەت دەبێت بۆ ڕەواییدان بەخۆی، بڕیاردان و یاساکان بخاتە بەردەم هەڵسەنگاندن و ڕایگشتیی هاوڵاتیانی خۆی.

یۆرگن هابرماس لەفەلسەفەی سیاسیی خۆیدا، خوازیاری پاراستنی دەستکەوتەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەریە. ئـەو بەسیاسیکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی، ئەوەی کە مارکس بەبێ خەباتی چینایەتی بەوەهم و شتێکی مەحاڵی دەزانی، بەپشتبەستن بەسەرلەنوێ چاوخشاندنەوەو نوێکردنەوەی گوتاری عەقڵانی لەکۆمەڵگە بەشتێکی کردەنی و مەیسەر دەزانێت. بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە وەها ڕەوتێک خەسڵەتێکی ئایدیالیانەی هەیەو هیچکات بەشێوەیەکی تەواو بەدی نایەت، بەڵکو دەبێت بخرێتە چوارچیوەی پرۆسەیەکی بەردەوام، هەمەلایەنتر، قوڵترو بەرفراوانترەوە. بەمشیوەیە، ئەو هەنگاوە وەک وێنایەکی ئایدیال سەیر دەکرێت، کە دەبێت کردارو ئەندێشەی سیاسیی ئێمە دیاری بکات. لەوەش زیاتر دەتوانرێت واقیعیەتی بەردەست بەبەراورد بەو ئایدیالە هەڵبسەنگێندرێت و لەو بوارەدا داوەری لەسەر ئەوە بکرێت ئایا مەودای ڕەوشی ئێستای ئێمە و ئایدیالەکانی سیستمی دیموکراتیک چەندە.

## فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

یۆرگن هابرماس دوابـەدوای بڵاوکردنەوەی نامەی «گۆڕانی پێکهاتەیی زەمینەی گشتی»، دەستیکرد بەنوسینی کۆمەڵە وتارێکی فەلسەفی کە دواتر لەژێر ناوی ‹تیۆرو کردار»(١٠)دا بڵاویکردنەوە. ئەو لەو وتارانەیدا هەوڵی سەلماندنی ئەو بابەتە دەدات کە ڕەوشی سیاسی و کارکردی کۆمەڵایەتیی زانست لەکۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمەی ئێستاماندا، تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کارتیکردنی نەریتە گرنگە فەلسەفیەکان دایە. ئەو هەوڵە لەهەمانکاتدا ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە نیشان بدات داخۆ خواستە سیاسی و فەلسەفیەکان تا چ ڕادەیەک بەدیهاتوون یان دەبێت

بەدیبێن. هابرماس لەو وتارانەیدا نەک هەر لەسەر کاریگەریەکانی هیگڵ و مارکس لەسەر سیاسەت و ئابوری رادەوەستێت، بەڵکو هەروەها نەریتە پۆزیتیڤیست و پراگماتیسنەکان هەروەها فەلسەفەی «دیلتی»(١١)یش کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی پشتگوێ خرابوو دەخاتە بەر باری سەرنج و هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆیەوە. خستنەرووی یەکەمی ئەو یاداشتانە، دواتر بەشێوەیەکی سادە لەکتێبی «ناسین و پەیوەندی» دا رەنگی دایەوە کە تیایدا هابرماس تێزێکی بەو ناوەرۆکە خستوەتەڕوو کە رەخنەو شیکردنەوەی ناسین تەنها وەک تیۆرییێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت دەربکەوێت و مەیسەر بێت. لەنوسینەکانی دواتری ئەودا وەک»دەربـارەی لۆژیکی کۆمەڵایەتی»یش هابرماس جارێکی دیکە وێنایەک لە کاریگەریی بەرامبەرانەی تیۆریە کلاسیکەکانی پێگەیشتنی سیاسی و کارکردی زانستە مۆدێرنە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی و فەلسەفیەکان دەخاتەڕووە.

کرۆکی سەرەکیی ئەو نوسینانە کە رەنگدەرەوەی ئامانجە تیۆریەکانی هابرماسە، بریتیە لەفەلسەفەی مێژوو لەروانگەی کرداریەوە. پێشمەرجی وەها بابەتێک، بریتیە لەچاوخشاندنەوە بەمێژووی فەرهەنگی، ئابوری، سیاسی و زانستیەوە. هەنگاوێکی ئاوا دەبێت ئەوە نیشان بدات کە رێگاچارەی ئاشتیانەو دور لەتوندوتیژی لەکێشەو ناکۆکیە سیاسی و ئابوریەکان، چ دەسکەوتێکی مەعنەویی مەزنە بۆ مرۆڤایەتی. ئەو تێگەیشتنە لەلای هابرماس، لەخۆگری چەندین واتایە، لەپێداچوونەوەو داوەری مرۆڤ، سەبارەت بەو پرس وبابەتانەی کەن هەن، تا شیکردنەوەی رەوایی کردارو رێگاچارەکان و هەروەها دەرفەتی پاراستنی ئەو رێگاچارانە تا دەرککردنی ئەزمونە زیندوەکان لەخۆ دەگرێت.

لەیەکێک لەبەشە گرنگەکانی کتێبی» ناسین و پەیوەندی» دا بوو، کە یۆرگن هابرماس رەخنەی بنچینەیی خۆی سەبارەت بە کارل مارکس و فەلسەفە کۆمەڵایەتیەکەی ئەو فۆرمەلەبەندی کرد. رەخنەی ئەو لەمارکس لەوە دایە کە مارکس جیاوازی لەنێوان ئەو شێوازەی کە مرۆڤەکان پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ سروشت رێکدەخەن و ئەو شێوەیەی کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان خۆیان رێکدەخەن دانانێت. بەواتایەکی دیکە، مارکس بەپێی ئەو پرەنسیپە هەنگاوی ناوە کە ناسینی مرۆڤ بۆ کایە سروشتیەکان لەگەڵ ناسینی بۆ کایە کۆمەڵایەتیەکان

جیوازییێکی ئەوتۆی نییە و ئەمەش بەبڕوای هابرماس هەڵەیەکی گەورەیە؛ چونکە بەبڕوای ئەو، جۆری رەفتاری مرۆڤەکان بەرامبەر بە سروشت، لەگەڵ رەفتاری ئەوان بەرامبەر بەیەکدی، لەبنەڕەتەوە جیاوازە. هابرماس لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤەکان کاتێک پشت بەهێزی عەقڵ و هۆشمەندیی ببەستن دەتوانن ناکۆکیەکانی خۆیان بەخۆدورگرتن لەتوندوتیژی و زەبروزەنگ و لەسەر بنەمای لۆژیک و یەکدی قبوڵکردن چارەسەر بکەن، چونکە لەپەیوەندیەکانی نێوانیاندا پێویستییەکی زۆر بۆ خستنەڕووی ئامانجەکان هەیەو ئەمە بەشێوەیەکی چۆنایەتی جیاوازی هەیە لەگەڵ پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت. بەبڕوای ئەو، ئەو راستیەی کە مارکس جیاوازیی لەنێوان کار (وەک رەوتی زاڵبوون بەسەر سروشت)و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان خۆیان نابینێت، دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەو -واتە کارکس- چارەسەری کێشەکانی پەیوەست بە پێشەنگایەتی و دابەشکردنی سامانەکان لەکۆمەڵگە لەسەر بنەمای هۆشمەندیەوە بە پرسێکی نەشیاو نەکردە بزانێت. مارکس جیاوازیی بەرژەوەندیەکان بە پێشمەرج دەزانێت، تاکو هەر جۆرە رێکخستنێکی بنچینەیی بۆ چارەسەری کێشەکان بکاتە بیانووی ئەوەی کە ئەمە پەیوەندییێکی ناڕەوایەو لەقازانجی سەرمایەداران دایە. ئەو بەمشێوەیە (جغزکی پیرۆز) بەدەوری خەباتی چینایەتی و لەنێوبردنی بێڕەحمانەی چینی سەرمایەداردا دەکێشێت. هەڵبەتە خودی مارکس پێشکەوتنی بەردەوامی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان واتە تەکنیک و تەکنەلۆژیا و گەشەکردنی شارەزایی و زانستی کرێکاران بە پێشمەرجی ئەمە دەزانێت. لەڕاستیدا گەشەکردن و پێگەیشتنی هێزەکانی بەرهەمهێنە کە ناکۆکیی نێوان ئەو دوانە گەرمتر دەکات. هابرماس راستیی ئەو تێزەی مارکسیستی رەتدەکاتەوە. ئەو پێیوایە کە پێگەیشتنی کارو پرۆسە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە نابێت تەنها وەک دەرەنجامی زاڵبوونی تەکنیکی ئێمە بەسەر سروشت لێکبدرێتەوە. پەرەپێدان و پێشخستنی ئامانجەکانمان سەبارەت بەئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەرێگەی بەزانستیکردنی ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان، بەتەنها ناتوانێت کۆتایی بە ستەمی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەرامبەر بەمرۆڤ بێنێت. بەبڕوای هابرماس، مارکس تەنانەت لەئەندیشەکانی خۆیشیدا بەشێوەیەک کەمتەرخەمە، چونکە پرۆسەی هۆشیاری کە بۆ خەباتی چینایەتی کارێکی پێویستە، لەهۆشمەندیی

زاڵبوون بەسەر سروشت جیاناکاتەوە. هابرماس بەئیلهام وەرگرتن لە هیگڵ، دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ژیرانە بەهەنگاوێکی وردبینانە دەزانێت بۆ ناسینی پرسەکان. ئەو ناسینە ئەوە ئاشکرا دەکات کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان ناتوانێت و نابێت لەسەر بنەمای زەبروزەنگ و توندوتیژی جێگیر بێت. هابرماس پێیوایە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەمیشە توندوتیژی لە نێو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، بەڵام توندوتیژی روخسارێکی درۆزنانەی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤە نەک ماهیەت و سروشتی راستەقینەی مرۆڤ. مرۆڤ بەوردبوونەوەو بەقوڵی بیرکردنەوە دەتوانێت ئەو روخسارە درۆزنانەیە دیاریبکات و بیخاتەڕوو و زەمینەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەو ناکۆکیە کۆمەڵاینیەکان فەراهەم بکات، تاکو لەو رێگەیەوە چارەسەری توندوتیژانەی ئەو ناکۆکیانە بەلاوە بنرێت. ئەمە بەبڕوای هابرماس تەنها کاتێک مەیسەر دەبێت کە تیۆری کۆمەڵایەتی بەباشی دیاری بکرێت و بناسرێت و ئەوە نیشان بدات کە ناسینی سروشت و ناسینی پەیوەندیەکانی مرۆڤ دوو بابەتی لەیەک جیاوازن. تەنها لەروانگەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە کە دەکرێت پرس و بابەتەکان بناسرێن و دیاری بکرێن. مرۆڤ بەناسینی هاوجۆری خۆی، خۆی دەناسێت و بەپێچەوانەشەوە هەر وایە. مادام کە ئەو ناسینە شتێکی تەواو نییە- و بۆشی هەیە هەرگیز تەواو نەبێت- بۆچوون یان تیۆری، شتێک نییە جگە رەخنە و هەڵسەنگاندن.

### تیۆری کردەی پەیوەندی و پێگەیشتن(تەکامول)

تیۆری کردەی پەیوەندیی هابرماس، کرۆکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی ئەوە. وەک باسمانکرد، هابرماس هەوڵدەدات کە ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی چارەسەرو یەکلایی بکرێنەوە. ئەمە بەو واتایە دێت کە دەبێت سیستمێکی کۆمەڵایەتی وا بهێنەدی کە بڕیارگیریەکان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە لەسەر بنەمای دیالۆگ و پاساوی رازیکەرو پەسندکراو بدرێن. ئەو نمونە ئایدیالە لەبارەی پەیوەندیی نازۆرەملێیانە، لەلایەن هابرماس لەزۆر نوسینی جیاجیاو هەرجارێک بەدەربڕین و تێروانینێکی تازەوە دوپات بووەتەوە.

بەبڕوای هابرماس، پێگەیشتنی مێژوویی- سیاسی راستیەکە کە فۆرمۆلەبەندیی سیاسیی هزری گشتیش دەگرێتەوە، بەبەردەوامی و لەلایەنی جیاجیاوە، ئایدیالی پەیوەندیی ئاشتیانەو دورلە توندوتیژی نێوان مرۆڤەکانی خەوشدار کردوەو دەیکات. بۆیە دەبێت بەدوای دۆزینەوەی وەڵامێک بین بۆ ئەو پرسیارەی کە چۆن بتوانین مرۆڤەکان والێبکەین ئەوەیان هەمیشە لەبیر بێت کە پاراستنی حەزو خولیا هاوبەشەکانیان دەتوانێت ئەو ناکۆکیانەی کە لە ئەنجامی دابەشکردنی خێرو بێرە مادیەکان دێنە ئاراوە، بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەرو یەکلایی بکەنەوە.

بەبڕوای هابرماس، ئەمە شتێکی رێکەوت نییە کە بەئامرازکردنی ئەندیشەی سیاسیمان، یان بەواتایەکی دیکە، ئەو راستیەی کە ئێمە پەیوەندیە مرۆییەکانیش لەچوارچێوەی هۆشمەندیی تایبەت بە پرسی (ئامرازو ئامانج) لێکدەدەینەوە، وەک نمونە لە تیۆری ناسینیشدا رەنگ دەداتـەوەو خۆی دەردەخـات. چونکە زانستی ئەم سەردەمە گۆڕاوە بۆ ئامرازی دەسەڵات و دەتوانێت ببێتە خاوەنی هێزی بەلارێدابەرو فریودەر. هابرماس پرسی خودی و بێلایەنی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش دەخاتە بەر باری سەرنج و شیکردنەوەی خۆیەوە. بەتێڕوانینی ئەو دەکرێت زانستەکان بەگشتی لەسێ دیدگاوە لێکجیا بکەینەوە:

١-زانستە ئەزمونی و شیکاریەکان، کە لەچوارچێوەی بەرهەمهێنانەوەی سروشتی ئێمەدا پێگەیشتوون.

٢-زانستە فەرهەنگی و هۆرمۆنەتیکیەکان، کە نەریتە مرۆڤایەتیەکان دەستەبەرو پەرە پێدەدەن.

٣-زانستە رەخنەییەکان، کە پشکێکی بەدیهێنانی ئـازادی، یەکسانی ودادگەریان لەئەستۆ دایە.

بەبڕوای هابرماس، زانستەکانی جۆری یەکەم تایبەت دەبن بەپرسی کار و زانستەکانی جۆری دووەم و سێیەم بەپرسی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان. بەمشێوەیە دەتوانین لەوە بگەین کە لەو دوو بەشەی دوایی زانستەکانە کە تیۆری پەیوەندی، رۆڵی سەرەکی و تەوەرەیی دەبینێت. رەفتارو کرداری مرۆڤەکان تەنها هەر پەیوەست نییە بە سروشت، بەڵکو پەیوەستیشە بەخودی مرۆڤەکان خۆشیان.

بەڵام سەرکەوتنی کرداری کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر هەلومەرجێکی دیکەوە، نەک سەرکەوتنی کرداری پەیوەست بەسروشت و بابەتەکانی سروشتەوە. لەکاتێکدا سەرکەوتنی کردار لەگەڵ سروشت، تەنها بەکاریگەربوونی وەها کردارێک داوەری دەکرێت، سەبارەت بە کرداری کۆمەڵایەتی (بەمەرجێک کە بێتوندوتیژی بێت)، چوار مەرج و خواست لەخۆ دەگرێت: تێگەیشتن لەبۆچوون و دەربڕینەکان، راستیی گوتارەکان، قبوڵکردنی راستیی هەردوو لایەنی گفتوگۆ و سەرەنجام دروستیی گوتەی پێودانەکە. هەڵبەتە بۆ هابرماس روونە کە ئەو مەرجانە هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو ناهێنەدی، بەڵام ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەین کە ئەو مەرجانە بەئەرزشن نابێت لەپەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لەبەرچاو بگیرێن، ئەوا بنچینەی پەیوەندی دادەڕمێت.

هابرماس لەکتێبە دوو بەرگیەکەی خۆیدا «تیۆری کردەی پەیوەندی»، لەسەر هۆکارەکانی قەیرانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانی ئێستاو توانای کارایی تیۆریەکان و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیش رادەوەستێت و ئەو پرسە دەخاتە بەر باری سەرنج و لێکۆڵینەوەی خۆیەوە. ئەو سیستمانە ئیدی وەکو جاران بەهۆی گوزارشتە ئەفسانەییەکان یان رەواییبوونە تاکەکەسی و بنەماڵەییەکان بەرقەرار نین، بەڵکو لەسەر پێگەو بنەمای لێکگەیشتن سەبارەت بە ئامانجە سیاسی و دیدو ئیرادەی ئازادانەی هاووڵاتیان بەرقەرارو جێگیرە. ئەو بەئیلهام وەرگرتن لەتیۆری مارکس و لەسەر بنەمای پێگەیشتنی هۆشمەندی لەکۆمەڵگە رۆژئاواییەکان ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە کە لەزەمینەی کۆمەڵایەتیدا، گۆڕانێکی بنەرەتی لەبواری رێوشوێنە گرنگەکانی رێبەری و رەوایبوونی سیستمگەلی سیاسی هاتوەتە ئاراوە. ئەو لێکگەیشتنە، تەنها هەر تایبەت نییە بە پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو کردارە ئاکاری و داوەریە هەڵسەنگێندراوەکانیش لەخۆ دەگرێت.

یەکێکی دیکە لەپایە فکریەکانی هابرماس، تیۆری پێگەیشتنی ئەوە. ناوبراو لەو تیۆریەیدا بەدوای دۆزینەوەی وەڵامێکە بۆ ئەو پرسیارەی کە کام هۆکار بۆ پێشکەوتن و پێگەیشتنی تەکنیکی و فەرهەنگیی ئێمە هۆکاری چارەنوسسازە؟ ئەو پرسیارەش لەروانگەی دەرفەتی باشکردنی پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دێتە کایە. هابرماس لەفەلسەفەی مێژوویی خۆیدا لەدیدگای کرداریەوە، لەو

خاڵەدا سەرچاوە دەگرێت کە پێگەیشتنی ئێمە وەک فۆرمەلەبەندی و رێکخستنی داواو داخوازیەکانی ئێمە بۆ رێگاچارەی ئاشتیانەو دورلە زەبروزەنگ لەپێناو هێنانەدی دادگەری، ئازادی و یەکسانی بەرقەرار بکرێت. هەڵبەتە بۆی هەیە ئەو داواو داخوازیانە لە سەرەتاوە سەرکوت بکرێن، بەڵام لە ماوەی درێژدا ناتوانرێت بێبایەخ بکرێن و لەنێو ببرێن. تێزی هابرماس لەو بارەیەوە دەکرێت ئاوا چڕ بکەینەوە: چارەسەری کێشە تەکنیکیەکانی ئێمە وانە کێشەگەلی سەرچاوەگرتو لەکرداری ئێمە بەرامبەر بە سروشت و لەچوارچێوەی بەرهەمهێنانەوەی سروشتی ئێمە قابلیەت و توانایگەلێک دەخوازێت، کە تەنها بەهۆی دەرگیریمان لەگەڵ کێشە تەکنیکیەکان نایەتە دی. ئەمە پێویستی بە ئاستێکی باڵای هۆشمەندیەوە هەیە.

**دەرئەنجام**

پرسی تەوەرەیی لە ئەندێشەی فەلسەفیی هابرماس، شێوەی کارکردی دیموکراسیە مۆدێرنەکان و خەمی قوڵکردنەوەی ئەو تێکۆشانەیە بۆ هێنانەدی دیموکراسی. لەشرۆڤەو هەڵسەنگاندنەکانی ئەودا گرنگیەکی زۆر بەفاکتەرە رێگرو هەرەشەئامێزەکانی سەر دیموکراسی دراوەو زۆر هەڵوەستەی لەسەر کردون. هابرماس لایەنگری ئەوەیە کە هاووڵاتیان لەرێگەی بەشداریی سیاسیەوە بەفراوانییەوە بەشداری لە بڕیارەکاندا بکەن و رایگشتیی هۆشیارو ئاگا بەدڵنیاکەرترین فاکتەری رێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دەزانێت. ئەو پێیوایە دەبێت بەسودوەرگرتن لەهەموو دەرفەت و ئامرازە بەردەستەکان، پێش لەسەرهەڵدانی زەبروزەنگ و توندوتیژی نێو کۆمەڵگە بگیردرێت، چونکە زەبروزەنگ و توندوتیژی هەمیشە لایەنە نادیموکرات و کۆنەخوازەکان بەهێز دەکات.

لەجیهانبینیی هابرماسدا، تیۆریە فەلسەفیەکان گرنگیەکی زۆریان هەیە، چونکە ئەو تیۆریانە نەک هەر لەتوانایان دایە ئەنجامەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵگە مرۆییەکان روونترو ئاشکراتر بکەن و زیهنیەتی کۆمەڵایەتی بۆ هێنانەدیی جیهانێکی باشتر گەرم و گوڕ و زیندو رابگرن، بەڵکو هەروەها دەتوانن رۆڵێکی هاندەرانەش بۆ بەشداریی چالاکانەی خەڵک لەژیانی سیاسیدا بگێڕن.

هابرماس، لەو بڕوایە دایە کە بە هاتنەدی و پێگەیشتنی دیموکراسیی

مۆدێرن، تاکەکان بەشێوەیەکی فروان دەتوانن پلەکانی خوێندن ببڕن و ببنە خاوەنی پلەو پایەی زانستی و ببنە هاووڵاتی خوێندەوارو هۆشیارو بەلەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی خێرای هۆیەکانی پەیوەندی و رۆڵی هەمەگیری ئامرازەکانی پەیوەندی و گەیاندن، بەئاسانی دەستیان بەهەواڵ و زانیاریەکان رابگات و ئەمەش بەنۆرەی خۆی یارمەتیدەریان دەبێت بۆ باشتر ناسین و دەستنیشانکردنی پرس و دیاردەکانی دەوروبەریان.

**روونکردنەوەی سەرچاوەکان:**

١- «قوتابخانەی فرانکفۆرت» ناوی مەکۆو گردبوونەوەیەکە لەبیرمەندان و نوسەرانی بابەتە فەلسەفییەکان، سیاسی و کۆمەڵناسیە هاوچەرخەکان، کە لەگۆشەنیگای جیاجیاوە کاریان لەسەر تیۆری رەخنەیی (Kritische Theorie) فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کردوە. ناوەکەی بۆ» ئەنیستیتۆی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان» لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە کە «ماکس هورکهایمەر»ی فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی لەساڵی ١٩٣٠ سەرۆکایەتیەکەی لەئەستۆ بوو. هەڵبەت لەو نوسینانەی کە لەوێ لەلایەن نوێنەرانی ئەو مەکۆیە بڵاو کراونەتەوە ناتوانین هەوڵێک بۆ هێنانەدیی قوتابخانەیەکی فکریی لەسەربنەمای بەرنامەیەکی دیاریکراو ببینین، بەڵکو زیاتر دەتوانین رێککەوتنێکی ئسوڵی بەدی بکەین لەنێوان گەورەکانی نەوەی یەکەم وەک هۆرکهایمەر، تیۆدۆر ئادۆرنۆ و هێربێرت مارکوزە لەگەڵ نوێنەرەکانی دواتری وەک یۆرگن هابرماس، لەسەر تێڕوانێکی فکری بۆ دیاریکردنی پرس و کێشەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان.

2- Honneth, A./ Bonss, W. (Hrsg.): Sozialforschung als Kritik. Frankfurt/M. 1980.

3- McCarthy, Th.: The critical Theory of Jürgen Habermas. Cambridge, Mass. 1978; dt.: Kritik der Verständigungsverhältnisse. Frankfurt/M. 1980.

4- Habermas, J. : Strukturwandel der Öffentlichkeit. Berlin 1962.

5– Habermas, J. : Erkenntnis und Interesse. Frankfurt/M. 1968.

6– Habermas, J. : Zur Logik der Sozialwissenschaften. Frankfurt/M. 1970.

7– Habermas, J. : Politik, Kunst, Religion. Stuttgart 1978.

8– Habermas, J. : Theorie des kommunikativen Handelns. 2 Bände, Frankfurt/M. 1981.

9– Habermas, J. : Die Zukunft der menschlichen Natur, Frankfurt/M. 2001.

10– Habermas, J. : Theorie und Praxis, Neuwied/Berlin, 1963

11 ویلهێلم دیلتی (1833) ( Wilhelm Dilthey ـ1911) فەیلەسوفی ئەڵمانی کە لە هەوڵی داڕشتنی زانستە ئەزمونیەکاندا بوو بۆ دیاردە رۆحیەکان و دەرککردنی رەوتە مێژووییەکانی دەرونی کەسەکان لەرێگەی تێگەیشتنەوە. ئەو بەشێوەیەکی گشتی خۆی سەر بەقوتابخانەکانی ئایدیالیزمی ئەڵمانی و رۆمانتیزم و بەتاییەت ئەندیشکانی شلایرماخر دەزانی. دواتریش بووە ئافرێنەری تیۆری ناسینی زانستە مرۆڤایەتیەکان و هەوڵی دا جیاوازیی ئەو زانستە هەم لەرووی بابەتی و هەم لەرووی میتۆدەوە لەگەڵ زانستە سروشتیەکان بسەلمێنیت و دیاری بکات.

**سەرچاوە: سایتی زندگی**

## هەڵوێستەکانی هابرماس

له عەرەبییەوە: ئارام ئەمین شوانی

قەیرانی مۆدێرنێنه:

هابرماس به گەورەترین فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانیا و گرنگترین فەیلەسوفی ئەوروپاو خۆرئاوا له قەڵەم دەدرێ. ئەو لەو فەیلەسوفانه نییه که له بورجی عاج دانیشنبێ بەڵکو تاسەر ئێسک له خەم و بابەتەکانی سەردەمەکەیدا رۆچووبوو. سەرقاڵی کاروباره سیاسی و مرۆیی و ئەخلاقیەکانبوو، هەر به نوسینی وتاری رۆژنامەوانی و لێدوانی جاروبار دەستبەردار نەدەبوو. لەمێژووی ئەڵمانیای نازی و یەکێتی ئەوروپا و دەستوری ئەوروپی و جیهانگیری سەرمایەداری دڕندە و مەسەلەی تیرۆریزم و فەندەمێنتالیزم و ...هتد، چەندین هەڵوێستی نواندوه.

هابرماس لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم لەگەڵ فەیلەسوفانی فەرەنسا و رەمزەکانی پۆستمۆدێرنێنه بەدروشمی «مۆدێرنێنه پرۆژەیەکه هێشتا تەواو نەبووە». کەوته نێو ناودارترین جەنگی فەلسەفییەوە. ئەو پێیوابوو ئەوان له کەلەپوری ئەڵمانیدا تەنها فکره نائەقڵانیه نیچەییەکەیان وەرگرتووە. بەڵام خۆی لایەنگیری فەلسەفەی کانت و هیگڵ بوو که ئەمان له فیکری هاوچەرخدا نوێنەرایەتی رەوتی ئەقڵانیان دەکرد، هەروەها هابرماس بەهەموو هێزی خۆیەوە دژایەتی نیچه و هایدگەری دەکرد، چونکه ئەمان بەوە تۆمەتبار دەکران که وزەپێدەری بزوتنەوە فاشیزمیەکانی ئەوروپای نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بوون.

پاشان جەنگی فیکری راستەقینه لەراستیدا لەنێوان ئەقڵانی و نائەقڵانیەکاندا بوو، یا لەنێوان کانتیەکان و نیچەییەکان. ئیدی هابرماس بەرەی خۆی هەڵبژارد و لەسەر هەڵوێسته فەلسەفیی و سیاسییەکانی خۆی ئامادەی سازش نەبوو.

بەوەدا که ئەڵمانی بوو، هەروەها گرێی نازیزمی هەبوو بۆیه هەمیشه هەوڵیدەدا له نیچه و هایدگەر دور بکەوێتەوە و وریایی بداتی له مەترسی

هرزەکانیان لەسەر مۆدێرنێتە. ئەو راستەوخۆ هایدگەری بە دوژمنی رۆشنگەری تۆمەتبار دەکرد و داکۆکی لە شارستانیەتی ئەوروپا و ئەقڵانیەت و بیرۆکەی پێشکەوتنی مێژوو دەکرد.

زۆرێک لە مێژوونوسانی فەلسەفە پێیانوایە مێژووی فەلسەفە بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە: لە قۆناغی یەکەمدا سەرقاڵی رەخنەکردنی سەرتاپای ئەو فیکرە پۆزەتڤیزمیە بووە، کە لەگەڵ پێشکەوتنی سەرمایەداری و پەرەسەندنی دەسکەوتی زانستە سروشتیەکان و لێکۆڵینەوە پراکتیکی و تەکنەلۆژییە پێشکەوتوەکان و بەکارهێنانی ئەو هزرە بۆ ئەقڵانیەتی بزوتنەوەی رۆشنگەری و بەدیهێنانی ئازادی و دادپەوەری، لە خۆرئاوادا باوبووە.

لە قۆناغی دووەمدا سەرقاڵی بونیادنانی تیۆرەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، کە پشت ئەستور بووە بە دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی نوێی رۆشنگەری و دارشتنەوەی ئەقڵانیەتێک کە رێنمایی دەسکەوتە هاوچەرخەکانی زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان بکات بەتایبەتیش سۆسیۆلۆژیا و زانستی زمان و پەیوەندی دەروونناسی پەروەردەیی بە ئامانجی بەدیهێنانی خەونی قوتاربوون، واتە ئەو ئازادی و دادپەروەرییەی کە ئامانجی فەیلەسوفانی رۆشنگەری بوو، ئەو خەونەی بەهۆی بەکارهێنانی لەلایەن سەرمایەداری زانستەوە شکستی هێنا و زانستی لە کەرەستەیەکی مەعریفەوە کرد بە کەرەستەی پشکنینی پراکتیکی و تەکنەلۆژیا و بازرگانی و دەسکەوتی ئابوری و بەرهەمهێنانی چەک و نانەوەی جەنگ. هابرماس بیری لەوە نەکردبۆوە کە ئەو خەونە رەهایە رێگەنادات زانست بۆ دژایەتیکردنی نەخۆشی و برسیەتی و ئەرکی دیکە بەکاربێت.

بەڵام قۆناغی سێیەم کە لە ساڵی 1985ەوە دەستی پێکردوە، هابرماس بەرەخنەکردنی مۆدێرنێتەی مێژوویی قۆناغێکی تازەی داهێنا، ئاشکراشە کە چۆن ناهاوسەنگی نێوان بەهای مەعنەوی و بەهای ماددی بووە هۆی گۆڕینی عەقڵانیەت، گۆڕینی عەقڵانیەتی رۆشنگەری بەدۆخێکی نەخۆش، ئەو دۆخەی کە فرانسوا لیوتار و ژان بۆردیار ناویان لێنا پۆستمۆدێرنێتە. هەروەها لەبەر ئەوەی هابرماس ئەرکێکی زۆری خستبووە سەر رەخنە بەو پێیەی لەسەردەمی کانتەوە تائێستا رەخنە بزوێنەری بزاوتی فیکرە، بۆیە جار دوای جار دەگەڕایەوە سەر

پەیوەندی نێوان ئەقڵ و سەرجەم چالاکی شارستانی و مرۆییەکان.

لێرەوە هابرماس تیۆرەی رەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرتی پەرە پێدا ئەوەش وەکو هەوڵێک بۆ داڕشتنی بنەمایەک بۆ تیۆرەی رەخنەی پەیوەندی، بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی عەقڵانی بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە دەهاتنە سەر رێگەی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، لە پێش هەمووشیانەوە دوبارە بونیادنانەوەی (پڕۆژەی تەواو نەبووی مۆدێرنێتە) یا مۆدێرنێتەی سەر رێگەیەکی داخراو.

ئەگەر رابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت پێیان وابوو سۆسیالیزم قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی ئەوروپیدا، هەروەها ناکرێ سیستمی دەسەڵاتخوازی و سەرکوتکاری ئەوروپی چاکبکرێ، هەروەها بە دیموکراسیبوونی سیستمی سەرمایەداری تەنها چارەسەرێکی روکەشیانەی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانە، لە روانگەی هابرماسەوە ئەو قسانە لە گریمانەیەکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سەرخان تەنها رەنگدانەوەی پەیوەندی بەرهەمە ئابورییەکانە، ئەوە شتێک بوو رابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەیانخستە، هەروەها ئەوان پێیان وابوو پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئابووری هەمیشە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا وێک نایەتەوە، ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا هەوڵی ئازادانە هەیە و وزەکانی تاک کراوەیە و تاک دەتوانێ لە ژیانی گشتیدا بەشداری سیاسی هەبێ و لە باشترکردنی بارودۆخی خۆی و فراوانکردنی تواناکانی خۆی کەڵک لە وزەکانی خۆی وەربگرێ، ئەوەش لەرێگەی رەخنەکردنێکی ئەقڵانی پێشکەوتوو رەخنەی ئەو بەربەستانە بکات کە دێنە سەر رێگەی.

دوبارە بونیادنانەوەی تیۆرەی رەخنەیی لای هابرماس واتە رەخنەکردنی ئەو کاریگەرە نێگەتیڤانەی کە دەرهاوێشتەی فەلسەفەی پۆزتڤیزم و زانستگەرا بوون و بوون بە پاساوی ئایدیۆلۆژی بۆ عەقڵانیەتی کەرەستەیی تایبەت بە سیستمی سەرمایەداری کە پشت ئەستور بوو بە کۆنترۆڵکردنی ئەقڵانی و زاڵبوون و کەڵەکەبوونی سەرمایە، ئەوەش بوو بەهۆی قەیرانی مۆدێرنێتە و شکسخواردنی لە بەدیهێنانی ئەو گفت و بەڵێنانەی کە مرۆڤایەتی دابوو.

ئەخلاق ومرۆڤ

لۆژیکی مافەکانی مرۆڤ دەگەڕێنەوە بۆ کایەی ئەخلاقی زیندەیی و پزیشکی پراکتیکی. ئەو لیژنەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەتمەندە بە بەرەوپێشبردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و تیشک دەخاتە سەر مەسەلەی جیناتی مرۆیی، پشت بە بۆچوونی هابرماسی شێخی فەیلەسوفان دەبەستێ. هابرماس ترسی لەوە هەیە شتە سروشتییەکانی ناو لەشمان لەگەڵ دەوا و دەرمان تێکەڵ بن و ببنە هۆی پەشێوبوونی بیروباوەڕە ئەخلاقیەکانمان لەبارەی خۆمانەوە، بۆیە نابێ مرۆڤ لە رووی ژینەتیکەوە ژیان و ئایندەی دیاری بکرێ، چونکە ئەو شتە پەیوەستە بە ئازادی مرۆڤەوە، بەشێوەیەک ناکرێ مرۆڤ بڕوای بە ئازادی خۆی هەبێت ئەگەر ئایندە و کردەوەکانی لای روون و ئاشکرا بن. بۆیە مافی هەموو کەسێکە ئایندەی دیار نەبێت.

بەوپێیەی خواست و چەمکی ئازادی دوو مافی بنەڕەتی مرۆڤن، وادەکەن مرۆڤایەتی وریا بن لە ئەندازیاری بۆماوەیی، گەرچی ئەندازیاری بۆماوەیی نیشانەی پێشکەوتنێکی سەروسوڕهێنەرانەی زانستە. پێشتریش پۆل ریکۆری فەیلەسوف جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەخلاق هەوڵدانە بۆ دوبارە بونیادنانەوەی هەموو ئەو ناوەندانەی کە ئازادی وەک خاڵی دەستپێکردن و یاسا وەکو خاڵی گەیشتن پێکەوە گرێ دەدا.

گەرچی دۆزینـەوەی نەخشەی ژینەتیکی مـرۆڤ و پاشان جاڕدانی کۆپیکردن مرۆڤ بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لە کایە زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لە جیهان. بیرمەندانیش رایانگەیاند کە کۆپیکردنی مرۆڤ مەسەلەیەکی نائەخلاقیە، سەبارەت بەو کەسە کۆپیکراوەش پڕمەترسییە کە گوایە زیندانە لە جەستەی کەسە کۆپی لێکراوەکە. هەڵبەت سەبارەت بە تەکنەلۆژیای زیندەیی و زانستی تازە و کۆنترۆڵکردنی ژیناتەکانی مرۆڤیش هەر پڕ مەترسییە.

هابرماس لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی و رووخانی نازیزمدا لە ژیاندابوو و داوای ئەو شتەی کرد کە پێیدەوترا نیشتیمانیی دەستووریی. ئەوەش بیرۆکەیەک بوو داوای دروستکردنی جۆرێک لە کلتوری سیاسی دەکرد کە سەرانسەری ئەوروپا لەخۆ بگرێ، لەو رێگەیەوە دەیویست ئومێدیکی تازە بە گەنجان و نەوەی تازە بدات ئەوەش لە رێگەی لۆژیک و ئاکار لە مشتومڕدا.

ئەمڕۆش ئەو شتە لەڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەخلاقی زیندەیی بەدی هاتووە و دوای ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە گەورەیەی کە جیهان لەکایەی تەکنەلۆژیا و زانستە تازەکانەوە بەخۆیەوە بینیویەتی و دوای دۆزینەوەی ژیناتناسی کە ژیناتی مرۆڤ دیاریدەکات، خۆی بەسەر گۆڕەپانەکەدا سەپاندوە.

بەڵام هابرماس لە سۆنگەی پسپۆڕێکی ئەو بوارەوە لە مەسەلەکە نەدواوە، بەڵکو وەکو فەیلەسوفێک بۆچوونی خۆی دەربڕیوە، هابرماس دەڵێ: ئەوەی سەرنجی من بەلای خۆیدا رادەکێشێ پێش هەموو شتێک دۆزینەوەی وەڵامێکە بۆ ئەم پرسیارە: کاتێک رۆژێک دێ و سروشتی ژینەتیکی و چۆنیەتی کارکردنی ئەقڵمان کۆنترۆڵ دەکرێ، چۆن دەکرێ روانینمان بۆ خۆمان وەکو مرۆڤ بگۆڕین، مرۆڤێک کە دەژی و بەرپرسیارەتی کردەوەکانی لە ئەستۆ دەگرێ؟.

هابرماس پێیوایە ئەگەر ئەو رۆژە هات کە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای زیندەیی بەسەر سروشتی ژیناتی و کۆنترۆڵکردنی ئەو بنەمایانەی کە لە رێگەیەوە ئەقڵی مرۆڤ کار دەکات، بوو بە مەسەلەیەکی ئاسایی و رۆتینی، ئەوە چاری ناچار دەبێ بەتەواوەتی دیدگا و روانینمان بۆ خۆمان بگۆڕین. چونکە بە قسەی هابرماس ئەو پێشکەوتنە دەتوانێ کار بکاتە سەر ئەو ئیدراکە ناوەکیەی کە تایبەتمەند و جیاکەرەوەی هەموو کەسێکە و هەمیشە هاوشانی کاروکردەوەمانمانە و دواجار مرۆڤ خۆی بیروباوەڕەکانی دروستدەکات و کۆنترۆڵ دەکات.

هابرماس دەڵێک یەکێک لە توخمە سەرەکیەکانی ئەو ئیدراکە بریتیە لە بڕوابوونێکی تەواو بەوەی کە تاک دەتوانێ لەسەر بنەمای لۆژیک، بیروباوەڕ و کردارەکانی خۆی بونیاد بنێ. ئەگەریش هاتوو ئەو ئیدراکەمان بە ئازادی لە بیروکاردا داڕوخا بە کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی، ئەوە دەزگا دیموکراسیەکانیش دادەڕوخێن، لەسەردەمی ژان ژاک رۆسۆوە هاووڵاتی دیموکراسی بەوە لەوانی دیکە جیا دەکرێتەوە کە توانای پەی بردن و درککردنی هەیە، نەک تەنها لە رێگەی ئەو ئیدراکەی کە ئامانجی یاساکانە، بەڵکو ئەو ئیدراکەی کە خۆی سەرچاوەی یاساکانە.

جا بۆیە ئەو مناڵەی کە پێش لە دایکبوونی لەرووی ژینەتیکیەوە بەگوێرەی خواستی کەسو کارەکەی دیاریدەکرێ کاتێک دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری هەست

دەکاتە زیندانی هەندێ خواستی پێش لە دایکبوونیەتی و لە ئازادی ئەخلاقیدا کۆت و بەندە. لەو حاڵەتەشدا هەرزەکارەکە هەست دەکات بەرپرسیاری کاروکردەوەکانی خۆی نییە، بەڵکو کەسوکارەکەی بەرپرسیارن لەکردەوەکانی ئەو، چونکە ئەوان ئەو سیفەتە ژیناتیانەیان بۆی هەڵبژاردوە. هەروەها هابرماس دەڵێ: کەسوکارەکەی باشترین شتیان بۆ منالەکەیان دەوێ، بەڵام ناتوانن بە درێژایی تەمەن باشترین خوو و رەوشت و سیفەت دیاری بکەن. بۆیە ئەو فەیلەسوفە ئەڵمانییە پێیوایە باشتر وایە ئەو شتە کورت بکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ژیناتی پزیشکی، بۆ ئەوەی سەرکێشی نەکەین بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ژیناتی فیکری و ئەقلی، چونکە ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. هەروەها پێویستە ئەو گۆڕانکارییە پزیشکیانەش لەنێوان کەسانی هزرمەند و رەزامەندی ئەوان ئەنجام بدرێ.

دواجار، ئایا ئازادی بیرکردنەوە و سەرپشکبوون ئەو مافە بنەڕەتییە نییە، کە دیموکراسی بەناکی دەدات لەناو کۆمەڵگەدا؟، ئەی ئازادی بیرکردنەوە شتێک نییە کە ئەمێستاش مرۆڤ لە هەوڵی بەدەستهێنانیەتی؟.

سەرچاوە: http://www.doroob.com/archives/?p=19718

# ئاشتکردنەوەی زانین و بەرژەوەندی
# «ڕەخنە لای هابرماس وەک خود- تێڕامان»

هاوار محەمەد

مێژوونوسانی فەلسەفەی ئەڵمانی لە سەدەی بیستەمدا، مێژووی پەرەسەندنی قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرت بۆ دوو قۆناغ پۆلێن دەکەن، قۆناغی یەکەمیان هەر یەکە لە ماکس هۆکایمەر و تیۆدۆر ئەدۆرنۆ و هێربرت مارکۆزە، تیۆرسێن و نوێنەرە سەرەکییەکانین. قۆناغی دووەمیان یۆرگن هابرماس و ئۆلبرێخت ڤیلمەر و ئەلفرێد شمیت و کلاوس ئۆفی، تێیدا درێژەیان بە بەشێک لە هزرە سەرەکییەکانی قوتابخانەی ڕەخنەیی دا، لەپاڵ دوورکەوتنەوەیان لە بەشێکی دیکەی هزرەکانی قۆناغی یەکەمی قوتابخانەکە. هابرماس بە دیارترین نوێنەری قۆناغی دووەم دادەنرێت.

ئەو، بەهۆی کاریگەربوونی بە فەلسەفەی ئەڵمانی و لە پاڵیشیدا شارەزایی زۆر و زەوەندی لە فەلسەفە و کۆمەڵناسیی فەرەنسیدا، بەتایبەتی میشێل فۆکۆ و جاک درێدا، توانی گوڕوتینێکی دیکە بە قوتابخانەکە ببەخشێ. لە چەندین بواری هزریدا خۆی داوە لە قەرەی بابەتگەلێکی گرنگ، ڕەخنەی پۆزەتیڤیزم و زانستگەرایی، تیۆری زانین، کردەی پەیوەندیگیری، ڕەخنەی تەکنۆلۆژیا و عەقڵی ئامێری، سیاسەت و ڕای گشتی، فەزای گشتی، و ئاکاری گفتوگۆ و ...هتد. بۆیە هابرماس بە ئەندازیاری سەرەکی تیۆری ڕەخنەیی نوێ دادەنرێت .

1- تیۆری ڕەخنە و تیۆری زانست

تێڕوانین بە دیدێکی ڕەخنەیی لە واقیعی ئارا و ئەوەی هەیە، یەکەم و سەرەکیترین تایبەتمەندییە کە تیۆری ڕەخنەیی پێ دەناسرێتەوە. هۆرکایمەر لە پێشەکییەکەیدا بۆ کتێبەکەی (مارتن جای) «خەیاڵدانی دیالێکتیکی»، ئاوا دەنووسێت: «تیۆری ڕەخنەیی پەیوەستە بە کەسانێکەوە کە بایەخدانێکی هاوبەش بە تیۆری کۆمەڵایەتی کۆیان دەکاتەوە، ... و ئەوەی یەکیان دەخات ئەوەیە کە هەمووان لە دیدگایەکی ڕەخنەییەوە دەڕواننە کۆمەڵگەی ئارا» . ئەو کار

و بەرهەمانەی بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە خستیانەڕوو هەڵگری بایەخدانێکی هاوبەشە، وێڕای جیاوازییان لە گۆشەنیگا هزرییەکانەوە، کە لە کۆششی داڕشتنی فەلسەفەیەکی ڕەخنەیی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو تیۆرانەی، کە هەژموونیان بەسەر کایەکانی هزردا کردبوو، خۆی دەنوێنێت . لێرەوە تیۆری ڕەخنەیی تەنیا بە ڕەخنەگرتن لەسەر یەک ئاست و یەک بوار نەگیرساوەتەوە، بەڵکو سەرجەم پایە نەگۆڕەکانی دەسەڵات و خودی کۆمەڵگەش دەهەژێنێ، و ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە چۆن کۆمەڵگەی باو و ئارا، کۆمەڵگەیەکی نا عەقڵانی و سەرکوتکەرە، ئەوەش بە هۆی کوشتنی دوو هێز لە مرۆڤدا: توانای گۆڕینی دەوروبەر لەلایەن خودی مرۆڤ و توانای هەڵبژاردنی عەقڵانی . لەم دیدگا تایبەتییەوە، تیۆری ڕەخنەیی لە میراتی هزری ڕەخنەیی ئەڵمانی جیادەبێتەوە، وەلێ لێی ناپچڕێ. تیۆری ڕەخنەیی تیۆرێک نییە سەر بە کانت یان هیگڵ یان مارکس، وەلێ پەیوەندیدارە لەگەڵیاندا، جگە لەوەی کە هزرمەندانەش لای خۆیانەوە کەوتوونەتە بەر دیدی ڕەخنەیی ئەم قوتابخانەیەوە.

لەمەش زیاتر ڕێبازێک کە کەوتوەتە بەردەم ڕەخنەی توندی تیۆری ڕەخنەیی، پۆزەتیڤیزمە، ئەمە لەپاڵ گورزوەشاندن لە زانستەگەرایی و میتۆدگەرایی و عەقڵانییەتی ئامێری، کە لە چوارچێوەی خۆیاندا مۆنۆپۆلی حەقیقەت دەکەن، ئەمەش لەو دیدگایەوە کە تیۆرێک نییە بانگەشەی ئەوە بکات دارای حەقیقەتی هەمەکییە، و تەنانەت تیۆری ڕەخنەیی خۆیشی؛ ئەوەتا هۆرکایمەر چوار ئەرک بۆ ئەم تیۆرە پێشنیار دەکات و تێیدا ئەم پرەنسیپانە دەخاتە ڕوو :

1- کەشفکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی لە هەر تیۆرێکدا، لەڕێگەی بەکارهێنانی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییانەوە، تا قوڵبوونەوە بەنێو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا کە لەخۆیی گرتوون.

2- دروستکردنی تێگەیشتنێکی دیالێکتیکی سەبژێکتی مرۆیی، کە تەنیا لە وەسفکردنی بوونەوە (صیرورە)ی مێژوویی بۆ ئێستادا گیر نەخوات، بەڵکو لە دەرکبردنی هێزە ڕاستەقینە گۆڕێنخوازەکان، و کاریگەری دانان لەسەر ململانێکانی سەردەمی ئێستامان، گەشە بکات.

3- تیۆری ڕەخنەیی وەک سەرجەم تیۆرەکانی تر لە دەرەوەی

پەرەسەندنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نییە، و پرەنسیپێکی ڕەها نییە، یان باشتر بڵێین ئاوەژووکەرەوەی هیچ بنەمایەکی ڕەهایی دەرە بوونەوەی (صیرورە) و ڕەوتگیریی واقیع نیە، و تاکە بنچینە و پێوەرێکیش کە ئەم پێوەی پابەند بێت ئەوەیە کە لە خۆگری بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگە و گروپە پەراوێزخراو و سەرکوتکراوەکان بێت، لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، بەوەش، لەڕێگەی لێک گرێدانەوەی تیۆر بە پراکتیکەوە، هەماهەنگی لەگەڵ واقیع دێتە گۆڕێ.

4- ڕاستبوونەوە بەرووی هەموو شێوەکانی ناعەقڵانییەت، کە بەرژەوەندییە چینایەتییە باڵا دەستەکان لە هەوڵی داپۆشینیدا بوون بە عەقڵانییەت، واتە لە تەقەلای دروستکردنی عەقڵانییەتێکی ساختەدابوون، بۆ بەکارهێنانی ئەم عەقڵە لە قایمکردنی کۆڵەکەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی باودا.

بە نزیکەیی سەرجەم بیرمەندانی تیۆری ڕەخنەیی لای خۆیانەوە، کەم تا زۆر، پابەندبوون بەم ئەرکانەوە، و پەرەیان پێداوە. جێی سەرنجە هۆرکایمەر ئەوە دەخاتە ڕوو، کە خودی تیۆری ڕەخنەش لە جووڵەیەکی پێچەوانەدا بەرەو خۆی، ڕەخنە لە خۆی دەگرێت و خۆی دەخاتە نێو کۆنتێکستێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، کە هیچ بنەمایەکی ڕەها بۆ بانگەشەی حەقیقەت و چەقبەستن لەسەر قەناعەتێک، ئاوەژووناکاتەوە.

لێرەوە ڕەخنەگرتن لە پۆزەتیڤیزم و زانستگەرایی و میتۆدگەرایی، وەک هزری باڵادەست و ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگەی پیشەسازی پێشکەوتوو، غەمی سەرەکی پرۆژە هزرییەکانی تیۆری ڕەخنەیی بووە، ئەمەش لە سێ ڕەهەندەوە:

یەکەم: پۆزەتیڤیزم میتۆدێکی نەگونجاوە، و ناتوانێت تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی بەدیبێنێت.

دووەم: پۆزەتیڤیزم تەنیا بایەخ و گرنگی بە دۆخی ئارا و ئەوەی هەیە، دەدات و دان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوودا دەنێت و ڕێگە لە هەر گۆڕانێکی ڕادیکاڵی دەگرێت.

سێیەم: پۆزەتیڤیزم پەیوەستە بە بەرهەمهێنان و دوبارە بەرهەمهێنانەوەی شێوەیەکی نوێی هەژمون، واتە هەژموون و دەسەڵاتی تەکنۆلۆژی.

لەپاڵ ئەمەشدا، هۆرکایمەر لە سییەکاندا لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە، زانستگەرایی هەڵسەنگاند، و وەک شێوە هزرێکی بۆرژوازی وەسفی کرد .

لای هابرماس هەموو ئەوانەی لەبارەی تیۆری ڕەخنەییەوە وتمان و بەتایبەتیش ڕەخنەگرتن لە پۆزەتیڤیزم و زانستگەرایی یان میتۆدگەرایی، دەبینینەوە و بگرە پەرەشیان پێدەدرێت. هابرماس کەشفی ئەو میکانیزمانە دەکات کە پۆزەتیڤیزم و زانستگەرایی پەیڕەوییان لێ دەکەن، جا ئەمانە چ پەیوەندیدار بن بە دەسەڵاتی ڕەمزی و سیاسی و زانستییەوە، یان پەیوەست بن بە (بەرژەوەندی زانین)ـەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە دیدی هابرماسەوە «بێگەردی زانستی» بوونی نییە . بۆیە ئەو پەردە لەڕووی وەهمی بابەتگەرایی و بێلایەنی و بێگەردی زانست لادەبات، ئەوەش لە میانەی دەرخستن و زەقکردنەوەی ئەو بەرژەوەندییە مرۆییانەوە کە زانین لە خۆییان دەگرێت.

هابرماس لە کتێبی «زانین و بەرژەوەندی»ـدا سەرقاڵە بە دووبارە بیناکردنەوەی تیۆری زانین و گرێدانەوەی بە بەرژەوەندییە مرۆییەکانەوە، کە تا ئەو ساتە ئەم پەیوەندییە پەردەی بە ڕوودا دراوە، یان باشتر بڵێین سەرکوتکراوە و دوورخراوەتەوە، ئەو لە پێشەکییەکەیدا بەم جۆرە نیازی خۆیمان بۆ ڕووندەکاتەوە: «هەوڵی مێژووییانەی ڕوو لە دووبارە دروستکردنەوەی پێش مێژوویی پۆزەتیڤیزمی نوێ، دەخەمە ئەستۆی خۆمەوە، ئەمەش بە مەبەستی شیکردنەوەی سیستەماتیکییانەی پەیوەندی نێوان زانین و بەرژەوەندی» (زانین و بەرژەوەندی، ل7). هەوڵی هابرماس بۆ دووبارە دروستکردنەوەی تیۆری مەعریفەیە لە بەرامبەر تیۆری زانستدا، ئەمەش لەبەرئەوەی، بە بۆچوونی ئەو، ئاکە ئەرکی تیۆری زانستی برینییە لە وەلانانی ئەو کۆسپانەی کە دێنە سەر ڕێگای مەعریفەی پۆزەتیڤی. مەبەستی هابرماس لە تیۆری مەعریفە بیرکردنەوەی فەلسەفییە، و تیۆری زانستیش (ئیپستمۆلۆژیا)یە، هابرماس دەڵێت: «ڕۆڵی فەلسەفە، کە دەتوانرێت پێی بووترێت تیۆری زانین، لە بەرامبەر تیۆری زانستدا لە ناوەڕۆکی خۆی خاڵی کراوەتەوە...» (زانین و بەرژەوەندی، ل11).

لای هابرماس زانستگەرایی واتە باوەڕی زانست بەخۆی، و یەقینی تەواو بە میتۆدۆلۆژی، ئەمەش واتە کرۆکی پۆزەتیڤیزم، بۆیە دەتوانین بڵێین لە بیری

هابرماسدا زانستگەرایی وپۆزەتیڤیزم تەماهی دەکەن، لێرەشەوە، پۆزەتیڤیزم دان بە بوونی هیچ جۆرە مەعریفەیەکی دیکەدا لەدەرەوەی خۆی نانێت، ئەمەش واتای ئەوەیە کە زانستگەرایی ڕێبازێکی مەعریفی سەرکوتکەرە و لە هەوڵی کورتکرنەوەی مەعریفەدایە لە خۆیدا «ئیدی ناتوانین وا لە زانست تێبگەین کە شێوەیەکی پۆتێنشیالێتی زانینە، بەڵکو دەبێت زانست و مەعریفە یەکسان بە یەکتر بکەین» (زانین و بەرژەوەندە، ل11). هاوپەیمانی و هاوئاهەنگی و تەماهیکردنی زانستگەرایی لەگەڵ پۆزەتیڤیزمدا کارێک دەکات کە پۆزەتیڤیزم هەموو میراتی ئەزموونگەرایی و عەقڵانی بخاتە گەڕ بۆ چەسپاندنی بڕوای زانست بە ڕاستگۆیی تەواوی خۆی. لە تەواوی کتێبی «زانین و بەرژەوەندی»ـدا، هابرماس، لەپاڵ لێک گرێدانەوەی زانین و بەرژەوەندی و ڕەخنەگرتنی پۆزەتیڤیزمدا، بەدوای دۆزینەوەی ئەو سیستەمە مەرجەعییانەدا دەگەڕێت کە ئەگەرەکانی مەعریفە و کەوتنەوەی زانین لە خۆ دەگرن، واتە هەلومەرجەکانی بوونی شیاوێتی زانین.

لە دیدی هابرماسەوە، گۆڕینی تیۆری زانین بە تیۆری زانست (ئیپستمۆلۆژیا) لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە «لە تیۆری زانستدا ئیدی سەبژێکت سیستەمی مەرجەعی نانوێنێت». لای کانت لە پرۆسەی ڕەخنەی عەقڵ لە خۆیدا، سەبژێکت ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی سازدانی هەلومەرجەکانی جێکەوتکردنی زانین. لە کانتەوە هەتا مارکس، کە ڕیشەکەی وا لە کۆجیتۆی دیکارتیدا، سەبژێکت وەک ئاگایی، و هەستیاری بە ئاگایی خود، وەک ڕوح و جۆر وێنا کراوە، بۆیە سەبژێکت توانای یەکلاکردنەوەی کێشەی ڕاستگۆیی گووتەکانی هەبووە، ئەمەش لە میانەی گەڕانەوە بۆ دروستبوونی ئەو هەلومەرجانەی کە بەهۆی مێژووی پەیدابوونی گشتیی جۆری مرۆییەوە، پۆتێنشیالێتی زانینی لە خۆگرتووە. زیاد لەمەش «تیۆری زانست سازش لەسەر پرسیار لەبارەی سەبژێکنەوە دەکات، و ڕاستەوخۆ ڕوو وەردەگێڕێت بەلای ئەو زانستانەدا کە وەک سیستەمەکان و پرس و مینۆدەکان، یان وەک پێکهاتەی ڕێساکان بۆ دروستکردنی تیۆرەکان و تاقیکردنەوەیان بەرمەبنای ئەو ڕێسایانە، پێدراو و حازر بەدەستن» (زانین و بەرژەوەندی، ل82).

تیۆری زانست ئیدی وابەستە نییە بە سەبژێکت و و تواناکانییەوە، بۆیە خود

وەک سیستەمی مەرجەعی نەفی دەکاتەوە، و لەنێو پرۆسەیەکی میتۆدۆلۆژیشدا خود بە بابەت دەکات، یان خود بە پرۆسەی بە بابەتبووندا دەبات.

کورتبوونەوەی تیۆری زانین لە تیۆری زانستدا، هاوتاکردنی زانست بە زانین، بێ زیان و قوربانیدان تێنەپەڕیووە، لە گواستنەوەیەکی لەم شێوەیەدا دیارترین قوربانییەک کە گورزی قورسی بەرکەوتووە، بە دیدی هابرماس، ئەنیا ئەفسانە و میتافیزیک نییە، بەڵکو فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفییە، چونکە ئیپستمۆلۆژیای پۆزەتیڤیزم بنچینەی نەفیکردنەوە و دەست بەرداربوونە لە بیرکردنەوە، ئەمەش واتە سەرکوتکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفی .

لە دیدی هابرماسەوە پۆزەتیڤیزم و زانستگەرایی، شەرعییەت بە جۆرەکانی چاودێری و دیسپلین لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا دەبەخشن، ئەوەش لە ڕێگەی بانگەشەی (بێلایەنی) و بابەتگەرایی زانست و تەکنیکەوە (دواتر لەم بارەیەوە دەدوێین).. لە بەرامبەردا هابرماس جەخت لەسەر نا-بێلایەنی پراکتیکی زانستی دەکاتەوە و ئەوە دەردەخات کە هەر جۆرێکی زانین لەلایەن بەرژەوەندییەکی دیاریکراوەوە ئاراستە دەکرێت. بیرکردنەوەی هابرماس لە بەرژەوەندی بۆ ئەوە نییە کە زانین لە چوارچێوەیەکدا لە قاڵب بدات، و تیۆرەکان نمایندەی بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە زانین، بەهۆی بەرژەوەندییەوە، لە مومارەسەی کرداری و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا توانای ڕەخنەگرتنی هەبێت، ئەمەش واتە لێک گرێدانەوەی تیۆر بە پراکتیکەوە.

زانستگەرایی لەڕێگەی میتۆدۆلۆژیایەکی توندوتۆڵەوە ئیش دەکات، لە زانستدا ئەوەی مەرجەعە میتۆدە، و حەقیقەتیش لە دەرەوەی میتۆدەوە بوونی نیە؛ میتۆدە کە دەتوانێ وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکان هەبێ، یان لایەنی کەم ڕێ بە پرسیاری دیکە لەدەرەوەی چوارچێوەی خۆی نەدات، بە دیوێکی تریشدا، میتۆد وەک گادامیر لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ، وەڵامی هیچ پرسیارێک ناداتەوە جگە لەوانەی کە لە چوارچێوەی خۆیدا خۆی ڕێی بە خستنەڕوویانداوە. زانستگەرایی لە ڕێگەی میتۆدۆلۆژیاوە، زانستی کردۆتە تاکە چالاکییەکی مرۆیی کە هەڵگری مانا بێت . میتۆدۆلۆژیا ڕاستەوخۆ ڕوو لە بابەت دەکات، لێرەوە لە پەیوەندییەکی یەکلایەنەی ئەزموونیدا هەموو شتەکان بە بابەت دەکات، بۆیە

لەجیاتی پرسیارکردن لە هەلومەرجە ترانسێندنتالییەکانی زانین و ڕەوشی هاتنە ئارای زانین، پرسیاری پۆزەتیڤی لە پەیوەندییە تیۆرییەکاندا سەرهەڵدەدات، لەمەشەوە هەڵوێستی پۆزەتیڤیزم ئیشکالییەتی دروستبوونی جیهان فەرمۆش دەکات، و مانای خودی زانینیش دەبێتە مانایەکی ناعەقڵانی لە ژێر ناوی زانینی توندوتۆڵ و تۆکمەدا .

ڕەخنەی هابرماس لە پۆزەتیڤیزم هەم لایەنی فەلسەفی و هەم لایەنی ئایدیۆلۆژیش دەگرێتەوە. پۆزەتیڤیزم ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی تەکنۆلۆژی دەدات، لەمەشەوە دەسەڵاتی تەکنۆکراتی دەبێتە نموونەی باڵا بۆ پەیوەندی نێوان بڕیاری سیاسی و زانینی زانستی. لەم ڕوانگەیەوە هابرماس تەکنۆلۆژیا و زانست وەک ئایدیۆلۆژیا دەبینێت .

پۆزەتیڤیزم وەک چۆن لە زانستە سروشتییەکان (ئەزموونی)دا خۆی بەرجەستەکردووە، بە هەمان شێوە لە زانستە مرۆییەکان یان بە قەولی هابرماس (زانستە روحییەکان)یشدا خۆی سەپاندووە. لە زانستە سروشتییەکاندا ئەوەی بنەمایە ئەزموونە. لێکۆڵینەوەی ئەزموونی-شیکاری چاودێرییەکی سیستماتیکییە بۆ ڕەونگیریی (سیرورە) زانست لە بازنەی کردەی ئامێریدا. بەم مانایە زانستی سروشتی پەیوەستە بە کردەی تەکنیکییەوە، یان بە (کار)ەوە. تێبینیکردن و چاودێریکردنیش کەرەستەی هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکانن بۆ هێنانەئارای کارێکی سەرکەوتوو لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

سیستەمی مەرجەعی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بریتییە لە ڕەونگیریی لێکۆڵینەوە، و بەرەوپێشچوونەکانی لێکۆڵینەوە سەبژێکت ناچار دەکات کە لە سنورەکانی لێکۆڵینەوەدا گیر بخوات، جەبرەکانی لێکۆڵینەوە میکانیزم و ئەنجامەکان دیاریدەکەن، ئەوەی سەبژێکت دەبێت بیکات تەنیا شرۆڤەکردنەکانە.

لە دیدی هابەماسەوە، مارکس پەیامبەری هزری تەکنیکییە، ئەو لەڕێگەی ڕەونگیریی کار و لەبەرچاوگرتنی وەک سەنتێنزی نێوان مرۆڤ و سروشت، بەرجەستەکەری ئەم دیدە بووە «بەلای مارکسەوە سروشت پێشنۆرەیی ڕەهای هەیە بەسەر ڕوحدا» و کار «بە دیاریکراوی بریتییە لە ڕەونگیریی نێوان مرۆڤ و سروشت، ناوەندێک کە تێیدا مرۆڤ دەبێتە نێوانکارەیەک لەنێوان سروشت و

گۆڕینی مادە لەڕێگەی کاری تایبەتی خۆیەوە» . مرۆڤ بۆ ئەوەی سروشت بخاتە خزمەتی خۆیەوە، دەبێت مادە لەڕێگەی کارەوە بە پرۆسەی گۆڕیندا ببات، جۆر و خێرایی و تێچوونی ئەم گۆڕینەش پەیوەستە بەو تەکنیکانەی کارەوە کە لەبەردەستیدان، ئەمەش کارێک دەکات کە کار وەک دەستخستنی شتێک، یان کارێکی سەرکەوتوو چاوی لێ ببڕدرێت، بۆیە لەدیدی هابرماسەوە، کار لە هزری مارکسدا، سەنتێنزی سروشت و مرۆڤە، یان بە مانایەکی تر، یەکێتی ئەم دووانەیە.

زانستە روحییەکان کە زانستی کردەیین، لە جیاتی شرۆڤە یان تێبینی، تێگەیشتن دێننە ئاراوە، لە جیاتی مامەڵەی مرۆڤ (کۆمەڵی مرۆیی) سروشت، مامەڵەی مرۆڤ - مرۆڤ، لە پرۆسەیەکی هێرمینتیکیدا دروستدەبێت، کە ئامانجەکەی چاوبڕینە لە تێگەیشتن لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکدا لەنێو بازنەیەکی هاوبەشدا، هەر یەکە و بە گوێرەی ئاستی کولتووری ڕۆشنبیری خۆی، ئەمەش نەک لە ڕێگەی کارەوە، بەڵکو لە ڕێگەی کارلێکەوە، یان باشتر بڵێین لەڕێگەی زمانی ئاڵوگۆڕەوە.

لە زانستە ڕوحییەکاندا کە دێلتای چەند هێڵێکی جیاکەرەوەیان بۆ دەکێشێت بۆ جیابوونەوەیان لە زانستە سروشتییەکان، ئەزموونی خود وەک سەبژێکت دێتە ئاراوە، بەڵام نەک لەنێو پرۆسەیەکی خود-ڕەخنەییدا، بەڵکو لەنێو بەشداری نێوان خودەکاندا: «بەشداری هاوبەشی نێوان سەبژێکتەکان بۆتە سیستەمی مەرجەعی کە تێیدا سروشت بە بابەت دەکەین» . ئەوەی هابرماس ڕوونیدەکاتەوە ئەوەیە، کە زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆییەکان لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ حەقیقەت، و واقیع، و ئەزموندا جیاوازییان هەیە، هەروەها میکانیزمی ئیشکردن و دەرەنجام و لێکەوتەکانیشیان جیاوازە «ئێمە سروشت شرۆڤە دەکەین، و ژیانی دەروونییش تێدەگەین»، ئەمە لەپاڵ جیاوازی لەو بەرژەوەندییانەدا کە ئاراستەیان دەکەن؛ لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم دوو زانستە تا ڕادەیەکی زۆر بە مێتۆدۆلۆژیای پۆزەتیڤیزم و لۆژیکی لێکۆڵینەوە کار دەکەن . «زانستە هێرمینۆتیکییەکان لە کارلێکی پەیوەستکاریدا لە زمانی ئاڵوگۆڕدا پارێزراون، وەک چۆن زانستە ئەزموونی-شیکارییەکان لە بازنەی وەزیفەکانی کردەی ئامێریدا پارێزراون» بەم جۆرە بواری زانستە مرۆییەکان کارلێک یان کردەی پەیوەندیگیری نێوان کەسە بەشداربووەکانە

لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لەڕێگەی میانەگیرێکەوە کە ئەویش زمانە، و دەرەنجام تێگەیشتن دروست دەبێت، ئەمەش کارکردنە بە عەقڵی پەیوەندیخوازی: «زمان زەمینەی هاوبەشی نێوان سەبژێکتەکانە» . بەم جۆرە سەبژێکت، کە هەڵگری کولتووری ژیانە، بەرلەوەی بە بابەت بکرێت، لە ڕێگەی زمانەوە، تێگەیشتن دروست دەکات، و بەم جۆرەش لە ڕەونگیریی زانیندا دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێت.

وێڕای ئەم ڕەخنانە، هابرماس لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زانین و بەرژەوەندیدا ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە، کە ڕەخنەگرتنی ڕادیکاڵییانەی زانین تەنیا لە شێوەی تیۆری کۆمەڵگەدا دەبێت، ئەمە لەپاڵ بیرکردنەوەی زانست لەخۆی. ئەو پێی وایە دەروازەی ئەم ڕەخنە ڕادیکاڵییە (خود- تێڕامان)ی زانستە لە خۆی. غەمی سەرەکی هابرماس دامەزراندنی تیۆرێکی نوێیە بۆ عەقڵانییەت کە دەستەبەر و فەراهەمکەری تیۆری کۆمەڵگە بێت. مەبەستی هابرماس لەمە ئەوەیە کە زانین (واتە مەعریفەی کۆمەڵگە بە گشتی)، وەک هێزێکی بەرهەمهێنەر و بەرهەمهێنانەوە لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی ئاگایی خودیی سەبژێکتە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار دەبێت: «دەکرێت دەرک بە مەعریفەی کۆمەڵگە بکەین، کە ئاگایی خودیی سەبژێکتە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکات، هەر لە قۆناغی تێگەیشتنی خودیی پراگماتیکی گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا دەگاتە تیۆرێکی گونجاو بۆ کۆمەڵگە» (زانین و بەرژەوەندی، ل. 60).

لە دیدی مارکسەوە بەرهەمهێنان تاکە چوارچێوەیەکە بۆ ڕاڤەکردنی سەرهەڵدان و وەزیفەی زانین، و بەرهەمهێنان لەڕێگەی زانستی تەکنیکییەوە پەرەی پێدەدرێت، ئەمەش بەشدار دەبێت لە سەرهەڵدان و پاراستنی جۆری مرۆیی. پاراستنی جۆری مرۆیی بەگشتی بەرژەوەندی و ئامانجی سەرجەم زانینەکانی مرۆڤە. بە بڕوای هابرماس، مارکس لەم دیدەیەوە بۆ بەرهەمهێنان، نزیک دەبێتە لە دامەزراندنی تیۆری کۆمەڵگەوە، بەڵام مارکس بەهۆی پێشنۆرەییدانی بە تەکنۆلۆژیا و کردەی تەکنیکی و پەیوەندی هەژموونگەرایانەی مرۆڤ بەسەر سروشتەوە ناتوانێت وێنای تیۆرێکی ڕەخنەیی بکات کە تێڕامانی بۆ خود هەبێت و چەمکە ماددییەکەی ئەو بۆ کار وەک سەنتێزی مرۆڤ و سروشت، تەنیا لە چوارچێوەی کاتیگۆریای کردەی ئامێریدا مایەوە، نەک وەک

ڕەخنە. مادام بەرهەمهێنان ئاکە چوارچێوەیەکە بۆ ڕاڤەکردنی سەرهەڵدان و وەزیفەی زانین، ئەوا زانستە مرۆییەکان لەنێو کاتیگۆرییەکانی زانینی تەکنیکیدا دەردەکەون. گۆڕانی خود- ئێرامان مرۆیی لەوێدا ڕوو وەردەگێڕێت کە مەعریفە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت بۆ حوکمکردن بە ڕەوتگیریی سروشتەوە، لێرەوە قۆناغی ئاگایی خودیی سەبژێکتە کۆمەڵایەتییەکان دەگوازرێنەوە بۆ حوکمکردن بە ڕەوتگیری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، واتە «مەعریفەی ئێرامانی دەگۆڕدرێت بۆ مەعریفەی بەرهەمهێنان» .

هابرماس باس لەوە دەکات کە چۆن لە ڕەوتی گەشەسەندنی زانست و تەکنیکدا ڕەوتگیریی (کار) وەک سەنتێنز، کە مرۆڤیش دەبێتە ناوەند لەنێوان سروشت و بەرهەمی خۆیدا، دەگۆڕێت بۆ ڕەوتگیریی زانست، ئیدی مرۆڤ دەبێتە چاودێر و ئامێریش وەک کارکەر جێی دەگرێتەوە، واتە زانست دەبێتە هێزی بەرهەمهێنان. ئەم گۆڕانە مانای ئازادبوونی ئاگایی مرۆڤ نییە، و ڕزگاری مرۆڤ نییە لە جەبرەکانی سروشت، وەک چاودێر و دەسەڵاتدارێک بەسەر ڕەوتگیریی بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو سەرهەڵدانی چوارچێوەیەکی دامەزراوەییە بۆ حوکمکردنی تەکنیکی شیاو: «زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکرێت لەنێو ئەم بیرۆکەیەدا گەشەی پێبدرێت دەبێت مێژووی جۆر وەک سەنتێنز، لەمیانەی کاری کۆمەڵایەتییەوە، و تەنیا لە میانەی کاری کۆمەڵایەتییەوە، پێک بهێنێت» ، بۆیە لەدیدی مارکسەوە زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆییەکان ڕێکخستن لەنێوان خۆیاندا دێننە ئاراوە و ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەم جۆرە زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆییەکان لە دوو شوێنەگە و بواری جیاوازەوە بۆ یەک ئامانج بە هاوبەشی کار دەکەن: بە زانستکردنی بەرهەمهێنان و تەحەکومکردن بە ڕەوتگیری سروشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی. هەر لەم دیدەوە، بە زانستکردنی بەرهەمهێنان کارێک دەکات کە شوناسی سەبژێکت، لە نێو چینەکاندا، لە ڕەوتگیری کۆمەڵایەتیدا دروست ببێت، لەم بارەدا زانستە مرۆییەکان پاشکۆی زانستە سروشتییەکانن؛ لەلایەکی تریشەوە زانستە سروشتییەکان وەزیفەی خۆیان لە ڕەوتگیری بەرهەمهێنانی سەبژێکتی جۆری مرۆییدا دەرکدەکەن، لەم بارەشدا زانستە سروشتییەکان دەبنە پاشکۆی زانستە مرۆییەکان. لە هەردوو بارەکەشدا، خود- ئێرامان وەلانراوە و

بگرە دوورخراوەتەوە.

پێویستە ئەوە بڵێین کە «خود- تێڕامان» self reflective ئەوە نییە کە لە تڕادسیۆنی فەلسەفیدا پێیدەوترێت «فەلسەفەی ئاگایی»، کە سەبژێکت دەکاتە سەنتەر و میحوەر، ئەم دیدە بۆ فەلسەفەی ئاگایی لە دیکارتەوە هەتا هوسرەڵ پەیڕەوی لێ کراوە، بەڵکو «خود- تێڕامان» پەیوەستە بە فەلسەفەی ڕەخنەییەوە کە زێدەڕەوی هەڵەکانی فەلسەفەی خود-ئاگایی هاوسەنگ دەکاتەوە، ئەویش بە سەربارخستن و دەرخستنی کۆمەڵێک ناوچە و پنتی فەرامۆشکراو کە ئاگایی و عەقڵانییەتی هاوچەرخ و بەتایبەتیش پۆزەتیڤیزم، بەسەریدا بازیان داوە. ئەم فەلسەفە ڕەخنەییە دادگایی میراتی فەلسەفی و زانستگەرایی و میتۆدگەرایی دەکات، ئەویش جوڵەیەکە بەرەو ناوەوەی خود و تێکشکاندنی ئەو دەسەڵاتانەی کە بوونەتە هۆی خەساندن و چەپاندن و سەرکوتکردن و دروستکردنی ناوچەی پەراوێزخراو و نادیار و دوورخراوە لە سەبژێکتدا، و دابەشکردنی سەبژێکت و نەبینینی خود وەک کۆیەک، و ئاڵۆزی بەرامبەر بە خود، نەک هەستکردن بە خود وەک ئاگایی، و ڕوونبینینی خود، هەلومەرجی ئەم هەنگاوە ئازادییەخشە چالاکی پەیوەندیگیرییە کە تێیدا گفتوگۆیەکی خاڵی لە دەسەڵات و هەژموون و فەزایەکی کراوەی ئازادی دوور لە هەر جەبرێک لە دەگوزەرێت، ئەمەش ئەڵتەرناتیڤی عەقڵانییەتی ئامێری دێنێتە کایە، و هزرێکی نوێش بۆ مۆدێرنیزم دەخاتە ڕوو، کە دەکرێت هەموو ئەمانە لە تیۆرێکدا، بە ناوی «تیۆری کۆمەڵگە» ، کۆ بکرێنەوە، تیۆرێک کە ئەم بەرژەوەندییە ئازاییەخشە پاڵنەرییەتی، کەواتە ماهییەتی تیۆری کۆمەڵگە تیۆری ڕەخنەییە، یان زانستە ڕەخنەییەکانی وەک دەروونشیکاری، یاخود تێڕامانی سەبژێکی لە مێژووی جۆری مرۆیی، هەروەها ئەم تیۆرە دەرگیرە لەگەڵ فەلسەفەدا و لێی دابڕاو نییە، بەڵکو تێیدا فەلسەفە وەک چالاکییەکی ڕەخنەیی لە خۆ گیراوە، هابرماس دەبێژێت: «تیۆری کۆمەڵگە کە خود- تێڕامان لە مێژووی جۆر دەخوازێت، ناتوانێت بە ئاسانی فەلسەفە نەفی بکاتەوە، چونکە فەلسەفە دەتوانێت زانست بکاتە دیلی حوکمێکی ڕەخنەیی، و لە دەرەوەی ڕەخنەش فەلسەفە، وەک تیۆری زانین، هیچ مانایەکی نامێنێت».

**2–زانست و تەکنیک وەک ئایدیۆلۆژیا**

بە بڕوای هابرماس بەرژەوەندی مەعریفە ئاراستە دەکات، بۆیە هەر گرنگیدانێک بە زانست و پەرەپێدانی زانست لەپێناو ئامانجێکی مرۆییدایە. بە بڕوای هابرماس زانستێک نییە پاک، بێگەرد، بێلایەن و لە دەرەوەی بەرژەوەندی بێت. بێلایەنەبوونی زانست، هەرگیز بەو مانایە نییە کە پەیوەندییە کەسییەکان و میزاج، زانست ئاراستە دەکەن، بەڵکو مانای ئەوەیە کە زانست لە بۆشاییە نایەت و بۆ بۆشاییش ناڕوات، بەڵکو لە ڕەوتگیریی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا کاریگەری هەیە و بەشدارە لە شێوە ژیانی جۆری مرۆیی، و لە کۆنتێکستێکی عەقڵانیدا حساباتی سیاسیش دەکات و دەبێتە هێزی بەرهەمهێنان یان ئیرادەی هێز بۆ کۆنترۆڵکردن، کۆنترۆڵکردنی سروشت و ڕەوتگیریی سروشت، و کۆنترۆڵکردنی ڕەوتگیریی مرۆڤ و کۆمەڵگە. هەرچی دیوەکەی دیکەی زانستە، کە تەکنیکە، بریتییە لە جێبەجێکردنی زانستیانەی مەعریفە (یان تیۆرەکان) بۆ هێنانە کایەی کردارێکی مەحکوم بە سەرکەوتووتن، یاخود کارکردنی زانستە لە بازنەی کردەیەکی ئامێریی سەرکەوتوودا، کە دواجار شتەکان و مرۆڤەکانیش دەگۆڕێت بۆ ئامێر و بەمەش هێزە ڕەخنەیی و ئازادیبەخشەکەی سەرکوت دەکات.

هابرماس دەرکی بەوە کردووە کە زانستە سروشتییەکان ناتوانێت ناوتوێی ناوەڕۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات، کە لە ڕێگەی زمانی ئاڵوگۆڕەوە ڕاڤە دەکرێت، و بە بڕوای ئەو جیهانی زانستە ئەزموونییەکان لە جیهانی کۆمەڵایەتی جیاوازە، و جیهانێکە دەتوانرێت بیرکارییانە بژمێردرێت و جیهانی کۆمەڵایەتیش جیهانی خۆشەویستی و کینە و ژیان و مردن و ئومێد و نا ئومێدی و جوانی و دزێوی، و عەقڵ و عاتیفە و ئاکار، و غەریزە و ترادسیۆن و هەستەکان و جیهانی زمانی هاوبەشە، ئەی ئەم دوو جیهانە چۆن تێکەڵا دەبن، هابرماس بەم جۆرە وەڵامدەداتەوە: «پێدراوەکانی زانستە توندوتۆڵەکان ناتوانن بێنە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، تەنیا لە ڕێگەی پراکتیزە تەکنیکییەکانیانەوە نەبێت، واتە وەک زانستێکی تەکنۆلۆژی» (زانست و تەکنیک وەک ئایدیۆلۆژیا، ل. 103).

هابرماس لە کتێبی (زانست و تەکنیک وەک ئایدیۆلۆژیا)دا ، و بە بە

داکۆکیکردن لە ئێزەکانی ماکۆزە، ئەم ڕۆڵە ئایدیۆلۆژییەی زانست و تەکنیکی ڕوونکردوەتەوە، کە پێیوایە «زانست و تەکنۆلۆژیا سیفەتی ئامێر دەدەنە پاڵ شتەکان و تەنیا وەک کەرەستەگەلێک لێیاندەڕوانن، بەمەش کۆسپ دەخەنە سەر ڕێگەی ڕزگاربوون و خودی مرۆڤیش دەگۆڕن بۆ ئامێر» .

هابرماس بە ڕوونکردنەوەی چەمکی (عەقڵانییەت) لای ڤێبەر، دەست پێدەکات و پێیوایە ئەم چەمکە چالاکیی ئابووری و شێوە جووڵەی مافی تایبەتی بـۆرژوازی و شێوەکانی کۆنترۆڵکردنی بیرۆکراسی دیاریدەکات، ئەمەش واتە وەدیهێنانی کردەی عەقڵانی، کردەیەک کە میکانیزمەکان و دەرەنجامەکانی لە تەباییدان، واتە دۆزینەوە باشترین میکانیزم بۆ مەبەستی لەبەرچاوگیراو؛ هابرماس بەمە دەڵێ کردەی (ستراتیژی). بەم هۆیەوە ڤێبەر، لە دیدی هابرماسەوە، (بە عەقڵانیکردن)ی پێشکەوتووی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە بە دامەزراوەییکردنی پێشکەوتنی زانست و تەکنیکەوە، لەم ڕێگەیەشەوە زانست و تەکنۆلۆژیا شەرعییەتە کۆنەکان دەسڕنەوە و شەرعییەتی نوێ دەبەخشنەوە. لە ڕوانگەی هابرماسەوە، مارکۆزە دەرکی بەوە کردووە کە ئەم (عەقڵانییەت)ـە عەقڵانییەتێکی ڕواڵەتییە، (عەقڵانییەت) نییە بە مانا دروستەکەی، بەڵکو شێوەیەکە لە کۆنترۆڵکردنی سیاسی، تا دەگاتە هەڵبژاردنی دروست لەنێوان ستراتیژییەتەکان و بەکارهێنانی گونجاوی تەکنیکەکان، و خۆ دزینەوە لە پەیوەندی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و خۆ دزینەوە لە تێڕامان و دووبارە بنیاتنانەوەی عەقڵانییەت (زانست و تەکنیک...، ل. 44). لەم دۆخەدا نەک کردەکان، بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بە عەقڵانی دەکرێن، ئەمەش واتە بەرجەستەبوونی کۆنترۆڵکردن لەڕێگەی دامەزراوە زانستییەکان و تەکنۆلۆژیاوە. مارکۆزە دەگاتەوە ئەوەی کە نەک تەنیا بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا، بەڵکو تەکنۆلۆژیا خۆی، بە شێوەیەکی میتۆدی و زانستی و ژمێریاری، سروشت و مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات.

لە دیدی هابرماسەوە لەمڕۆدا مانای کۆنترڵکردن لە تەکنۆلۆژیادا بەرجەستە دەبێت، تەکنۆلۆژیا نەک وەک ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن، بەڵکو وەک کۆنترۆڵکردن خۆی «کۆنترۆڵکردن بوەتە باڵادەستییەکی ئەبەدی و مەوداکەشی تا بێ فراوانتر دەبێت، نەک بە هۆی تەکنۆلۆژیاوە، بەڵکو وەک تەکنۆلۆژیا... بەمەش

ڕەوایەتییەکی گەورە بە دەسەڵاتی سیاسی دەبەخشێت» (زانست و تەکنیک...، ل.47). لێکبەستنەوەی دەسەڵاتی تەکنۆلۆژیا بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، وەک ئایدیۆلۆژیا وەسف دەکرێت. لای هابرماس پێشکەوتنی زانست کارێک دەکات، کە پێشکەوتن لە تەکنۆلۆژیادا دروست ببێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دادەنێت، بە مانایەکی تر لەسەر ڕەونگیریی سروشت و ڕەونگیریی کۆمەڵایەتی، و ئینجا هێزەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا ڕەوشێکی نوێ بەخۆیانەوە دەگرن، بەهۆی جوڵاندنیان لەلایەن دەسەڵاتی زانستی- تەکنیکییەوە کە ئیدی لەپێناو کەشفکردنی سیاسیدا کارناکات، بەڵکو دەبێتە بنچینەی ڕەوایەتی پێدان . بە کورتی زانست هاومانای تەحەکومکردنە و تەکنیکیش هاومانای کۆنترۆڵکردن.

تەکنۆلۆژیا بەهۆی مژدە زۆر و زەوەندەکانییەوە، بەهۆی بانگەشەی هێنانە دی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی و کۆنترۆڵکردنی سروشتەوە، فێڵی ئەوە دەکات کە ڕواڵەتی (سەرکوتکاری) لە دەسەڵات دادەپۆشێ و دەیگۆڕێت بۆ باڵادەستییەکی (عەقڵانی)، یاخود هەژموونێکی قەبوڵکراو. لەم ڕۆژگارەدا هەمووان بە تەکنۆلۆژیا ڕازین، لە کارگەکاندا کاری مرۆڤی ئاسان کردووە، دەست گەیشتنی بەسەرچاوەکانی سروشتی ڕەخساندوە، گەشتی خێرا کردووە، ناوماڵانی پڕ کردووە لە ڕۆشنایی و تەلەفزیۆن و فیلمەکانی هۆلیود، دەتوانین لە یەک چرکەدا پەیوەندی بگرین بەو سەری جیهانەوە، دەتوانین بە ماوەیەکی کورت سەفەر بکەین، تەکنۆلۆژیای جەنگی پێشکەوتووە بە ناوی خۆ پاراستنەوە، و... هتد، بەڵام کەسمان ناتوانین خەیاڵی ژیان لەدەرەوەی تەکنۆلۆژیا بکەین، ڕەگەزێک لەوانەی تەکنۆلۆژیا دەیکوژێت خەیاڵە، خەیاڵی ژیانێک جگە لەمەی کە هەیە.

ژیانی مۆدێرن بەندە بە تەکنۆلۆژیاوە. لەم دیدەوە ژیانی مۆدێرن بەر لەوەی باس و خواسێکی عەقڵی بێت لەبارەی ژیانی مەدەنی و گفتوگۆی عەقڵی پەیوەندیگیری، ناسینەوەیەتی بە ڕووی دەرەوەیـدا، واتە بە ئامێر و کەل و پەلدا، لە خۆشگوزەرانی ژیان زیاد دەکات و بەرهەمهێنانی کارگەرییانەش بەرەو پێش دەبات، تەکنۆلۆژیا کارێک دەکات کە مرۆڤ ماهییەتی خۆی لە کەل و پەلەکاندا ببینێتەوە، بەم جۆرە ئەوەی مانای ژیانی دروست دەکات شتەکانە. لە

کۆمەڵگەی مۆدێرندا عەقڵانییەتی سەرکوتکردن دەگۆڕێت بۆ عەقڵانییەتی دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردن، کە ناوەکییانە تێیدا سەرکەوتکردنیش لە خۆ گیراوە. بۆیە پێشکەوتنی تەکنیکی تەنیا بۆ باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و چارەنووسی مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە فێریشی بکات چۆن تەحەکوم بکات .

هابرماس بۆ دووبـارە ڕاڤەکردنەوەی (بەعەقڵانیکردن) لای ڤێبەر، دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیارکردنی چوارچێوەیەکی کاتیگۆرییانەی تر، و لەوێوە دوو چەمکی سەرەکی کە بۆ تێگەیشتن لە هابرماس بایەخێکی تایبەتیان هەیە، لێک جیادەکاتەوە، ئەوانیش: کار و کالێک (یان کردەی پەیوەندیگیری)، ئەم دوو چەمکە جێگرەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهێنانن.

هابرماس لە کتێبی (زانست و تەکنیک وەک ئایدیۆلۆژیا)دا، باسێکی چڕ و ورد لە چەمکی «کار» دەکات؛ وەک ئاماژەیشمان پێدا، لە کتێبی (زانین و بەرژەوەندی)شدا، بەتایبەت لای مارکس، لەبارەیەوە دەدوێت، وەک چۆن هەمان مامەڵە لەگەڵ چەمکی «کارلێک»یشدا دەکات. لای هابرماس کار یان کردەی عەقڵانی ئامانج یان کردەیەکی خودییە یان تاقیکردنەوەیەکی عەقڵانییە یان ئاوێتەی ئەم دوانەیە. کردەی ئامێری بەپێی ڕێسای تەکنیکەکان بەندە لەسەر مەعریفەی ئیمپیریکی، کە کۆمەڵێک پێشبینیش لەخۆ دەگرن لە هەمبەر ئەو ڕووداوانەوە کە شیاوی تێبینیکردنن .

هەرچی کارلێک (یان کردەی پەیوەندیگیری)یە، کارلێکە بەهۆی نێوانکارێکی ڕەمزییەوە کە (زمان)ـە. ئەم کارلێکە بەپێی پێوەرێکی پەیوەسنکاری دروستدەبێت، کە پێشبینی ڕەفتارە ئاڵوگۆڕەکان دەکات و دەبێت لەلایەن بەشداربووانەوە دانی پێدا بنرێت. بەم مانایە کردەی پەیوەندیگیری کارلێکی بەشداربووانە لە ڕێگەی زمانی ئاڵوگۆڕکردنەوە. بەم جۆرە گونجاوی ڕێسا تەکنیکییەکان پەیوەستە بە دروستی ئیمپیریکییەوە، و گونجاوی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیش تەنیا لە بەشداری تێگەیشتنی مەبەستەکان و دان پێدانانی پەیوەستییەکاندا وەدی دێت . ئەم دوو چەمکە یەکەمیان پەیوەستە بە زەرورەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتدا، و دووەمیشیان بە زەرورەتـی سەرهەڵدانی خێزانەوە، بۆیە هابرماس دوبارە تیۆری مارکس دادەڕێژێتەوە کە تێیدا بە تەواوی چەمکی کاری کۆمەڵایەتی

ئاوئوێ دەکات، و پێیوایە ئەم چەمکە پێویستی بە تەواوکردنە لە پێناو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مرۆییدا بۆ ژیان، لەلایەن چەمکێکی دیکەوە، ئەویش بونیادی کۆمەڵایەتی خێزانە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا کە بوونی زمانی کردووەتە زەرورەتێک . لەم ڕوانگەیەوە ئەو سیستەمەکانی کردەی ئامانج عەقڵانی لە چوارچێوەی دام و دەزگا تەکنیکییەکان و چوارچێوەی دامەزراوەیی کۆمەڵایەتی و ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی، لە یەک جیا دەکاتەوە.

هابرماس هەر لە کۆمەڵگە تەقلیدییە کۆنەکانەوە باس لە ڕۆڵی گرنگی ئەم دوو چەمکە (وەک دوو پراکتیک) دەکات؛ پەیوەندییەکانیان و کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی میراتی کولتووری و دنیابینی مرۆڤ و دیاریکردنی سیستەمی ئابووری و سیاسی و ڕەوایەتییەکان بەهۆی ئەفسانە و میتافیزیک، ڕوونەدەکاتەوە، هەروەها باس لەو پەڕینەوانەش دەکات کە ڕوویانداوە لەو شێوە کۆمەڵگەیانەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری. لەمەش زیاتر، ئەو پەیوەندی ئەم دوو چالاکییە ڕوون دەکاتەوە و پێی وایە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوانەدان، و ناکرێت لە یەکتر دایان بڕین، ئەگەر چی بۆنۆمۆر پرسیار لە پێشنۆرەییان دەکات بەسەر یەکتریدا و دواجار ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لە دیدی هابرماسەوە کار پێش کارلێک دەکەوێت. لە لایەکی تریشەوە هابرماس لەگەڵ ئاماژەدانیدا بەوەی کە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەکەر و دیاریکەری وەزیفەکان و خێرایی پێشکەوتنی زانستی و کاری کۆمەڵایەتی، هەروەها دیاریکەری سیستەمی کۆمەڵایەتین، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە چۆن کار وەک چالاکی و هێزی بەرهەمهێنان و کارلێک وەک چوارچێوەی دامەزراوەیی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و زانستدا، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا گۆڕاون، و دواجار شەرعییەتی ئەفسانە و میتافیزیکی جێی خۆی چۆڵکردووە و شەرعییەتی تەکنیکی و زانستی جێی گرتوەتەوە. لێرەوە هابرماس دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکە لای مارکۆزە، واتە زانست و تەکنیک وەک ئایدیۆلۆژیا.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لەپاڵ ئەوانەی تا ئێستا وتمان، هابرماس باس لە دروستبوونی سیستەمی تەکنۆکراتی و پەیدابوونی باڵادەستی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکات وەک ئایدیۆلۆژیا و لەپێناو جۆرێک سیاسەتی نوێدا کە هەم ئەرکە

تەکنیکییەکانی لە خۆ گرتبێت و هەم چوارچێوەی دامەزراوەیی. هابرماس، بە پشت بەستن بە مارکۆزە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن لە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوودا ململانێی چینایەتی پاشەکشە دەکات، و بەهۆی پەیڕەویکردن لە سیاسەتی وەلانانی ململانێ، شوێنی خۆی بۆ ململانێگەلێکی دیکە چۆڵ دەکات. ململانێیەک لەجیاتی ئـەوەی لەنێوان چینە پێک ناکۆکەکاندا بێت، لەنێوان گروپەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداری و عەسکەری و گروپە فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگەدا دەبن. لەم دۆخەدا نە گروپەکانی دەسەڵات چینێکی یەکگرتوو دەنوێنن و نە گروپە پەراوێزنشینەکان، ئەوەی لە پشتی ئەم ململانێیەوە ئیش دەکات بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بە مانایەکی تر نا هەوسەنگی نێوان دەزگای عەسکەری و بەرهەمهێنی و ڕێکخستنی جیاوازی سیستەمی پەیوەندیگیری و تەندروستی و پەروەردە و ڕێکخستنی سیاسەتی باج و خەرجی و پەرەپێدانی شار و هەرێمەکان و نا هاوسەنگی دابەشکردنی خزمەتگوزاری. واتە بە قەولی هابرماس، ململانێ لەنێوان گروپە خاوەن جیاوکەکان و گروپە بێ بەشکراوەکاندا. ئەم گروپانە لە جیاتی ئەوەی چینێکی ئابووریی کۆمەڵایەتی بنوێنن، گروپگەلێکی پەرتەوازە و پەرژوبڵاون .

گۆڕان لە جەمسەرەکانی ململانێ و جۆری ململانێدا هاوزەمەنە لەگەڵ گۆڕان لە چەمکێکی تری مارکسیدا، ئەویش ئایدیۆلۆژیایە. ئایدیۆلۆژیای نوێ کە خۆی لە ئاگایی تەکنۆکراتیدا دەبینێتەوە، ئیدی وەک ئایدیۆلۆژیای کۆن، نوێنەرەوەی بەرژەوەندییەکانی باڵادەسیی یەک چین نییە، بەڵکو لەگەڵ بەرژەوەندی گروپە ئازایخوازەکانیشدا تەریب دەبێتەوە. ئەمەش لەڕێگەی پاراستنی سیستەمە گشتییەکە، و شێوەی سیاسی بۆ قەرەبووکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕاکێشانی ئینتیما و وەلای جەماوەر و لێرەشەوە ئایدیۆلۆژیای نوێ سیفەتی سیاسی لەو گروپانە دادەماڵێت و ڕێکخستنی ژیانی هاوبەشیان هەڵدەوەشێنێتەوە. باشتر بڵێین حاڵەتی لە سیاسیخستنی گروپەکانی جەماوەر لەڕێگەی هۆشیاری تەکنۆکراتییەوە. لەمەش زیاتر ئاگایی تەکنۆکراتی زەمینەی شاردنەوەی بەرژەوەندی کرداری لەپشت فراوانبوونی هێزی تەحەکومی تەکنیکییەوە، ساز دەکات. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، زانست و تەکنیک خۆیان دەبنە ئایدیۆلۆژیای ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئایدیۆلۆژیای

بۆرژوازیی کۆن و لەناوچوو، ئەمەش لەشێوەی هۆشیاریی گشتیی پۆزەتیڤیدا وەک ئەوەی هۆشیاری تەکنۆکراتییە.

هابرماس لە کۆتایی وتارەکەیدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکات، کە کەش و هەوای گەشبینیی مارکۆزەی بەسەردا زاڵە. گرنگترینیان ئەوەیە کە «عەقڵانییەت لە ئاستی چوارچێوەی دامەزراوەییدا بەدیدێت، لە ئامرازی کارلێکی نێوزمانی و بەرپاکردنی گفتوگۆیەکی گشتی بێ سنوور و خاڵی لە هەر جۆرە باڵادەستییەک لەبارەی ئەوەی کە گونجاوە و شیاوی ئاوانخواستنە بۆ بناغە و پێوەرەکانی ئاراستەکردنی کردە... پەیوەندیگیرییەکی لەم جۆرە لەسەر هەموو ئاستەکان و پرۆسەکانی دروستکردن و دروستکردنەوەی ئیرادەی سیاسی، تاکە ڕێگایەکە بۆ شیاوێتی (عەقڵانییەت)» (زانست و تەکنیک...، ل. 90).

خاڵێکی تر کە هابرماس ئاماژەی پێدەدات، دووبارە بە سیاسیکردنەوەی جەماوەرە، کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەوتوودا لە سیاسیخراوە بۆ پرسیار نەکردن لە ئایدیۆلۆژیای پشت تەکنۆکراتیەت. بۆیە ئەو پێیوایە لە ناوچەی نوێی ململانێدا تاکە ئەگەرێک کە بۆ سەرپێچی هەبێت لەنێو گروپە سنووردارەکانی قوتابیان و خوێندکاراندایە.

### 3- ڕیزبەندی زانین و بە گوتاربوونی بەرژەوەندی

هابرماس لە کتێبی «زانین و بەرژەوەندی»ـدا ئەو خەرەندەی کە لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا هەڵکەنراوە پڕدەکاتەوە، و ئەو دیوارانەی لە نێوانیاندا دروستکراوە، دەڕوخێنێت. لای ئەو ڕەخنە یەکێتی نێوان زانین و بەرژەوەندییە.

هابرماس لە وتارێکیدا بە ناوی «زانین و بەرژەندی» 1968، ئەم دوو چەمکە لێکگرێدەداتەوە، و سێ جواری زانین لەبەرامبەر سێ جۆری بەرژەوەندیدا دەستنیشاندەکات، «زانستە شیکاری و ئەزموونییەکان «بەرژوەندی تەکنیکی» ، و زانستە هێرمینۆتیکی و مێژووییەکان «بەرژەوەندی پراکتیکی» و زانستە ڕەخنەییەکان «بەرژەوەندی ڕزگاریبەخش»، ئاراستەیان دەکەن . هەر لەو ساڵەدا لە کتێبێکی قەبەدا بە هەمان ناونیشان، بە دورودرێـژی و وردی ئەوەی لەو وتارەیدا باسی کردبوو، بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و سیستەماتیکی درێژە پێدەدات.

مەبەستی هابرماس لە «بەرژەوەندی» (واتە بەرژەوەندی مەعریفی) ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پەرە بە مەعریفە دەدەین، و وەدیهێنانی ئەو مەبەستە برییتیە لە بەرژەوەندیمان لە زانین دا، بەڵام ئەو بەرژەووەندییانەی هابرماس باسی لێوە کردوون، بەرژەوەندیگەلێکی هاوبەشن لەنێوان هەمووماندا .

بەرژەوەندییەکان کە بنچینە و پەرەپێدەری زانینەکانن، بە گشتی چاو لە یەک ئامانج دەبڕن: پاراستن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جۆری مرۆیی، نەک تەنها لەڕووی بایۆلۆژییەوە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتووریشەوە؛ هابرماس دەبێژێت: «من بەو ئاراستنگرتنە سەرەکییانە دەڵێم بەرژەوەندی کە پەیوەستە بە مەرجی دیاریکراوی سەرەکی بۆ دووبارە بەهەمهێنان و دروستکردنی سەبژێکتییانەی جـۆری مرۆیی، بە دیاریکراویش کار و کارلێک» (زانین و بەرژەوەندی، ل. 230). لای هابرماس ئەو ئاراستنە گرتنە نوێیانە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، مەبەست لە ئێرکردنی ئارەزووە ئەزموونییەکان نییە بە ، چونکە ئەمە گیرخواردنە لە ئاکە سنوورێکدا، کە مەعریفەی تەکنیکییە، و کێشەکانیش لە چوارچێوەیەکی مێتۆدۆلۆژیی توندوتۆڵی چەسپاودا دەردەکەون، بەڵکو مەبەست لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووریشە بۆ پارێزگاری لە ژیان، و شێوەی کولتووری بوون و «مەعریفە»ش تەنیا میکانیزمێکی ساردوسڕ نییە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ سروشت و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، کردەیەکی عەقڵیش نییە، بەڵکو ئێڕامانی دورونزیکە لە ژیان.

هابرماس لە ڕوانگەی کانتەوە ڕوونـی دەکاتەوە کە بەرژەوەندی ڕەزامەندبوونێکە دەمانبەستێتەوە بە وێناکردنی بوونی بابەتێک یان بوونی کردەیەکەوە، و بەرژەوەندی لەگەڵ پێویستی بە شتێک دێتە ئاراوە، یان خۆی پێویستبوون بە شتێک بەرهەم دەهێنێت. ئەمەش ئەو قەناعەتەمان لا دروستدەکات کە بەرژەوەندی، بەگشتی لە پەیوەندیدا بە توانای ئاواتخواستنەوە دیاریدەکرێت و دواجار پەیوەست دەبێت بە پراکتیکەوە . لەمەش زیاتر پەیوەندی نێوان زانین و بەرژەوەندی لە پەیوەندییەکانی ژیاندا بەرجەستە دەبن: پەیوەندییەکانی ژیان برییتیە لە پەیوەندییەکانی بەرژەوەندی، واتە پەیوەندییەکانی ژیان وەک کردەی

کۆمەڵایەتی، یان وەک ڕێکخستنێکی مەعریفی «بەرژەوەندییەک کە پارێزگاری لە ژیان دەکات، لەسەر ئاستی ئەنسرۆپۆلۆژی پێویستییە بۆ ژیانێکی ڕێکخراو لەمیانەی زانین و کردەوە،... بەرژەوەندی پەیوەستە بەو کردانەوە کە مەرجەکانی زانینی شیاو دەچەسپێنێن» (زانین و بەرژەوەندی، ل. 247).

بەرجەستەبوونی زانین و بەرژەوەندی لە ڕەخنەدا مەیسەر دەبێت، ڕەخنە ئاشنەوایی نێوان زانین و بەرژەوەندی بەرپا دەکات، و پۆزەتیڤیزم و زانستگەرایی و ئۆبژێکتیڤیزم ئیدەپەڕێنێت. لای هابرماس ڕەخنە واتە خود- ئێڕامان، یان ئێڕامان لە خود. بە بۆچوونی ئەو پۆزەتیڤیزم و زانستگەرایی ئێڕامانیان دوور خستوەتەوە، بۆیە هابرماس دەگەڕێتەوە بۆ لای کانت و فیختە بۆ دووبارە هێنانەوەی خود- ئێڕامان بۆ سەر خوانی باسکردن، وەلێ ئەو پێیوایە پەیوەستبوونێکی مێژوویی بە فەلسەفەی ئێڕامانەوە ناتوانێت ڕەهەندی خود- ئێڕامان دووبارە بسازێنێتەوە، بۆیە ئەو دەروونشیکاری وەک زانستێکی ڕەخنەیی بە نموونە وەردەگرێت و پرۆسەی خود- ئێڕامانی پێ ڕوون دەکاتەوە.

**1- زانستە شیکاری- ئەزموونییەکان و بەرژەوەندی تەکنیکی:**

ئـەم جـۆرە مەعریفە لەگەڵ سروشتدا مامەڵە دەكـات، بۆیە لە چوارچێوەیەکی ئیۆریدا کۆکراونەتەوە کە پێیان دووترێت (زانستە سروشتییەکان)، هەڵبەت بە سروشتی بایۆلۆژیی مرۆڤیشەوە بەندن، لەسەر تێبینیکردنی ئەزموونی و شرۆڤە کردن (شرح)، هەر بۆیە ئەم جۆرە زانینە زانینێکی پێشکەوتنخوازانەی سکپڕ بە کۆمەڵێک ئەگەرە.

لەم جۆرە زانینەدا بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو ئیۆرەکان بەسەر واقیعدا دەسەپێنرێن، ئێمەش ڕادەی سەرکەوتوویی و سەرنەکەوتوویی ئەم پرۆسەیە ئێبینیدەکەین و دەپێوین «ئیۆرە پەیوەستەکان بە زانستە ئەزموونییەکانەوە واقیع کەشف دەکەن لە نێو بەرژەوەندییەکدا کە پەیوەستە بە چەسپاندنی زانیارییانەی شیاوی کردەیەک کە مەحکومە بە سەرکەوتن» (زانست و تەکنیک وەک ئایدیۆلۆژیا، ل. 147)، ئەمەش واتە بەرژەوەندی زانین بۆ تەحەکومی تەکنیکیی شیاو، بۆیە بە بڕوای هابرماس لە ئەزمووندا گریمانەکان دەخرێنە مەحەکی تاقیکردنەوە،

و لە بوارەکانی پیشەسازی و بوارە تەکنیکییەکانی دیکەدا وەگەڕ دەخرێن، ئەم کردەیەش مەحکومە بە سەرکەوتن و تەریبهاتنەوەی لەگەڵ ئەو ئامانجەدا کە بۆی دانراوە. کەواتە ئەم جۆرە زانینە لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەناو چوارچێوەی کردەی ئامێریدا، سروشت دەخوێنێتەوە «شیکردنەوەی ئەزموونی، حەقیقەت لەنێو دیدگایەکی تەحەکومی تەکنیکی شیاودا کەشفدەکات، لەبارەی ڕەوتگیریی بە بابەتیکراوە سروشتییەکانەوە» ، کەواتە ئەو بەرژەوەندییەی کە ئەم زانستە ئاراستە دەکات، بریتییە لە بەرژەوەندی تەکنیکی.

زانستی ئەزموونی (زانستە سروشتییەکان) لە پەیوەندییەکی یەکلایەنەدا ڕاستەوخۆ ڕووە دەکەنە بابەتەکەیان کە سروشتە، و لە ڕێگەی کردەی ئامێرییەوە، مادەکانی سروشت دەگۆڕن لە مادەی خاوەوە بۆ ماددەیەک کە شیاوی بەکارهێنان بێت، عەقڵی ئامێری هەمیشە لەم دیدەوە تەماشای سروشت دەکات، بۆ نموونە عەقڵی ئامێری وا لە دارستانێک ناڕوانێک کە دەتوانێکی هەستێکی جوانناسی یان شکۆ لای مرۆڤ دروستبکات، یاخود وەک ڕاگرتنی هارمۆنیای ژینگە وماڵی بەختەوەریی ئـاژەڵان، بەڵکو وەک ماددەیەک بۆ گۆڕینی بۆ تەختە و دروستکردنی پێداویستییەکان، لەم ڕوانگەیەوە «لێکۆڵینەوەی ئەزموونی- شیکاری بەدواداچوونێکی سیستماتیکییە بۆ ڕەوتگیریی فێربوون کە لە پێش زانستدا، لە بازنەی ئەرکەکانی کردەی تەکنیکیدا، وەدی دێت» . بەم جۆرە زانستە سروشتییەکان شتەکان بە بابەت دەکات و تیۆر لە پراکتیک جیا دەکاتەوە، و ئینجا بەسەر واقیعدا پراکتیزەی دەکات.

لەم پرۆسەیەدا چاودێریکردن و تێبینیکردنن میکانیزمی ئەزموونکردنن، ئەم میکانیزمە سیستماتیکیانەش شێوەی ئامادەسازییەکی ئەزموونین (یان نیمچە ئەزمونین) و تۆمارکردنی سەرکەوتوویی پرۆسەکانی پێوانەکردن، ساز دەکەن، بەم جۆرە پێوانەی پراکتیزەی تیۆر بەسەر واقیعدا دەکرێت، و بایەخی ترانسێندنتاڵییانەی کردەی ئامێریش لە پرۆسەی گرێدانەوەی نێوان تیۆر و پراکتیک، دووپاتدەکرێتەوە. بەم جۆرە ئەوەی لە زانستە ئەزموونییەکاندا هەمانە کردەی ئامێرییە نەک پەیوەندیگیری، کارە نەک کارلێک.

پێشکەوتن و بەرەپێشچوونی ئەو زانستانە بەندن بە میتۆدەوە، میتۆدێکی

تونددوتۆڵ کە سەبژێکت دەتوێنێتەوە، و بانگەشەی بێلایەنی زانیندەکات، و ئەنجامەکانیش دیاریدەکات. بەم جۆرە هەر میتۆدێک لە بواری ئەم زانستانەدا هەڵگری جەبرەکانی خۆیەتی و هەمووان ناچار دەکات پێوەی پەیوەست بن، کەواتە میتۆد سیستەمی مەرجەعی دەنوێنێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونی. هابرماس لۆژیکی لێکۆڵینەوە لای چارلز پێرس لەم ڕوانگەیە، شی دەکاتەوە. لای پێرس ڕەوتگیریی لێکۆڵینەوە، وەک میتۆد، سیستەمی مەرجەعی لێکۆڵینەوەیە، و پەیوەندی میتۆدی شیاوێتی توانای پێداچوونەوەی هەر گوتەیەکی تاک و تەرا لە خۆ دەگرێت و وەڵامی بنجبڕی هەر کێشەیەکیش دەکاتەوە کە لە بواری زانستدا دەربکەوێت . بە دیوێکی تریشدا «ڕەوتگیریی لێکۆڵینەوە لە زانستە سروشتییەکاندا لە چوارچێوەیەکی ترانسێندنتالیی عەقڵی ئامێریدا ڕێکخراوە، چونکە سروشت بە ناچاری دەبێتە بابەتێکی مەعریفی لە نێو دیدگایەکی تەحەکومی تەکنیکی شیاودا» . ئەمەیە بەرژەوەندی تەکنیکیی زانین.

بەرژەوەندی تەکنیکی بەندە لەسەر پێداویستییە مادییەکان و کار، و بواری چاولێبڕدراوی زانستی ئیمپیریکی پێکدەهێنێت ، و لە بواری ژیانی ڕۆژانەدا بۆ خۆشگوزەرانی و کارئاسانی و دەستەمۆکردنی سروشت، ئەگەر چی ناتوانێت یاساکانی هەڵبوەشێنێتەوە، بەکار دەهێنرێت، هەر لە ئامێر و پێویستییەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانەوە، هەتا دەگاتە جوانکاری و جوانکاری لە بواری پزیشکی (کە ئێستا لە جیهاندا زیاد لە ڕادە مەسرەف دەکرێت) و دیکۆری ناوماڵ و...تاد.

لای هابرماس هەر بەرژەوەندییەک لە بواری مەعریفی خۆیدا بەهۆی بوارێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ جێبەجێکردن کە پێی دەوترێت (نێوانکار «یان میانەگیر، ناوەند» Media). بەرژەوەندی تەکنیکی، لە کاردا ڕەگی داکوتاوە و هەر لە میانەی کار و کردەشەوە گەشە دەسەنێت، بۆیە کار نێوانکارە بۆ گواستنەوەی بەرژەوەندی بۆ بواری مەعریفی ، و قۆستنەوەی تەکنیکی کلیلی پەیوەندی نێوان مەعریفەی ئەزموونی و بەرژەوەندیی تەکنیکییە.

هابرماس کاتیگۆریای (کار)، وەک گوتمان، بە وردی لا مارکس شیدەکاتەوە، کار وەک نێوانکارەی مرۆڤ و سروشت، وەک میانەگیری زانین و بەرژەوەندی. «کار» تەنیا لە ڕووی ئەنسرۆپۆلۆژییەوە کاتیگۆریایەکی سەرەکی

نییە، بەڵکو کاتیگۆرییەکە کە پەیوەستە بە تیۆری زانینیشەوە و خولقێنەری هەل و مەرجە ترانسێنتدالیەکانی بابەتەکانی ئەزموونکردنە، و مرۆڤیش لەنێو ئەم کاتیگۆرییەدا دروستکەری ئامێرەکانە بۆ گۆڕینی مادە، ئەم کارەش پێویستی بە زانیاری و داهێنان و دروستکردنی تەکنیکی نوێ هەیە، و پێویستی بە زانست و فێربوون هەیە، و مرۆڤ لەم ڕێگایەوە جەخت لەسەر خۆی دەکاتەوە و جۆری مرۆیی دەپارێزێت، و ڕەوتگیرییەکانی کار پێویستی سروشتین بۆ ژیانی مرۆڤ ؛ هەلومەرجەکانی کردەی ئامێریش لە پەرەسەندنی سروشتیی جۆری مرۆییەوە پەیدا بوون، هاوکات مەعریفەی ئێمە لەبارەی سروشتەوە چڕ دەبێتەوە لەسەر بەرژەوەندی تەحەکومی تەکنیکی شیاو، بە ڕەوتگیرییەکانی سروشتەوە .

کۆمەڵگەی مرۆیی بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆی بەرمەبنای بەرهەمە پیشەسازییەکان و بەرهەمە تەکنیکییەکان ڕێکخستووە، بەرهەمەکانی زانستە سروشتییەکان هاتوونەتە نێو ژیانی خەڵکییەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵی مرۆیی پەرە بەم بەرهەمانە دەدات و دەبێتە پاڵنەری پێشکەوتنی زانستە سروشتییەکان. بەم جۆرە بەرژەوەندی تەکنیکی دەبێتە ئاراستەکەری زانستە ئەزموونیەکان. ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە هێزی سروشتی دەرەکی، بەهۆی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکەوە دەبێت، کە دەشێت لە ڕووی تەکنیکییەوە بقۆزرێتەوە، بەوەش (زانستە ئەزموونی و سروشتییەکان) دەبنە هێزێکی ئامێری.

**2- انستە هێرمینۆتیکییە- مێژووییەکان و بەرژەوەندی پراکتیکی :**

جۆرێکی دیکەی زانست ئەو زانستانەن کە هابرماس بە زانستە ڕوحییەکان ناویان دەبات، و بە زۆریش پێیاندەوترێت زانستە مرۆییەکان، وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەندی ئەم زانستانە بە ژیانی مرۆڤ، و ڕەوتگیری کۆمەڵگە و کلتوری مرۆیی. پەیوەندییەکانی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری بواری ئەم زانستانە پێکدەهێنن، کە زانستە سروشتییەکان ناتوانێت ئاوتوێیان بکات، چونکە تەنیا ئەزموونی بێ دەنگ نین، بەڵکو پەیوەندییە کولتوورییەکان لەسەر ئاستی بەشداری سەبژێکتەکانیش دەگرێتەوە. بوار و بابەتی ئەم کۆمەڵە زانستە، بوارێکی

هاوبەشە، و ئەم بوارە هاوبەشەش ئەم زانستانەی لە بۆتەیەکدا کۆکردوەتەوە: مێژوو، ئابووری، مافناسی، سیاسەت، ئایناسی، هونەر، میوزیک، فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی...تاد. ئەوەیشی ئەم زانستانە لە زانستە سروشتییەکان (ئەزموونییەکان) جیا دەکاتەوە تەنیا بوار و بابەتەکانی نییە، بەڵکو دەبێت میتۆدی تایبەت بە خۆیشیان هەبێت، کە پۆزەتیڤیزم بەردەوام لە هەوڵی سەپاندنی میتۆدی خۆیدا بووە بە سەریاندا. ڤیلهێلم دیلتای هەوڵی لێک جیاکردنەوەی ئەم زانستانەی لە زانستە سروشتیەکان داوە و چەند هێڵێکی لە نێوانیاندا کێشاوە.

جێگیری و بەردەوامی دیاردە سروشتییەکان کە بە پێی یاسا نەگۆڕەکان دەڕۆن، کارێک دەکات لێکۆڵەر لە ئەزموونێکی پێوەرداریدا و بە بەکارهێنانی بیرکاری سەروکار لەگەڵیدا پەیدا بکات. لەم ئەزمونەدا سەبژێکت پەراوێز دەخرێت، کە ناتوانێت جگە لە تێبینیکردن و چاودێری دیاردەکان و سەرکەوتنی کارەکان و ئەنجامەکان هیچی تر بکات. لە زانستە مرۆییەکاندا ڕێژەی بە بابەتبوونی سەبژێکت لەو ئاستە کەمترە و خاوەن پێگەیەکی تایبەتییە لە میانەی ئەزموونێکی بێ کۆت و بەندەوە ، کە تەنیا لە سنووری تێبینیکردنی ئەزموونیی سیستەماتیکیدا گیری نەخواردووە، بەڵکو لە ئەزموونێکی زیندوودا کارلێک دەکات و بەشداریدەکات، واتە بەشداری لەگەڵ کۆمەڵە سەبژێکتێکی دیکەدا کە تێیدا تێگەیشتن دێتە ئاراوە، بۆیە بەشداریکردنی سەبژێکتەکان، لە زانستە هێرمینۆتیکی و مێژووییەکاندا (زانستە مرۆییەکان) سیستەمی مەرجەعی دەنوێنێت . کەواتە سەبژێکت بە تێگەیشتنی پێش وەخت و حوکمی سەرکەوتنی پرۆسەکانەوە ئەزموون ناکات، بەڵکو تێگەیشتن دەرهاویشتەی بەشداریی سەبژێکتەکانە لەگەڵ یەکتریدا، و لە پەیوەندییەکاندا. هابرماس ئاوا دەنوسێت: «لێکۆڵینەوەی هێرمینۆتیکی ڕەوتگیریی تێگەیشتن (و تێگەیشتنی سەبژێکتی) دێنێتە ئاراوە، کە بە شێوەیەکی میتۆدی لە ڕووی ڕەمزییەوە لە پێش زانستدا چەسپاون لە پەیوەندی کارلێکە نێوانکارەکاندا... لێرەدا بابەتەکە لە دەوری ڕاڤەکردنی زانینێکی پراکتیکی دەسوڕێتەوە» (زانین و بەرژەوەندی، ل. 225).

ڕەگەزی سەرەکی، یان نێوانکاری ئەم زانستانە بریتییە لە زمان. لە زانستە سروشتییەکاندا کۆی بەشەکانی تیۆرەکان زمانی زانستی پێکدەهێنن، و

ئامادەکراوەکان بەسەر سروشتدا دەسەپێنرێن، بەم جۆرەش زمان لە پێشەوە دێت، و ئەمەش ئەوە دەردەخـات، کە زمانی ئەم جۆرە زانستانە زمانێکی مۆنۆلۆژییە، کە هەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەوە، لە تیۆردا ئامادەکراوە، بەڵام زمان لە زانستە مرۆییەکاندا ڕەگەزە نازمانییەکانی پراکتیکی ژیانیش دەگرێتەوە، بەم جۆرە بەهۆی بەشداری و کارلێکی سەبژێکتەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا، بوار و زمانی زانستە مرۆییەکان لە قۆناغەکانی دواتردا دروستدەبن، بە مانایەکی تر نەک لەسەر ڕێسا ترانسێندنتاڵییەکان (وەک زانستە سروشتییەکان)، بەڵکو لەسەر ئاستی پەیوەندییە ترانسێنندنتاڵییەکان خۆیدا. بەم جۆرە تیۆر و ئەزموون (پراکتیک) یەک قۆناغن. لێرەوە کارلێک و پەیوەندییە زیندوەکانی نێوان سەبژێکتە بەشداربووەکان لە کۆمەڵەیەکدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕێگەی زمانەوە تێگەیشتن بێتە ئاراوە، پاشانیش ئەم تێگەیشتنانە لەنێو گفتوگۆ عەقڵانییەکەدا، بە خستنەڕووی بەڵگەکان، جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، لێرەشەوە حەقیقەت دروست دەبێت، حەقیقەت وەک کۆدەنگی (اجماع)ی بەشداربووەکان. حەقیقەت نەک وەک شتەکان و ڕووداوەکان، بەڵکو وەک پەیوەندی نێوان گووتەکان لە گفتوگۆیەکی عەقڵانیدا، و سەبژێکت، وەک بەشێک لە جیهانی کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆی، بەشداریدەکات لە بەرهەمهێنانی بابەتەکانی مەعریفەی خۆیدا . زمان پەیوەندیگیری دروستدەکات، زمان (وەک وشەکان و کردەکان و هەڵوێستەکان) زەمینەی هاوبەش و بەشداریکردنی سەبژێکتەکانە، و دروستبوونی شوناسیان لەسەر بنەمای ددانپێدانانی هاوبەش دەڕەخسێنێت. لە ڕووی لۆژیکییەوە، بەرمەبنای ئەوەی وترا، بەرژەوەندییەک کە لێرەدا دەردەکەوێت «بەرژەوەندی پراکتیکی»ـیە.

لە تێگەیشتنی پەیوەندیگیریی نێوان تاکەکان، یان نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە نێو چوارچێوەیەکدا، کە لە زمانەوە دەکەوێتەوە، بـەرژەوەنـدی پراکتیکی Practical Interest دێتە گـۆڕی، کە مەعریفەی هێرمینۆتیکی- مێژوویی ئاراستە دەکات . بایەخی «بەرژەوەندی پراکتیکی» بەندە لەسەر کارلێکی نێوان سەبژێکتەکان، واتە بەندە لەسەر پەیوەندییە زیندووەکانی ژیان و لێکدانەوەی کردارەکانمان بەرامبەر یەکتری، و ڕێگەی تێگەیشتنمان لە یەکتری، و ئەو ڕێگایانەی کە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەهۆیانەوە کارلێک

لەگەڵ یەکتر دەکەین . بەم جۆرە هێرمینۆتیک بایەخ بە تێگەیشتنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا دەداتێ، لە پەیوەندیدا بە کردەکانیانەوە، و لێرەشەوە کردەکان بەرمەبنای ئاگایی ئاکەکانە و لە چواچێوەی پەیوەندیدا دەکەونەوە... وەلێ لە هەر چرکەساتێکدا ڕاڤەکردنی ئەم دۆخە لە بەردەم بەدحاڵیبوون و هەڵە تێگەیشتندایە، وەک دێلتای باسی دەکاتێ، لەمەشەوە ئاڵۆزی و لێڵی و فێڵ و خەڵەتاندنیش ڕوودەداتێ.. بۆیە غەمی هابرماس ڕەواندنەوەی ئەم ئاڵۆزی و فێڵ و خەڵاتاندنانەیە، ئەم کارەش تەنیا ڕەخنە وەک خود- تێڕامان دەتوانێتێ بیکاتێ و نموونەی ئەمەش دەروونشیکارییە.

لای هابرماس «کردە»، لە بواری پەیوەندیگیریدا، جەختکردنەوە و پشتێ ئەستوورکردنی ئەزموونەکانە، وەک وتمان ئەزموون لە زانستە مرۆییەکاندا دوای تیۆر نەکەوتوەتەوە، بەڵکو ئەزموونی زیندووە، پراکسیسەکانی ژیانیش ئەزموونگەلێک بەدەستدێنن کە دەگەڕێنەوە بۆ کردەکان و ئاڵوگۆڕ دەکرێن لەنێوان بەشداربوواندا، جەختکردنەوەی پشتێ ئەستوورکردنی ئەم ئەزموونانە خودی کردەکانن، بۆیە دەرککردنێک ڕووناداتێ تەنیا ئەو کاتە نەبێتێ کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە دانی پێدا بنرێتێ و شیاوی ئاڵوگۆڕکردن بێتێ، لێرەشەوە سیمای نیمچە ئۆبژێکتیڤیزمێک دەردەکەوێتەوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر لەوەی کە لە میتۆدۆلۆژیای زانستە سروشتییەکاندا هەیە. ]ئەم باسە ڕاماندەکێشێتە نێو باسکردن لە حەقیقەتێ و واقیع لای هابرماس، ئەم وتارەش جێی ئەوە نییە، بۆیە زیاتری لەبارەوە ناڵێین[.

کەواتە پەیوەندی بەرژەوەندی و مەعریفە تەنیا لە سنووری «کار»دا نییە وەک بەرهەمهێنانەوەی جۆری بایۆلۆژی، بەڵکو لە بەرهەمهێنانەوەی جۆری مرۆییدایە وەک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووری، و لە پەیوەندی ئەو دوو چەمکە باش تێناگەین تا نەگەڕێینەوە بۆ هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، تەنانەتێ لە کاری کۆمەڵایەتیشدا کارلێک، وەک پراکتیکی ژیـان، ڕەگەزێکی سەرەکییە، یان هاوشانی کارە و هەستێ و سۆز و خۆشەویستی و کینە و خیانەتێ و هاوسەرگیری و پەیوەندی ئاڵوگۆڕکاریی و... تێدا ڕوودەداتێ، لێرەشەوە پاراستنی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی و جۆری مرۆیی تەنیا لە ڕێگەی کارەوە نابێتێ، بەڵکو لە ڕێگەی شێوەی کولتووریی بوونیشەوە دەبێتێ.

### 3- زانسته ڕەخنەییەکان و بەرژەوەندی ڕزگارییەخش:

جۆری سێیەمی مەعریفە، لە دابەشکردنەکەی هابرماسدا، زانستە ڕەخنەییەکانن، وەکو تیۆری کۆمەڵگە و دەروونشیکاری و فەلسەفە و کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی، بەڵام سەرەکیترین و زەقترینیان دەروونشیکارییە.

لە ڕاستیدا کۆی کاری هابرماس لەبارەی زانین و بەرژەوەندییەوە، بۆ ئەجاوزکردنی جۆرەکانی دیکەی مەعریفەیە تا گەیشتن بە مەعریفەی ڕەخنەیی، نەک سڕینەوەی مەعریفەکانی تر و لەناوبردنیان، بەڵکو وەک دروستکردنی کەڵکەڵەی ڕەخنەیی لە خودی ئەو بوارە مەعریفییانەدا، واتە پەیڕەوکردنیان لە خود- تێڕامان. لەبەرئەوە دەتوانین زانستە ڕەخنەییەکان بە نوێنەرەوەی هزری هابرماس لە قەڵەم بدەین، باشتر بڵێین جێگای پەسەندی هابرماسن بەو جۆرەی کە خۆی ئیشیان تێدا دەکات و پەرەیان پێدەدا، بەم جۆرە هابرماس زانستی زانستەکان، واتە ڕەخنەی زانست لە خۆی، دادەمەزرێنێت، بۆیە لێرەدا کەمێک لەسەر ئەم جۆرەی سێیەمی زانین و بەرژەوەندی دەوەستین.

وەک پێشتر وتمان (ڕەخنە) لای هابرماس، یەکێتی نێوان زانین و بەرژەوەندییە، بە مانایەکی تر ئاشتکەرەوەی زانین و بەرژەوەندییە، کە لە زانستەکانی تردا بەرژەوەندی بە بیانووی بێلایەنی و بابەتگەراییەوە دوور خرابووەوە. ڕەخنە ئیشکردنە بە تێڕامان. لە زانستە ئەزموونییەکان، و تاڕادەیەک زانستە هێرمینۆتیکییەکانیشدا، کە دواجار دەکەونە ژێر کاریگەری پۆزەتیڤیزمەوە، ڕەوتگیریی لێکۆڵینەوە واتە میتۆد، جێی تێڕامان دەگرێتەوە، بۆیە ئەوەی لە ڕێگەی تێبینیکردن و بەشداریکردنەوە لەو زانستانەدا دەبینرێت لە سنوورە ڕوون و ئاشکراکان زیاتر تێناپەڕێت، کە لە ڕێگەی سیستەمێکی توندوتۆڵەوە بۆ ئاگایی دەردەکەون، لێرەوە مەعریفە دەبێتە مەعریفەیەکی پاسیڤ کە لە وەرگرتنی ئەزموونەکیەوە دروست بووە، و توانای دەربڕینی ناڕەزایی نییە، بە مانایەکی تر، توانای ڕەخنەی نییە.

لای هابرماس، ڕەخنە واتە خود- تێڕامان. دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە خود- تێڕامان لە هزری ئەودا، بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی زانین و بەرژەوەندی، چەمکێکی سەنتەرییە، و پێشتر ئاماژەیەکمان پێدا و ئێستاش هەوڵدەدەین زیاتر

ڕوونی بکەینەوە.

«خود- ئێرامان self reflective» لە واتای یەکەمیدا، واتە ئێرامان لە خود، ئێرامانی سەبژێکت لە خۆی، وەرگێڕانی سەرنج لەسەر شتەکان و دەرەوە بەرەو خود و ناوەوە و پەیوەندییەکان، ئەمەش بۆ بینینی بەشە نەبینراو و نادیار و شێوێنراوەکانی سەبژێکت یان دەق. سەبژێکت، یان دەق، تەنیا بەشە دیارەکانی خۆی نییە، تەنیا ئەو مێژووە نییە کە لە یادەوەریدا دەردەکەوێتەوە، تەنیا فێربوونەکان و تێگەیشتنەکان نییە لە سنووری عەقڵی تەکنیکی و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو سنوورە نادیار و ناوچە نەبینراو و مێژووە لەبیرکراو و یادەوەرییە فەرامۆشکراو و خولیا چەپێنراو و خەونە ئاڵۆزەکانی خۆیشیەتی. ئێرامان لە خود تەنیا سەرنج ناخاتە سەر ناوچەکانی ئاگایی، بەڵکو پارچە وەلانراوەکان لە نائاگاییدا کەشف دەکات، و دەیهێنێتەوە سنووری ئاگایی. خود- ئێرامان هەرگیز بە مانای «فەلسەفەی ئاگایی» وەک دەرککردنی خودێکی بیرکەرەوەی بە ئاگا لە خۆی، نییە، کە تەمی گومان لەسەری ڕەویوەتەوە و ڕوون و ئاشکرا بۆ خود دەرکەوتووە، و لێرەشەوە بۆتە خودێکی بیرکەرەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خود- ئێرامان خود دەگەڕێنێتەوە ئەو شوێنانەی کە ئاڵۆز و تەڵخ و لێڵن، بەڵام چالاکییان، دەبنە هۆی شپرزەیی و ڕەفتاری نەویستراو، ئەو شوێنانەی کە لە سووچ و کەلەبەرەکاندا حەشاردراون و ڕێیان پێنەدراوە بە ئازادی گوزارشت لە خۆیان بکەن، ئەو ویستانەی بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ڕێسا کۆمەڵایەتییەکاندا نەهاتوونەتەوە قەبووڵنەکراون، و بەهۆی چاودێرییەوە هەرگیز ڕێیان نەدراوە وەک خۆیان بێنە دەرێ و مومارەسە بکرێن، بەڵکو گەڕێنراونەتەوە ناوەوە و لە نائاگاییدا کۆکراونەتەوە: «خود- ئێرامان لە یەک کاتدا هەم حەدسە و هەم ڕزگاربوون، ڕوئیا و هەڵوەشانەوەی پاشکۆیەتی دۆگماتیزم لە یەک کاتدا» (زانین و بەرژەوەندی، ل. 244).

خود لەم پرۆسەیدا سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت و پێویستی بەوە نییە شتەکان مانا بە بوونی بدەن، بەڵکو خودی خۆی دروست دەکاتەوە. هابرماس چەمکی «خود- ئێرامان»ی لە فیختە وەرگرتووە، و دەبێژێت: «ئەم چەمکە کە فیشتە بەکاری هێناوە وەک ئەوەی عەقڵێکی گەڕاوەیە بۆ خودی خۆی، بەلای

کاتیگۆرییای بەرژەوەندییەوە کە زانین ئاراستە دەکات، گرنگییەکی سیستماتیکی هەیە. لەم ئاستەدا بەرژەوەندی پێش زانین دەکەوێت، وەک چۆن بە هێزی زانینەکەوەیە کە خۆی وەدی دێنێت». بۆیە خود- ئێڕامان، لای هابرماس، وەک بەشێکی جیابووەوە لە من سەیری خود ناکات، واتە وەک منێکی تر، بەڵکو وەک بەشێک لە خود لە بەشە داپۆشراو و دوورخراوەکانی خۆی دەڕوانێت، ئەمەش واتە خود- ئێڕامان خود لە پاشکەوتەیی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیکاتە هێزێکی بە ئیرادە بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتەکان و هەژموونەکان، بۆیە خود- ئێڕامان لەلایەن بەرژەوەندی مەعریفەی ڕزگارییبەخشەوە دیاریدەکرێت . دەرەنجامی ئەمە ڕزگاربوونە لە دەست ئارمانییەکانی خود و هەژموونە دەرەکییەکان و دەرکەوتنی پنتە نادیارەکان و ڕەوینەوەی تەمی ئارەزووە چەپێنراوەکانە.

کەواتە بەرژەوەندی ڕزگارییبەخش emancipator interest لە پشتی ئەم جۆرە مەعریفەیەوەیە و «بەندە لەسەر ئەو کردە و گووتە شێوێنراوانەی کە لە مومارەسەی هێزەوە کەوتوونەتەوە، و بواری مەعریفەی خود- ئێڕامان پێک دەهێنن» . ئەو ناوەندەشی کە ئەم بەرژەوەندییە لێیەوە گەشە دەکات (هێز)ە، هێز وەک میکانیزمی سەرکەوتکردن و شێواندن. کاتێک لە ئێڕامانی سەبژێکت لە خۆی زانین و بەرژەوەندی دەبن بە یەک، مانای زانینی ڕەگەزەکانی شێواندنی خود لە کارلێک و گفتوگۆدا، و بواری ئازادییان لە خود بەرتەسک کردوەتەوە و چەپاندن جێگای گرتوەتەوە، زانینی ئەمە هاوکات ئازادبوون و خۆ قوتارکردنە لەم ڕەگەزانە و کەشفکردنەوەی خودییە، لە ئێڕامانی ڕەخنەییدا .

ئەم بەرژەوەندییەش، دیسان پەیوەستە بە زمانەوە، بەڵام هەوڵدەدات کارلێک و پەیوەندیگیری لەو ڕەگەزانە پاکبکاتەوە کە دەیشێوێنن. ئەم جۆرە بەژەوەندییە بوەتە هۆی سەرهەڵدانی زانستە ڕەخنەییەکانی وەک دەروونشیکاری، کە هابرماس دەیکاتە نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زانستانە و خود- ئێڕامان . دەروونشیکاری، لای هابرماس، نموونەی زانستی ڕەخنەیی و خود- ئێڕامانییە.

بە ڕای هابرماس زانستە سروشتییەکان نەیانتوانیوە تەجاوزی تێگەیشتنی خودیی زانستی بکەن، واتە باوەڕی زانست بە خۆی، زانستە مرۆییەکانیش نەیانتوانیوە بە بابەتکردنی خود و تێگەیشتنی دەرەکی تێبپەڕێنن، تەنیا زانستە

ڕەخنەییەکانی وەکو دەروونشیکارییە ئونیوەئی بگاتە خود- ئێڕامان، بۆیە زانستە سروشتییەکان لە ئێگەیشتنی خودی و زانستە مرۆییەکان لە بەبابەئکردنی خودیدا گیریان خواردووە، بۆئەوەی ئەم دۆخە ئێبپەڕێنن، دەبێت پەیڕەوی لە ئێڕامانی خودی بکەن و دەرک بە چەپێنەرەکانی خۆیان بکەن و ئەو ناوچانە ببیننەوە کە لە ڕەوئگیریی خۆیان دووریان خستوونەئەوە «ئێمە ئەنیا دوای ئەوەی بە کردەیی دەچینە نێو ڕەهەندی ئێڕامانی خودییەوە، دەئوانین میئۆدییانە لەو بەرژەوەندییانە دڵنیا بین کە لە بوارەکانی زانستە سروشتی و زانستە ڕوحیەکاندا مەعریفە ئاراستە دەکەن» (زانین و بەرژەوەندی، ل248).

هابرماس دەڵێت دەروونشیکاری ئاکە نموونەی ڕۆشنمانە بۆ خود- ئێڕامان، ئـەوەش بۆ دەسڕاگەیشتن بەو ڕەهەندانەی کە زانستەکانی دیکە فەرامۆشیانکردووە. کۆی دەروونشیکاری ئیشکردنە لەسەر ئەم فەرامۆشکراو و چەپێنراوانە: «ڕاڤەی پەیوەست بە دەروونشیکارییەوە ڕووناکاتە ئەو پەیوەندییانەی مانا کە بە شێوەیەکی هۆشیارانە مەبەست بوون... بەڵکو ڕوودەکاتە کەموکورتی و شێواندنەکان».

زمان لە دەروونشیکاریدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەو زمانە نییە کە لەنێوان کۆمەڵە لێکۆڵەرێکدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، یان لە گفتوگۆیەکی هاوبەشدا کۆمەڵە کەسانێک، بێ ڕەهەندی خود ئێڕامان، پەیڕەوی لێدەکەن، واتە ئەنیا زمانی وشەکان نییە، بەڵکو زمانی جوڵە و گوزارشتەکانی دیکەشە (ئەئەڵەکردنی زمان، دەست بەیەکداهائن، خەون...ئاد)، کە زۆر جار سەرە داوەکانی شێواندن و چەپاندن دەدەنە دەستەوە. ئەوەی فرۆید لە دەرونشیکاریدا دایدەنێت، لە دیدی هابرماسەوە، ڕێساکانی دەرەوە و زمان، ڕێساکانی ناو خودییان دروستکردووە و هێڵی حەرامەکان و دەسەڵائی چاودێریکردنیان لە خوددا کێشاوە، و بەم جۆرەیش خود بەبەردەوامی خۆی دەخەڵەئێنێت، و ڕێگری لەوە دەکات کە لە ناخیدا پاڵی پێوە دەنێت بۆ دەرەوە، ئا وای لێدێت ئەم دەسەڵائە نائاگایانە مومارەسە دەکرێت.

خەون لە دەروونشیکاریدا بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ ئێگەیشتن لە دەروونی کەسەکان، و دواجار ئێگەیشتنی خەونبین خۆی، بۆیە فرۆید وەک

نموونەیەکی سروشتی هەڵچوونە نەخۆشییەکان لە خەون تێدەگات کە تێیدا کەشفی واتای شێوێنراو دەکات . ئەوەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ڕاڤەکردنی خەونەکانە کە جیاوازە لە هێرمینۆتیک، و دەبێت خەونشیکار هەمیشە واتای پشت خەونەکان لەبەرچاو بگرێت و بزانێت خەونەکە گوزارشتی لە چی کردووە. واتە خەون دەیەوێت شتێک بڵێت جگە لەوەی کە لە دەقی خەونەکەدا وتراوە، ئەوەی گرنگە مانای پشت خەونەکەیە، چونکە خەون لە خۆیدا گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی و کەرەستەی لێک تێگەیشتن نییە. پاڵنەری خەون ئەو چاودێری و سەرکوتکردنانەن کە ڕۆژانە خود ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، فرۆید ناو لەم پاڵنەرە سەرکوتکراوانە دەنێت ئارەزووە نائاگاییەکان، کە لە بنچینەدا پاڵنەری ئاگامەندانە بوون و لە بەکارهێنانی زمانەوانیدا ئامادە بوون، بەڵام بەهۆی چاودێری و چەپاندنەوە دوورخراونەتەوە بۆ نائاگایی. لە کاتی خەوندا ئەم چاودێرییە کەم دەبێتەوە و پاڵنەرە چەپێنراوەکان لەڕێگەی خەونەوە، وەک زمانی ڕەمزی، دێنەوە دەرێ، بەم جۆرە خەون هاوسەنگکردنەوەیە لەنێوان چاودێرییە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لە خودیشدا چەسپاوە، و پاڵنەرە نائاگاییەکانی ئەو خودە کە دوورخراونەتەوە . ئەم پرۆسەی چەپاندن و دوورخستنەوەیە ئەشێت هەر لە سەردەمی منداڵییەوە درێژەی کێشا بێت.

ئەرکی خەونشیکار لە کاتی ڕاڤەکردندا کارێکی سەختە، چونکە لە پرۆسەکەدا ڕووبـەڕووی بەرگرییەکی توندی خەونبین دەبێتەوە، خەونشیکار دەیەوێت خەونبین بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پنت و ناوچانەی کە لەخۆیدا حەشاری داون، بۆ ئەوەی لێیان ڕزگاری ببێت، واتە هێنانەوەی نا ئاگایی بۆ بەر ڕووناکی ئاگایی، چونکە فرۆید پێی وایە ناکرێت نائاگایی بناسین ئەگەر نەیکەینەوە بە ئاگایی ، بەڵام لەم کارەیدا تووشی بەرگی دێت و تا بەرگری زیاتر بێت خەونشیکار کاتێکی زیاتری دەوێت تا کەسەکە بگەڕێنێتەوە سەر بەشە نەبینراوەکانی خۆی. بەرگری واتە «لەکارخستنی ئاگایی و دژی تێڕامان».

دەتوانین، ئەم پەیوەندییە، وەک هابرماس دەیکات، بەجۆرێکی دیکە دابڕێژینەوە، واتە لە پەیوەندی نێوان نەخۆش و پزیشک-دا.

هابرماس، دیدی فرۆید و ڕاڤەکانی ئەو شیدەکاتەوە و ئەوە ڕووندەکاتەوە

که ئەو جۆرە شێواندنانەی پێویستی بە پەیوەندیگیری نێوان پزیشک و نەخۆشە، نەک هاوبەشەکانی زمانێکی تایبەتی، ئینجا پزیشک تەنیا دەبێتە یارمەتیدەری نەخۆش بۆ سازدانی پەیوەندی لە تەک خۆیدا، لە تەک حەز و ئارەزوو و خواست و پاڵنەر و شەهوەتە یەخسیرکراوەکانی خۆیدا، یارمەتی نەخۆش دەدات فایلەکانی نائاگایی بهێنێتەوە ئاگایی، ئەمەش لە ڕێگەی تێڕامانەوە دەبێت کە بەرگرییەکان تێک دەشکێنێت. لێرەوە «شیکاری کۆمەڵێک دەرەنجامی چارەسەرکاریی هەیە بۆ تێپەڕاندنێکی ڕەخنەییانەی کۆسپەکانی ئاگایی و تێپەڕاندنی بەبابەتکردنە هەڵەکان پاڵدەنێت بەرەو دۆزینەوەی پارچە ونبووەکانی مێژووی ژیان... بۆیە مەعریفەی دەروونیشیکاری مەعریفەی خود- تێڕامانە» (زانین و بەرژوەندی، ل. 271). ئەمەش واتە مەعریفەیەک کە بەرژەوەندی ڕزگاریبەخش پاڵنەرییەتی.

**بە کورتی دەتوانین بڵێین:**

مرۆڤەکان پاڵنەر و غەریزەگەلێکیان هەیە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێنەدراوە بێنە ناو زمانی گشتی و وەک کردە بێنە نێو کردەی پەیوەندیگیریەوە، بۆیە لە بوارە گشتییەکە دوورخراونەتەوە، بەمەش نیشانەکانی نەخۆشی دەرکەوتوون، و نەخۆشەکەش لە بەشی ئاگایی خۆیەوە کە فرۆید بە (ئیگۆ) ناوی دەبات، ئەم سەرکوتکراوانەی گواستۆتە بۆ ناو نائاگایی، واتە چەپێنراون. بەڵام چرکەساتی دووەمی چەپاندن وروژانەوە و هاتنەدەرەوەیەتی، بۆیە بەهۆی سیستەمی چاودێرییەوە بەشێوەی ڕەمزی و خەون دێنەوە دەرێ، ئەمەش ئەو کاتەیە کە لە بەرگری (ئیگۆ) کەم دەبێتەوە. فرۆید (ئیگۆ) وەک ئاگایی یان وەک دەرکبردنی هەستەکی ، و (ئەو) وەک نا ئاگایی و شوێنی غەریزە و شەهوەت و پاڵنەر و چەپێنراوەکان ، و (سوپەر ئیگۆ) وەک دەسەڵاتی دایک و باوک ڕێساکانی کۆمەڵگە و کلتور، کە سیستەمەکانی چاودێری لە دەرەوە و ناوەوەی (ئیگۆ) دروستدەکات، وەسفدەکات، بەم جۆرە ئیگۆ فەرمانبەرداری سوپەر ئیگۆیە، بەڵام بەشی خوارەوەی (ئیگۆ) لەگەڵ (ئەو)دا لە پەیوەندیدایە، و (ئەو) دوورە لە جیهانی دەرەوە، و تەنیا بەهۆی (ئیگۆ)وە هەستی پێدەکات . یان وەک فرۆید دەڵێ (ئیگۆ) جڵەوگیری

(ئەو) دەکاتْ . پاڵنەر و غەریزەکان لە (ئەو)دا دەتوانن نا-ڕاستەوخۆ بێنەوە بۆ ناو (ئیگۆ).. نائاگایی و هاتنە دەرەوەی ڕەمزی چەپێنراوەکان و زمانی شپرزەیی، نەخۆش تووشی بێزاری دەکەن و بۆ چارەسەر پێویستی بە پزیشک دەبێتْ. پزیشک هاوکار و یارمەتیدەرە بۆ ڕزگاربوونی نەخۆش لە ئازارەکانی، ئەوەش لە ڕێگای ڕەخساندنی کەشێکی ئازادەوە بۆ نەخۆش، بەڵام نەخۆش لە ڕێگەی سیستەمی بەرگری (ئیگۆ)وە ئاسان خۆی ناداتْ بە دەستەوە، چونکە ئارەزوو و پاڵنەرەکانی لە پەیوەندیگیری گشتیی پچڕاوە و بەو جۆرەش پەیوەندی لەگەڵ ئەو بەشەی خۆیشیدا پچڕاوە، ئەمەش واتە دروستبوونی شپرزەیی و ئاڵۆزی لە پەیوەندیگیریدا، ئەمەش پێویستی بە شیکەرەوەیە، کە نەک نێوانکارەی بەشداریکەرانی زمانێکی ئاڵوگۆڕی نێوان چەند کەسێک بێتْ، بەڵکو نێوانکارەی سەبژێکتْ خۆی بێتْ. بەم جۆرەش ئەو پنتانەی نائاگایی دەبرێنەوە ئاگایی و لە ڕەونگیریی تێڕاماندا سۆراغی چارەسەر دەکرێتْ و کار دەکرێتْ بۆ لابردنی چەپێنراوەکان و هەوڵدەدرێتْ نەخۆش لە دۆخێکدا دوورخستنەوە و خۆ- خەڵەتاندن تێبپەڕێنێتْ. بەم جۆرە نەخۆش ڕزگاری دەبێتْ لە نیشانە و گووشار و ئازارەکانی و چارەسەر دەبێتْ، هەر ئەمەشە بەرژەوەندی ڕزگاریبەخشی مەعریفە.

هابرماس، تەنیا بەوەندە ناوەستێتْ، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییش بۆ فرۆید و بەدحاڵیبوونی ئەودیوی دەروونزانی دەکاتْ و پاشان ڕەخنەی لە نیچە دەگرێتْ وەک کورتکەرەوەی بەرژەوەندییەکانی زانین و لەنێوبردنی خود- تێڕامان بە خود- تێڕامان و گۆڕینی تیۆری مەعریفە بە تیۆری پێرسپێکتڤەکان .

بە دیدی هابرماس ئەوەی فرۆید هەوڵیدا بیکاتْ، دامەزراندنی دەرووشیکارییە وەک زانستێکی پۆزەتیڤی، و بەرمەبنای میتۆدی توندوتۆڵ، ڕاستە فرۆید بناغەکانی دەروونشیکاری وەک زانستێکی ڕزگاریبەخش داناوە، بەڵام هاوکاتْ وەک زانستێکی سروشتیش مامەڵەی لەگەڵ کردووە، بۆیە بە بڕوای هابرماس «خود- تێگەیشتنی دەروونشیکاری وەک زانستی سروشتی ئیش دەکاتْ بۆ دروستکردنی نموونەی سوود وەرگرتنی تەکنیکی لە زانیارییە

زانستییەکان» ، واتە دەروونزانی وەک زانستێکی پۆزەتیڤی.

فرۆید لە قۆناغێکی کاری خۆیدا هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی دەروونزانی وەک بەشێک لە فیزیۆلۆژیای مێشک «واتە ڕووداوە دەروونییەکان وەک حاڵەتگەلێکی بە چەندێتی دیاریکراو بۆ بەشە مادییەکانی». فرۆید سەرجەمی حاڵەتە دەروونییەکان بەپێی دابەشبوونی وزە و دەمار و میکانیکەکانی جەستە وەسفدەکات. هابرماس بەمە دەڵێت بەدحاڵیبوونی زانستیانەی ئەودیوی دەروونزانی. لەو قۆناغەدا فرۆید دەروونزانی بەرمەبنای فیزیۆلۆژیای دەماری دادەمەزرێنێت، واتە بینینی دەزگای دەروونی وەک ئامێر. لە قۆناغێکی دواتردا فرۆید لە تەکنیکی خەواندنی موگناتیسیش لای برۆیەر دووردەکەوێتەوە، ئینجا دەروونشیکاری وەک خود- ئێڕامان دادەمەزرێنێت لە ئاستی بەشداریکردنی نێوان دکتۆر و نەخۆش لەڕێگەی زمانی ئاڵوگۆڕەوە . بەڵام دواجار فرۆید سەرکەوتوو نابێت لە دەرککردنی تەواوی دەروونشیکاری لە دەرەوەی زانستێکی ئەزموونی توندوتۆڵ. ئەوەی کە فرۆید نەیکرد، هابرماس ئەنجامیدەدات. لای ئەم دامەزراندنی دەروونشیکاری، نەک وەک زانستێکی توندوتۆڵی میتۆدۆلۆژیی، بەڵکو وەک تێپەڕاندنی «میتۆدۆلۆژیای ئەزموونگەری و پۆزەتیڤی»، واتە وەک خود- تێڕامانی زانست، و خود- تێڕامانی نەخۆش بە بەشداری پزیشک کە لە زمانی ئاڵوگۆڕدا دروستدەبێت، و پارچە فەرامۆشکراو و دیمەنە ونبووەکانی مێژووی ژیانی نەخۆش، لە هەلومەرجێکی ئازاددا، دەگێڕدرێنەوە نێو ئاگایی.

هابرماس بۆ ئەوەی ئەم کارە بکات جیاوازی دەخاتە نێوان «تیۆرە گشتییەکان» و «ڕاڤە گشتییەکان»ـەوە. تیۆرە گشتییەکان وەک تەحەکومکردنی تەکنیکی بە ڕەوتگیری دروستکردنەوە، کە تێیدا ناچارکردن، لە ڕێگەی سەپاندنی تیۆرەکانەوە و تێبینیکردنی سەرکەوتووبوون و شکستهێنانی لە زەمینەی واقیعدا ڕوودەدات، و بابەت لە قاڵبدەدات. هەرچی ڕاڤە گشتییەکانە، ئەم ڕێو شوێنە تووندە تێدەپەڕێنێت و لە ڕەوتی دروستبووندا مانا وەردەگرێت، مانایەک کە نەویستراوە بەڵکو لە ئەزموونێکی تێڕامانیدا لە مێژووی ژیان قووتبوەتەوە، و ئاقیکردنەوە و بەدواداچوونیش هەر لەو ڕەوتەدا دەبێت،

واتە ئەشێت ئەو مانایەی لە لە پێشبینی بۆ «ڕاڤـەی گشتی»ـدا دانراوە ڕوونەدات، وەلێ ئەمە مانای شکستی تەواوەتی نەخشەکە نییە، بەڵکو ئەوەی لە ڕەوتی دروستبوونەکەدا دەستدەکەوێت، لە ناوەوەی پێشبینییەکاندا بێت و لە دەرەوەی بێت، بەشداری دەکات لە تەواوکردنی تابلۆی مێژووی ژیانی نەخۆشەکە و پڕکردنەوەی بۆشایی و جێگە بەتاڵەکانی ژیانی ڕابردووی، بەڵام نەک بەمانای تەریبکردنەوەی داهاتوو لەگەڵ «تیۆرە گشتییەکان»دا، بەڵکو لەڕێگەی لێگەڕان بۆ دەرکەوتن و پاشان جێکردنەوەی ئەوەی دەردەکەوێت لە ڕاڤە گشتییەکاندا، واتە پەیوەستکردنەوەی ڕاڤە گشتییەکان بە کۆنتێکستەوە «ڕاڤە گشتییەکان ڕێ بە شرۆڤەگەلێک نادەن لە دەرەوەی کۆنتێکست» (زانین و بەرژەوەندی، ل. 315).

دواخاڵ کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە هابرماس دەروونشیکاوری وەک تیۆری کۆمەڵگە پەسەند دەکات. کۆمەڵگە لە ڕێگەی هەژموون بۆ ئارەزوو غەریزەکانی تاک کۆمەڵێک پێوەر و ڕێسای دامەزراندووە، ئەمەش لە دەروونی تاکدا ئاوەژوو بوەتەوە، بۆیە لەمەوە ڕێگریی دەرەکی و ناوەکی دروستبوون، ئەمەش وا دەکات فرۆید چوارچێوەی دامەزراوەیی لە پەیوەندیدا بە سەرکوتکردنی هەڵچوونەکانی غەریزەوە دەبینێت. بەم جۆرە ژیانی مرۆیی توانیویەتی بەسەر مەرجە ئاژەڵییەکانی خۆیدا زاڵ بێت، لێرەشەوە کولتوور بنەماکانی ڕەفتاری ڕێپێدراوی داڕشتووە. لای فرۆید کولتوور لە ڕێگەی چەپاندنی ئارەزوو غەریزەکانەوە توانیوویەتی جۆری مرۆیی بپارێزێت و بەرهەمیبهێنێتەوە، بە پێچەوانەی مارکسەوە، کە پێیوابوو کۆمەڵگە لە ڕێگەی کارەوە هەوڵی پڕکردنەوەی پێدراویستییەکانی خۆی دەدات. بەم جۆرە ئەوەی لای مارکس ململانێی چینایەتییە لەسەر بەرهەمەکان و خاوەندارێتی، ململانێی غەریزە و پاڵنەرە چەپێنراوەکان و بەرگییەکانە لای فرۆید، واتە ململانێی غەریزەکانی تاک لەگەڵ ڕێگرییە دەرەکییەکانی کۆمەڵگە و ڕێگرییە ناوەکییەکانی خودی تاک بە هۆی سوپەر ئیگۆوە. لێرەوە پاراستنی خود (یان جۆر) تەنیا لە ڕێگەی کار و کارلێکەوە نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی سازشکردن و دەستبەرداربوون لە پاڵنەرەکانیش دەبێت، لەژێر هەلومەرجێکی پاسۆلۆژیدا.

لەم چرکەساتەدا زەرورەتی هاتنە ئارای خود- تێڕامان، بە یارمەتی پزیشک، سەرهەڵدەدات، وەک چارەسەرێکی شیکاری، کە لەیەک چرکەساتدا زانین و بەرژەوەندی لە خۆ دەگرێت، بەرژەوەندی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتەکانی سەرکوتکردن و چەپاندنی پاڵنەر و غەریزەکان، یان نیشانەکانی نەخۆشی. بەم جۆرەش ڕەخنە، لە پرۆسەی خود- تێڕاماندا، وەک تیۆری کۆمەڵگە، وەک یەکێتی نێوان زانین و بەرژەوەندی دەردەکەوێت.